# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٨)- (٢٧)ی ئاداری ٢٠٢٣

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بازنەی گفتوگۆ

ئینتیمای نیشتمانی.. پرس و گەنگەشە

# بۆچی ئینتیمای نیشتمانی ڕوو لە دابەزینە؟

دیموکراتیی ناهۆشمەند، بە سیاسیکردنی ئایین، قۆرخکاریی حزب، دابەشکردنی نیشتمان هۆکاری سەرەکین بۆ لاوازیی ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیان

هەتا حزبە کوردستانییەکان دەستبەرداری سەنگەرلێکگرتن نەبن ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیان هەر بە نزمی دەمێنێتەوە

سەرۆک بارزانی لە ڕیفراندۆمدا ئاستی ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیانی گەیاندە لووتکە






# کۆڕەوە ملیۆنەکەی خەڵکی کوردستان

**بڵاوکردنەوەی دیمەن و وێنە ناخەژێنەکانی کۆچی بەکۆمەڵی گەلی کورد کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕای گشتیی جیهان بەجێ هێشت.**

٥٩


دوای هێرشە بەر بڵاوەکانی هێزەکانی ڕژێم بۆ سەر کوردستان زۆربەی دانیشتووانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان ماڵوحاڵی خۆیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە سنوورەکانی تورکیا و ئێران کرد. ترس و نیگەرانیی خەڵک زیاتر لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو لەلایەن ڕژێمەوە، ئەوەش بووە هۆی لاوازبوونی گیانی خۆڕاگری و بەرگریکردن. خەڵکیش نەیاندەویست چیی تر لەژێر حوکمی بەعسدا بژین. تەنانەت بەر لە گەیشتنی هێزەکانی ڕژێم بۆ ناوەندی شارەکان، نزیکەی (٨٠٪)ی دانیشتووان شارەکانیان چۆڵ کردبوو و ڕوویان لە سنوورەکانی تورکیا و ئێران کردبوو، ئەو ڕووداوە پڕ لە تراژیدیایە، بە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کوردستان ناوبانگی دەرکرد.

کۆڕەوەکە، دەنگدانەوەیەکی گەورەی ئیعلامیی لەسەر ئاستی میدیاکانی جیهاندا بەدوای خۆیدا هێنا و، بوو بەهۆی بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پشتگیری لە گەلەکەمان. ژمارەیەک لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان و ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەردانی ناوچەکەیان کرد و دیمەنە دڵتەزێنەکانی گەلی کوردیان بینی و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرانەوە. بڵاوکردنەوەی دیمەن و وێنە ناخەژێنەکانی کۆچی بەکۆمەڵی گەلی کورد کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕای گشتیی جیهان بەجێ هێشت.










**لـەم چەنـد ڕۆژەی دواییـدا سـێ ڕۆمـان چاپكراون و لـە هـەر یەكەیان دانەیـەك گەیشـتۆتە گۆڤـاری گـوڵان. لێرەدا ناونیشـانی ئـەو ڕۆمانانـە و كورتەیـەك لـە ناوەڕۆكیـان دەخەینـە ڕوو:**

* ڕۆمانی (**قرچۆك**)ی یاسـاناس و ڕۆماننـووس پرۆفیسـۆر د. كەمـاڵ سـەعدی، ئـەم ڕۆمانـە سەرگوزەشـتە و بەسـەرهاتی ئـەو كەسـایەتییانە بەرجەسـتە دەكات كە بەڕاستی لەنێو كۆمەڵگـەی كوردەواریـدا بـە قرچـۆك ناسـراون و تەنانـەت ژیانیان بە شـێوەیەك بەسەر دەبەن كە هـەم خۆیـان و هـەم مـاڵ و منداڵیشـیان لـە تـام و چێـژی ژیـان بێ بـەش كـردووە، نموونـەی ئەمانـەش هـەر وەك ڕۆمانەكـە ئاماژەیـان پـێ دەكات، لەوانـە كەسایەتیی عومـەر قرچۆك، كە ڕۆماننـووس زۆر بەسـەرهاتی لەبارە دەگێڕێتـەوە كـە فەرمانبەرێكـی ڕەزیـل و چاوچنـۆك بـوو لـە پەلـەوەرگای هەولێـر بەڕێوەبـەری بەرهەمهێنـان و فرۆشـتنی هێلكـە و پەلـەوەڕ بـوو، بەسـەرهاتی وەرگرتنـی زەوی و خانووكـردن و گەشـت بـۆ گەلـی عەلـی بـەگ و كڕینـی تەلەفـۆن و گەشـت كـردن لەگـەڵ عومـەر قرچـۆك ... ئیـدی ڕووداوەكانـی بـەردەوام دەبـن.

* ڕۆمانـی دووەم (**فاتـە هەڵـۆ**) لـە نووسـینی ڕۆماننـووس(زرار سـەرتاش)، بەسـەرهات و ڕووداوگەلێكی كۆمەڵایەتییە نووسەر بە زمانێكی پاراو و دەستەواژەی سادەی كوردی نووسیویەتی، كاراكتـەرو پاڵەوانەكانـی ئـەم ڕۆمانـە بە زمانێكـی تـژی لـە هەسـتێكی واقیعبینیانـە جووڵـە دەكـەن و لـە(١٩) بەشـدا ڕووداوەكان بەرجەسـتە دەكـەن. شـایانی باسـە ئـەم ڕۆمانـە(١٣٦) لاپـەڕە لەخۆدەگرێت و لـە چاپخانـەی حەمـدی لـە شـاری سـلێمانی چاپكـراوە.

* ڕۆمانـی سـێیەم (**زمانبڕیـن**) كـە ڕۆماننووس(فەرزیـن كەریـم) نووسـیویەتی و نەخشـەی نـاوەڕۆك و بـەرگ لەلایـەن هاوكارمان(شـاخەوان جەعفـەر) ئەنجـام دراوە، لـە پێشـەكیدا نووسـەر دەڵێت: پێشكەشـە بـەو كەسانەی لاڵـن، لـێ ویسـتی خۆیـان دەڵێـن، لـە پەرەگرافێكدا ئەمـەی نووسـیوە:( دوای ئـەوەی لەسـەر ئاخافتـن بە زمانـی دایك، چەند جار زیندانـی كرا و تـەڤ كەرەتێـك بـە پـارەش سزادرا، مەردانـی باوكـی لـە دانیشـتنێكدا دیسـان بـە كـوردی دوا بـوو، بۆیـە شـەوێك هەڵیـان كوتایـە سـەر ئەشـكەوتەكەی و بـە تۆبزی بردیانـە دەرەوە.....) ئـەو كارەی فەرزیـن كەریـم ئەزموونێكـی نوێیـە لـە نووسـینی ڕۆمانـدا كـە بـە زمانێكـی پـاك و سـادە و شـێوەزارگەلی كوردی دایڕشتووە و هەندێ ڕستەی توركیشی لـە ڕووداوەكان هێناوەتـەوە، دیسـان واتـای وشەكانیشـی بـە توركـی و هاوواتـای كـوردی نووسـیووەتەوە. دەستخۆشـی لـە هـەر سێ ڕۆماننـووس دەكەیـن.. بـە هیـوای بەرهەمـی زیاتـر.

مونا قەهوەچی :



هەوڵ و کۆششەکان بۆ ئەوەیە ئەمساڵ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت

دکتۆر ئەمیر سەلیم :



کردنەوەی هەژماری من و بەکارهێنانی ڤیزاکارت و بەدیجیتاڵیکردنی بانکەکان گرنگیی خۆیان بۆ گەیشتن بە کاروانی پێشکەوتنی وڵاتان هەیە

دکتۆر گۆڤەند شێروانی




یاسای نەوت و گازی فیدراڵی گرێ کوێرەکان دەکاتەوە

د.بێوار خنسی



کێمبونا ئاڤێ ل عێراقا فیدرال

پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل :



ڕێککەوتنی ئێران و سعودیە ئاماژەیە بە هێزی نەرمی چین




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی


بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


Web: www.gulanmedia.com

## لەباربردنی کۆرپەلە لە ڕوانگەی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت



مەحسومە ئەحمەد :

## ئەگەر هەر ماڵێک، یان شوێنێک، ئامێرێکی ئاگرکوژێنەوەی لابێت، دەتوانێت لە کاتی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە کۆنترۆڵی بکات



## وریابە لە زیادخواردنی شیرینی لە مانگی ڕەمەزاندا!



## کامێرای چاودێری و ئامێری ئاگادارکردنەوە



مەستان عومەر :

## خانەوادەکەم تا رادەیەکی زۆر هاوکارم بوون



## دەروازەی خەونەکان لە فێستیڤاڵی فیلمی بەرلین





# مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و پەیامەکانی بۆ موسڵمانان و مرۆڤایەتی

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان. لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا گەلی کوردی موسڵمان ڕێز و خوداپەرستییەکی زۆر دەکەن و بە جوانترین شێوە ئەم ڕوکنەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام جێبەجێ دەکەن، بەڕۆژوبوون و خوداپەرستی وێرای ئەوەی واجبێکی سەرشانی موسڵمانانە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٨٣) أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ)، هاوکات نزا و خێر و زەکات و بەسەرکردنەوەی نەخۆش و کەمدەرامەتەکانیش واجبێکی دیکەی موسڵمانانە. گەلی کورد لەم مانگە پیرۆزەدا زۆرترین خێر و بەسەرکردنەوە و خۆشەویستی ئاراستەی یەکتر دەکەن و، بۆنەیەکی باشی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن و دەستبەرداری هەموو هەڵە و کەموکورتییەکیش دەبن، خۆیان زیاتر لەسەر کەلتووری لێبووردەیی و خۆشەویستی و پێکەوەژیان ڕادەهێنن، دەوڵەمەند و هەژاران زیاتر لە یەکتری نزیك دەبنەوە و هاوکاریی یەکتر دەکەن، چونکە بەسەرکردنەوەی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە، جگە لەوەی واجبێکی سەرشانی دەوڵەمەندەکانە، هاوکات سیلەی ڕەحم و بەزەیی و خۆشەویستی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار دروست دەکات. ئەم مانگە پیرۆزە کە موسڵمانان خوداپەرستیی تێدا زیاد دەکەن و نوێژ و تەراویح و ڕۆژووبوونی تێدا ئەنجام دەدەن، بۆ ئێمەی موسڵمانان و گەلی کورد چەند پەیامێکیش لەخۆ دەگرێت:

- مانگی ڕەمەزان مانگی ئاسوودەبوونی دەروونەکان و نزیکبوونەوەی سۆز و بەزەیی موسڵمانانە لەگەڵ یەکتر.
- لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا دەوڵەمەندەکان هاوکاریی هەژارەکان دەکەن و سیلەی ڕەحم و خۆشەویستی لەگەڵ یەکتر دروست دەکەن.
- لەم مانگە پیرۆزەی ڕەمەزاندا دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی هەموان بە تاك و خێزان و چین و توێژەکان و لایەنە سیاسییەکان، بەخۆیاندا بچنەوە و زۆرترین ئاشتی و موحەبەت پێشکەشی یەکتر بکەن و، دەستبەرداری هەموو کێبڕکێیەکی دوور لە خوو و ڕەوشتی موسڵمانان و کوردایەتی ببن.
- لە ڕووی تەندروستییەوە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان کە موسڵمانان بەڕۆژوو دەبن، سوودێکی تەندروستیی باشی تێدایە و پزیشکەکان و زانست ئەم ڕاستییەیان سەلماندووە، لەمەشدا ڕەچاوی هەندێك نەخۆشیی تایبەتی و ئافرەتی دووگیان و کەسانی کەم توانا و ئەوەی لەسەر سەفەرە، کراوە.
- لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا زیادە مەسرەفی نابێت بکرێت و، نابێت بەرچاوتەنگی

**بەسەرکردنەوەی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە، جگە لەوەی واجبێکی سەرشانی دەوڵەمەندەکانە، هاوکات سیرەی ڕەحم و بەزەیی و خۆشەویستی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار دروست دەکات**

**مانگی ڕەمەزان مانگی ئاسوودەبوونی دەروونەکان و نزیکبوونەوەی سۆز و بەزەیی موسڵمانانە لەگەڵ یەکتر**



## مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی

جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام

بۆ گوڵانی نووسیوە

وامان لێ بکات لەسەر سفرەی خوان ئازاری گەدە و تەندروستیی خۆمان بدەین، کەمکردنەوەی زیادە مەسرەفی و بەهەدەردانی ئەو سامان و پێداویستی و خزمەتگوزارییەی لە بەردەستمانە، لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا خودای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەرەکەی (د.خ) بیرمان دەخاتەوە.

● لەم مانگەدا موسڵمانان دەبێت ئاگاداری ڕەوشت و هەڵسوکەوت و زمان و ویژدانیان بن، پێغەمبەرمان دروودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: (هەندێك کەس هەیە بەڕۆژوو دەبێت، تەنیا برسێتی و تیوونێتی بۆ دەمێنێتەوە و، هیچ پاداشتی نابێت لەلای خوای گەورەو میهرەبان)، بۆیە وەك مامۆستایەکی ئایینی لێرەدا هەمووان ئاگادار دەکەمەوە، کە زۆر وریای مامەڵەی بازاڕ و کەسابەتەکەیان بن، پێغەمبەری ئیسلام سەلامی خوای لەسەر بێت، لە فەرموودەیەکدا بە موسڵمانان دەڵێت: (هەرکەسێك لە بازاڕدا شتێك هەرزان بکات و هەوڵ بدات هەرزانی بۆ بازاڕ دروست بکات، چەند خەڵکی هەژار خێر لەو هەرزانییە دەبینن، ئەو کەسەی کاری بۆ ئەو هەرزانییە کردووە لەگەڵیاندا شەریکی بەدەستهێنانی ئەو خێرەیە، بەپێچەوانەشەوە هەرکەسێك هەوڵ بدات لە بازاڕدا نرخ گران بکات، چەند خەڵکی زیان لەو گرانییە دەبینن، ئەو کەسە لەگەڵ هەموو شەڕ و زیانەکەدا شەریکە و گوناهەکەی دەکەوێتە ئەستۆ.

**لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا زیادە مەسرەفی نابێت بکرێت و، نابێت بەرچاوتەنگی وامان لێ بکات لەسەر سفرەی خوان ئازاری گەدە و تەندروستیی خۆمان بدەین**

لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا دەبێت بە هەمووان پاڵپشت و هاندەری نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان بین، چونکە لە ئاشتی و تەباییدا میللەتی کورد دەستکەوتەکانی زۆر گەورەیە، بەپێچەوانەشەوە لە ناتەبایی و فیتنە و ئاشووبدا زیانی گەورە بەر میللەتی کورد دەکەوێت، ئێمەی مامۆستایانی ئایینییش لە مزگەوت و گوتارە ئایینییەکانماندا دەبێت ڕەچاوی هەست و سۆزی موسڵمانان و ئایندەی میللەتەکەمان بکەین و، ڕۆڵی چاکە و قسەی خێر و باش بگێڕین و، لە وتارەکانماندا خۆمان لە قسەی زبر و توند بپارێزین، هەروەکو چۆن مەلاکان لە دێرزەمانەوە تاکو ئێستا بە ڕۆڵی خۆیان هەڵساون و ڕۆڵی چاکەیان بینیوە، هەرواش لە پەیام و ناساندنی ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بەردەوام بن.

**گەلی کورد لەم مانگە پیرۆزەدا زۆرترین خێر و بەسەرکردنەوە و خۆشەویستی ئاراستەی یەکتر دەکەن و، بۆنەیەکی باشی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن و دەستبەرداری هەموو هەڵە و کەموکورتییەکیش دەبن**

داواکارم لە خوای گەورە و بەخشندە ڕۆژوو و عیبادەت و خوداپەرستیی موسڵمانان قبووڵ بکات و، ئەم مانگە بکاتە مانگی خێر و بەرەکەت و ئاشتی بۆ کورد و هەموو مرۆڤایەتی و، لە بەزەیی و خۆشەویستیی خۆی بێبەشمان نەکات.

مونا قەهوەچی
سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەوڵ و کۆششەکان بۆ ئەوەیە ئەمساڵ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت

## نابێت هیچ حزبێکی سیاسی لەجیاتی پێکهاتەکان بڕیار بدات



**هەروەك ئاشكرایە كە لە ئێستادا پرسی هەڵبژاردن و ڕێككەوتن لەسەر هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بووەتە باس و خواسێكی گەرمی نێوان لایەنە سیاسییەكان، بۆ ڕاوەستان لەسەر ئەم پرسە و ڕۆڵی پەرلەمان لەم ڕووەوە و چەند پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵ مونا قەهوەچی سكرتێری پەرلەمانی كوردستان ئەنجام دا.**

*** سەرەتا دەمانەوێت پرسیار لەبارەی كارەكانی پەرلەمانەوە بكەین، لە وەرزی یەكەمی تەمەندرێژكردنەوەی خۆیدا، ئایا چ پڕۆژەیاسایەكی نوێتان خوێندنەوەی بۆ كراوە و بووەتە یاسا؟**

- سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە لە كاتێكدا كێشە لە نێوان حزب و لایەنە سیاسیەكاندا هەبوو لەبارەی هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی دروست نەبێت و حكومەت و دامودەزگاكان و هەرێمی كوردستان تووشی بارێكی نەخوازراو نەبنەوە، ماوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان بۆ دوو وەرز درێژ كرایەوە، كە وەرزی یەكەمی درێژكردنەوەكە لە ٢٠٢٣/٣/١ دەستی پێكردووە و لەو ماوەیەدا چەند یاسا پەسەند كراون، وەك: یاسای كار، یاسای ئەنجومەنی شووڕای كوردستان، هەروەها چەندین پڕۆژە یاسای دیكە ئاراستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمانی كوردستان كراون، سەرۆكایەتییش هەر یەكە لەو پڕۆژەیاسایانەی ئاراستەی لێژنە تایبەتمەندەكانی پەرلەمانی كردووە.

*** لەگەڵ درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەماندا هەندێ ئەندام پەرلەمان بڕیاریان دابوو دەست لەكار بكێشنەوە، ئایا ئەم پرۆسەیە چۆن بوو و شوێنەكانیان چی بەسەر هاتووە؟**

- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان و لە دانیشتنێكی پەرلەماندا دەست لەكاركێشانەوەی ئەو پەرلەمانتارانە پەسند كرا، كە ئەم داواكارییەیان پێشكەش كردبوو، دواتر لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١٥ ی پەرلەماندا و بەپێی ئەو ڕێزبەندەی هەیە، ئەوا ئەو كەسانە بانگهێشت كران، تاوەكو جێی پەرلەمانتارە دەست لەكاركێشاوەكان پڕ بكەنەوە، پەرلەمانتارە نوێیەكان سوێندی یاساییان خوارد، ژمارەیان حەوت پەرلەمانتارە، لە لیستی بەرەو ئیسلاح بوون، كە ئەو لیستە بزووتنەوەی ئیسلامیی كوردستان و یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان لەخۆدەگرێت.

*** هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و كاراكردنەوەی كۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسی چی بەسەر هات؟ بۆچی لە چەند ساڵی ڕابردووی پەرلەماندا هەموار نەكرایەوە و، ئێستا چییان لەبارەوە كراوە؟**

- چوار پڕۆژە یاسا هەر یەكەی لەلایەن فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و نەوەی نوێ پێشكەش كراون بۆ هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسی، بەڵام ئەوەی گرنگە دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان كۆبوونەوەی كۆتایی خۆی ئەنجام دا بە ئامادەبوونی نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكان كە سەرۆكی فراكسیۆنەكانی پارتی و یەكێتی و بزووتنەوەی گۆڕان تێیدا ئامادە بوون، ئەمەش بۆ ئەوە بوو كە خۆیان گوێبیستی داخوازیی پێكهاتەكان بن (توركمان، كلدو ئاشوور و سریان و ئەرمەن)، لە پاش گفتوگۆ پێكهاتەكان داوایان كرد هەڵبژاردن بە یەك بازنەیی بێت، بەتایبەت بۆ ئەوان، هەروەها داوایەكی سەرەكی و هاوبەش هەبوو لەلایەن پێكهاتەی توركمان و پێكهاتەی كلدوئاشوور و سریان، كە لە ئایندەدا و لەو كاتەی كۆمیسیۆن كارا دەكرێتەوە، هەر یەكەیان نوێنەریان لە ناو كۆمیسیۆندا هەبێت، بەپێی ئەم داواكارییەش ئەوا لە كاتی كاراكردنەوەی

**پێویستە پڕۆژە یاسایەک ئامادەبکرێت کە داواکاری و سەرنج و پێشنیاری هەموو لایەنە جیاجیاکان لەخۆ بگرێت**

**بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نیگەرانن و بە چەشنێکی دیکە لە کۆتاکان دەڕوانن، بەڵام هەرچۆنێک بێت نابێت هیچ حزبێکی سیاسی لەجیاتی پێکهاتەکان بڕیار بدات**

**وەک پێکهاتەی تورکمان لەگەڵ ئەوەین هەمان لیستی دەنگدەرانی پێشوو بەکار بێت و هیچ جیاکردنەوەیەکی تێدا نەکرێت، چونکە جیاکردنەوەی ڕەگەز و نەتەوە و هەر جیاکردنەوەیەکی دیکە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی نیشتمانییە و لە هێزەکانی زێرەڤانی و ناوخۆ و پۆلیس و ئاسایشدا سەرجەم پێکهاتەکان بەشدارن، بۆیە مافێکی ڕەوای خۆمانە کە لە دەنگدانی تایبەت بەشدار بین**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشدا بەرگریی لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان کرد، بەبێ جیاوازی، کە ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت دەنگدانی تایبەت بۆ هەموو لایەک و بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە بەبێ جیاوازی**

**ئەگەر خاوەنی دەستوور بووینایە، زۆر زەحمەت بوو تووشی ئەو کێشانە بین و هەر کێشەیەکیش بەپێی دەستوورەکە چارەسەر دەکرا**

کۆمیسیۆن، ئەندامەکان لە بری ٩ ئەندام دەبنە ١١ ئەندام، بەو جۆرەش پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەنگاوێکی دیکە دەچێتەپێش، هەرچۆنێك بێت پێویستە پرۆژە یاسایەك ئامادەبکرێت کە داواکاری و سەرنج و پێشنیاری هەموو لایەنە جیاجیاکان لەخۆ بگرێت.

*** یەكێك لەو بڕگە تازانەی خرابووە ناو هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، پرسی كۆتای پێكهاتە ئایینی و نەتەوەییەكانی كوردستان بوو، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ دەستێوەردان لە مافی پێكهاتەكان دەكرێت، ئەمە لە كاتێكدا دەبێت زیاتر مافەكانیان دابین بكرێت، بۆ ئەوەی پێكەوەژیان لە هەرێمی كوردستان زیاتر گەشە بكات و پەرە بسێنێت؟**

- پێویستە سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین، کە کاتێك کۆتاکان دێنە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە هەر یەکەی نوێنەرایەتیی پێکهاتەی خۆی دەکات و لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکات، بەڵام بەداخەوە دیارە بەشێك لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نیگەرانن و بە چەشنێکی دیکە لە کۆتاکان دەڕوانن، بەڵام هەرچۆنێك بێت نابێت هیچ حزبێکی سیاسی لەجیاتی پێکهاتەکان بڕیار بدات.

*** ئایا کەی هەڵبژاردنی ئەم خولە ئەنجام دەدرێت و، هەڵبژاردنەکە بە چ سیستمێك بەڕێوە دەچێت و قسە و داواکاریی پێکهاتەکان و کۆتاکان لەو هەڵبژاردنەدا چۆنە؟**

- بێگومان هەوڵ و کۆششەکان بۆ ئەوەیە ئەمساڵ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، هەروەها کۆبوونەوە لە نێوان حزب و لایەنەکان دەستی پێ کردووە و ئەو کۆبوونەوانەشی کە ئەنجام دراون، دەرئەنجام و لێکتێگەیشتنی باشیان لێ کەوتووەتەوە، بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن لەسەر سیستمی هەڵبژاردن، بەڵام کۆتاکان یەك بڕیاریان هەیە، کە ئەویش بەشداریکردنیانە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لەو خولەدا بە یەك بازنەیی.

*** ئێوە ڕاوبۆچوونتان چییە لەسەر لیستی دەنگدەران وەك پێکهاتەی تورکمان، ئایا لەگەڵ ئەوەن هەمان لیستی پێشوو بەکار بێت و پێتان باشە ئێوە وەك پێکهاتەی تورکمان لە دەنگدانی تایبەت بەشدار بن؟**

- ئێمە وەك پێکهاتەی تورکمان لەگەڵ ئەوەین هەمان لیستی دەنگدەرانی پێشوو بەکار بێت و هیچ جیاکردنەوەیەکی تێدا نەکرێت، چونکە جیاکردنەوەی ڕەگەز و نەتەوە و هەر جیاکردنەوەیەکی دیکە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئەوە قەدەری ئێمەیە کە وای کردووە پێکەوە ژیانێکی باش و لێبووردەیی و ئاشتەواییەکی سەرکەوتوو و جێگیر لە هەرێمی کوردستان هەبێت، سەبارەت بە دەنگدانی تایبەت ئەوە مافی هەموو پێهکاتەکانە (تورکمان، کلدو ئاشوور و سریان و ئەرمەن) تێدا بەشدار بن، چونکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی نیشتمانییە و لە هێزەکانی زێرەڤانی و ناوخۆ و پۆلیس و ئاسایشدا سەرجەم پێکهاتەکان بەشدارن، بۆیە مافێکی ڕەوای خۆمانە کە لە دەنگدانی تایبەت بەشدار بین، نمونەیەکی تازە و بەرچاو کە دیتمان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشدا بەرگریی لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان کرد، بەبێ جیاوازی، کە ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت دەنگدانی تایبەت بۆ هەموو لایەك و بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە بەبێ جیاوازی، هەر پێکهاتەیەکیش بەپێی قەبارەی خۆی جەماوەر و دەنگی لە ناو دەنگدانی تایبەتدا هەیە.

*** هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی لەگەڵ ئەوەی هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی دەستوور، بەڵام هێشتا خاوەنی دەستووری خۆی نییە، ئایا تاچەند لەم خولەی پەرلەماندا گرنگی بە پرۆژەی دەستووری کوردستان دراوە؟**

- لە خولی ڕابردووی پەرلەماندا توانیمان (بە ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان) دەست بە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور بکەین، لەم خولەی پەرلەماندا کە خولی پێنجەمە، وەك دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان سەردانی لایەنە سیاسیەکانمان کرد، بۆ ئەوەی هاوکارمان بن بۆ نووسینەوە و تێپەڕاندنی دەستوورەکە، بەڵام دۆخێکی نائاسایی و ناهەموار و نەخوازراو هاتە کایە کە وای کرد بەربەست لە لایەن لایەنەکانەوە لە بەردەم ئەو پرۆژە نیشتمانییە گرنگەدا دروست بکرێت، تەنانەت گەیشتە ئەو

ئاستەی کە زۆر خاڵی ناکۆکی پێتەئاراوە، بۆیە ئەستەم بوو لەو کات و ساتەدا ببینە خاوەن دەستووری خۆمان، کە ئەگەر خاوەنی دەستوور بووینایە، زۆر زەحمەت بوو تووشی ئەو کێشانە بین و هەر کێشەیەکیش بەپێی دەستوورەکە چارەسەر دەکرا.

*** وەك سكرتێری پەرلەمانی كوردستان دیدوبۆچوونی خۆت بۆ سەركەوتن و كاری هاوبەشی ئەم خولەی پەرلەمان و كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان چۆن دەبینیت، مەبەستمان ئەوەیە ئایا پەرلەمان هاوكار و هەماهەنگ بووە و چاودێریی حكومەتی كردووە بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەكەی؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کابینەیەدا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان هەیە و زۆربەی پرۆژەکانی بوونەتە یاسا، کە پێم وایە سەرکەوتنی حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری و هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە وەك یەك تیم کار دەکەن و زۆرترین وەزیر و بەرپرس و سەرۆك وەزیر و جێگری سەرۆك وەزیران لە پەرلەمان، لە بەردەمی پەرلەمانتاران و لێژنەکانی پەرلەماندا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ئامادە بوون و ڕاشکاوانەش وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان داوەتەوە، کە ئەمەش خاڵ و بنەمای سەرکەوتنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستانە .

*** وەك دەزانین كابینەی نۆیەمی كوردستان بە فۆرمێكی نوێوە دامەزرا، ئایا ئێوە وەك پێكهاتەی توركمان تاچەند لەو كابینەیە ڕازین بەپێی ئەو ئیستیحقاقانەی وەرتان گرتووە و، تاچەند توانراوە نەك تەنیا ئێوە وەك توركمان، بەڵكو پێكهاتەكانی دیكەش لە حكومەت بەشدار بن؟**

- زۆر گرنگە لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە بایەخ بە پێکهاتەکان بدرێت، کە ئەمەش مایەی زیاتر گەشەکردنی پێکەوە ژیانە لە هەرێمی کوردستان، کە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی دەبێت لەسەر ئاستی ناوچەکە و وڵاتانی دونیادا، لە کابینەی داهاتووشدا (کە پاش هەڵبژاردنی خولی شەشەم پێك دێت) ئێمە وەك پێکهاتەکان داواکاریمان دەبێت کە زیاتر و بە شەراکەت لە حکومەت و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بەشدار بین و پۆستی زیاتری سیادیمان پێ بدرێت، چ لە سەرۆکایەتیی هەرێم و چ لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، هەرچەندە لە کابینەی نۆیەم دامەزراندنی وەزارەتێکی تازە بۆ کاروباری پێکهاتەکان و بەشداریکردن و فەراهەمکردنی پۆستی سکرتێری پەرلەمان بۆ بەندە وەك نەتەوە و پێکهاتەی تورکمان، ئەمانە زۆر گرنگ و پێویست بوون، بەڵام دەمانەوێت لە داهاتوودا ئەو بەشدارییەی پێکهاتەکان لە حکومەتی کوردستاندا زیاتر و زۆرتر و پڕبایەختر بێت، بەو پێیەی کە نەتەوەی ڕەسەنین و هاوبەشین لەو وڵاتەدا و بەیەکەوە دەژین، کە ئەوەش زۆر پێویستە بۆ ئەوەی زیاتر مومارەسەی ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆمان بکەین.

*** پێكەوەژیان لە هەرێمی كوردستان لە نێوان پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاكاندا زۆر باش گەشەی كردووە و بووەتە جێگەی سەرنجی وڵاتانی دونیاش، ئایا ئێوە وەك پێكهاتەی توركمان ئەو پێكەوە ژیانە چۆن دەبینن و، چی بكرێت بۆ ئەوەی ئەو پێكەوە ژیانە زیاتر قووڵتر بێت و بەرەوپێشەوە بچێت؟**

- ئێستا پێکهاتەکان زۆر بە باشی دەبینن کە سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای یەکسانی و داپەروەرییە و لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەو کابینەیەدا زۆر جەخت لەسەر پێکەوە ژیان و لێبووردەیی دەکرێتەوە، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیریی کوردستان، بەڵام بۆ زیاتر گەشەکردن و فەراهەمکردنی ئەو پێکەوە ژیانە، پێویستە لە سەرجەم سەردانەکان بۆ دەرەوەی وڵات و پێشوازییەکان لە ناو کوردستاندا نوێنەری پێکهاتەکان تێیدا بەشدار بن، چونکە بەشداریی پێکهاتەکان لەو کارانەدا ڕەنگدانەوەی زۆر باشی لەسەر پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان دەبێت و، جێگەی سەرنجی وڵاتانی ناوچەکە و هەموو دونیاش دەبێت و، برەو دەدات بەو پێکەوە ژیان و لێبووردەییە سەرکەوتووەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کابینەیەدا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان هەیە و زۆربەی پرۆژەکانی بوونەتە یاسا**

**سەرکەوتنی حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری و هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە وەک یەک تیم کار دەکەن**

**دەمانەوێت لە داهاتوودا ئەو بەشدارییەی پێکهاتەکان لە حکومەتی کوردستاندا زیاتر و زۆرتر و پڕبایەختر بێت، بەو پێیەی کە نەتەوەی ڕەسەنین و هاوبەشین لەو وڵاتەدا و بەیەکەوە دەژین**

**پێویستە لە سەرجەم سەردانەکان بۆ دەرەوەی وڵات و پێشوازییەکان لە ناو کوردستاندا نوێنەری پێکهاتەکان تێیدا بەشدار بن**

# بازنەی گفتوگۆ

# ئینتیمای نیشتمانی پرس و گەنگەشە

## ئەڵقەی سێیەم



ڕۆژی ٨ی ئاداری ٢٠٢٣ بە سەرپەرشتیی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لیژنەی «بازنەی گفتوگۆ» کۆبوونەوەی مانگانەی خۆی گرێ دا بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ئەڵقەی سێیەمی بازنەی گفتوگۆ، لەم کۆبوونەوەیەدا چەندین پرس و بابەتی گرنگ پەیوەست بە کێشەکانی کۆمەڵگە و نەتەوە و نیشتمانەوە هەڵوەستە کران، دوای ڕاگۆڕینەوەیەکی زۆر لە نێوان ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، کۆبوونەوەکە لەسەر ئەو پرسە هەڵوەستەی کرد «بۆچی لەناو فەزای گشتیی کوردستاندا هەست دەکرێت ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی لای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لاواز بووە؟»، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر پرسی «ئینتیمای نیشتمانی» لە کۆبوونەوەکە بڕیار درا، لە ئەلقەی سێیەم لەسەر تەوەری «ئینتیمای نیشتمانی . پرس و گەنگەشە» گفتوگۆ بکەین.

هەر لە کۆبوونەوەکە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی واقیعی و ڕاستگۆیانە ئەنجام بدەین، ئەوا پێویستە بە داتا و ژمارە ڕاوبۆچوونی خەڵکی لە بەردەم کۆی بەشداربووانی گفتۆگۆکە بێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕیار درا بازنەی گفتوگۆ ڕاپرسییەك ئەنجام بدات و لەسەر سێ ئاستی جیاواز داتا و ژمارە کۆبکاتەوە، ئەو سێ ئاستەش بریتی بوون لە:

١. هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان چەندە ئینتمایان بۆ نیشتمان هەیە؟

٢. چین ئەو هۆکارانەی کاریگەرن لەسەر ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیانەوە؟

٣. چی بکرێت باشە بۆ پەرەپێدانی ئینتیمای هاووڵاتیان بۆ نیشتمان؟

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە «ئینتیمای نیشتمانی . پرس و گەنگەشە» کە پرسێکی هەستیار و مەترسیدارە و پەیوەندی بە ئایندە و چارەنووسی هاووڵاتیان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کۆبوونەوەکە ئەم بەڕێزانەی بۆ گفتوگۆ و گەنگەشەی ئەم پرسە گرنگە دیاری کرد:

١. د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢. پ.د. کامەران ساڵحی ئوستادی یاسا لە زانکۆی سۆران.

٣. د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس مامۆستای زانکۆ و سیاسەتمەدار.




٤. د. مەهاباد سەعدی پسپۆڕی سیسیۆلۆژی لە زانکۆی سەلاحەدین.

٥. د. ئیبراهیم مەلا زادە پسپۆڕ لە بواری تاوانەکانی جینۆساید دژی خەڵکی کوردستان.

٦. د.فازڵ عومەر سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەڤرۆ لە دهۆك.

٧. شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ

٨. پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ

٩. د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتو گۆ

١٠. فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتو گۆ






د. جەلال ئەحمەد عەبدوڵڵا، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەڕێوەبەری بنکەی توێژینەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

### ڕاپرسیی بازنەی گفتوگۆ
### «ئینتیمای نیشتمانی و پرس و گەنگەشە»

# ٥٣٪ی بەشداربووان وای دەبینن ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیانی کوردستان لە ئاستێکی لاوازدایە

ڕاپرسیی بازنەی گفتوگۆ سەبارەت بە «ئینتیمای نیشتمانی و پرس و گەنگەشە» بە شێوەی ئۆنلاین و لە ڕێگەی پێگە و سێرڤەر ئۆنلاینی کۆبۆتۆڵبۆکس «Kobo toolbox» سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام دراوە و لینکی ڕاپرسییەکە لە چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی وەك «فەیسبووك، تێلگرام، وەتسئەپ و ڤایبەر» بڵاو کراوەتەوە، پرسیارەکان لەلایەن هاووڵاتیانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ تا سەرووی ٦٧ ساڵییە وەڵام دراونەتەوە و ١١٤٩ کەس بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە ك ەبەمجۆرە پۆلێن کراون:

- لە ڕووی ڕەگەزەوە ڕێژەی ٦٨٪ نێر و بە ڕێژەی ٣٢٪ مێ بوون.
- لە ڕووی باری هاوسەردارییەوە ٦٥٪ یان خێزاندارن، ٣٢٪ یان سەڵتن، ٢٪ دوای هاوسەرگیری جیابوونەتەوە، ١٪ هاوسەرەکانیان کۆچی دواییان کردووە.
- لە ڕووی تەمەنەوە ٢٤,٩٪ تەمەنیان لە نێوان ١٨-٢٧ و ٢٥٪ تەمەنیان لە نێوان ٢٨-٣٧ و ٢٦,٧٪ تەمەنیان لە نێوان ٣٨-٤٧ و ١٧,٤٪ تەمەنیان لە نێوان ٤٨-٥٧ و ٤,٦٪ تەمەنیان لە نێوان ٥٨-٦٧ و ١,٤٪ تەمەنیان لە سەرووی ٧٠ ساڵ بووە.
- ڕێژەی بەشداربووان بەپێی پارێزگا و ئیدارە

سەربەخۆکان، ٣٧٪ هەولێر، ٢٨٪ سلێمانی، ١٠٪ دهۆك، ٨٪ ئیدارەی ڕاپەرین، ٥٪ هەڵەبجە، ٥٪ سۆران، ٤٪ زاخۆ، ٣٪ گەرمیان.

**● ئامانج لە ڕاپرسییەکە**

ئامانج لەم ڕاپرسییە بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵك بووە سەبارەت بە ئاستی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و هەڵوەستەکردن بووە لەوەی:

● هاووڵاتیانی هەریم تا چەند ئینتیمایان بۆ نیشتمان هەیە؟

● ئەو هۆکارانە چین کە کاریگەرن بەسەر ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیانەوە؟

● چی بکرێت بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیان؟

-١-

**● هاوڵاتیانی هەرێم چەند ئینتیمایان بۆ نیشتمان هەیە؟**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بازنەی گفتوگۆ ١١ دەربڕینی خستووەتە بەردەم هاووڵاتیان بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بە بژاردەی «زۆر، تا ڕادەیەك، کەم» ڕای خۆیانی لەسەر بدەن، پاشانیش بە ڕێگەی ئامرازە ئامارییەکان و بە سوودوەرگرتن لە ناوەندی «ژمێرەی سەنگکراو - Weighted Mean» ڕێژەی سەدی بۆ هەر دەربڕینێك دەرهێنراوە، کە لێرەدا بۆ هەر یەکەیان ئاماژەی پێ دەکەین:

● پەست دەبم کاتێك یەکێك بە خراپ باسی وڵات و نیشتمانی خۆی دەکات.

٦٦,٥٪ بە ڕادەیەکی زۆر زۆر . ١٩,٤ تا ڕادەیەك . ١٤,١٪ کەم . بە ڕادەیەکی مامناوەند ٨٤,١٣٪

● ئەگەر وڵاتەکەم ڕووبەڕووی هێرش ببێتەوە، ئامادەم بەرگری لێ بکەم.

٦٦٪ بە ڕادەیەکی زۆر ..١٨,٣٪ تا ڕادەیەك . ١٩,٥٪ کەم . بە ڕادەیەکی مامناوەندی ٨٠,٩١٪

● پێویستە بەشداری لە یادکردنەوەی بۆنە نیشتمانییەکان بکەین.

٦٤,٨٪ بە ڕادەیەکی زۆر. ٢٢,٥٪ تا ڕادەیەك. ١٢,٦٪ کەم . بە ڕادەیەکی مامناوەندی ٨٤,٧٪

● دەبێت شانازی بەو تێکۆشەر و سەرکردانەوە بکەین کە لە پێناوی نیشتماندا خەباتیان کردووە.

٦٦,٧٪ بە ڕادەیەکی زۆر . ١٨,٣٪ تا ڕادەیەك . ١٢,٦٪. بە ڕادەیەکی مامناوەند ٨٣,٨٧٪

● هەست بە شانازی دەکەم کاتێك دەبینم بیانییەك جلوبەرگی کوردی پۆشیوە.

٦٠,٢٪ بە ڕادەیەکی زۆر. ٤٤,٩٪ تا ڕادەیەك . ١٤,٩ کەم ..بە ڕادەیەکی مامناوەند ٨١,٧٨٪

● شانازی بەو هاووڵاتیەی هەرێمەوە دەکەم کە لە پێشبڕکێیەکی نێودەوڵەتیدا سەردەکەوێت.

٨٠,١٪ بە ڕادەیەکی زۆر . ١٤,٩ تا ڕادەیەك . ٥٪ کەم . بە ڕادەیەکی مامناوەند ٩١,٦٧٪

● دڵخۆش دەبم کاتێك دەبینم بیانییەك سەرسامە بە وڵاتەکەم.

٧١,٨٪ بە ڕادەیەکی زۆر . ١٧,٨٪ تا ڕادەیەك . ١٠,٤٪ کەم . بە ڕادەیەکی مامناوەند ٨٧,١٥٪

● هیچ شتێك لە سەرووی خاك و نیشتمانەوە نییە.

٥٩,٥٪ بە ڕادەیەکی زۆر. ١٨,٨٪ تا ڕادەیەك. ١٠,٤٪ کەم . بە ڕادەیەکی مامناوەند ٧٩,٢٩٪

● هەست بە شانازی دەکەم کاتێك هاوپەیمانان باسی ئازایەتیی پێشمەرگە دەکەن.

٦٠,٩٪ بە ڕادەیەکی زۆر. ١٩,٥٪ تا ڕادەیەك. ١٩,٦٪ کەم. بە ڕادەیەکی مامناوەند ٨٠,٤٥٪

● شەرەفمەندە ئەو کەسەی لە پێناوی وڵاتەکەیدا گیانی خۆی بەخت دەکات.

٦٥٪ بە ڕادەیەکی زۆر. ١٨,٥٪ تا ڕادەیەك. ١٦,٥٪ کەم . بە ڕادەیەکی مامناوەند ٨٢,٨٣٪

● هیچ وڵاتێك لە وڵاتی خۆم خۆشتر و جوانتر نییە.

٤٨,٢٪ بە ڕادەیەکی زۆر. ٢٩,٣٪ تا ڕادەیەك. ٢٢,٥٪ کەم. بە ڕادەیەکی مامناوەند ٧٥,٢٥٪

ئەگەر ئەم ڕێژانە بەسەر پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان دابەش بکەین،



دەبینین كە ئاستی ئینتیما بۆ خاك و نیشتمان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان بەم جۆرە دەردەچێت ٩٠٪ دهۆك، ٨٩٪ زاخۆ، ٨٨٪ سۆران، ٨٨٪ گەرمیان، ٨٠٪ هەولێر، ٧٩٪ ڕاپەڕین، ٧٧٪ سلێمانی، ٦٦٪ هەڵەبجە، ٨٣٪ لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان.

-٢-

**● ئەو هۆكارانە چین كە كاریگەرییان لەسەر ئینتیمای هاووڵاتیان بۆ نیشتمان هەیە؟**

لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا هاووڵاتیانی بەشداربووی ئەم ڕاپرسییە ئەو فاكتەرانەیان دیاری كردووە كە كاریگەرن بۆ بەهێزبوونی ئینتیمای نیشتمانی و بەمجۆرە وەڵامیان داوەتەوە:

٨٥٪ ڕابەری نەتەوەیی، ٨٥٪ قوتابخانە و دامەزراوەكانی خوێندن، ٨٢٪ زانكۆكان، ٨١٪ خێزان و بنەماڵە، ٧٥٪ دەزگا و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن، ٧٣٪ پارتی نەتەوەیی، ٧٢٪ شوێنەوار و مێژووی دێرین و دەوڵەمەند، ٦٩٪ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، ٦٧٪ هۆكاری دیكە، ٦٢٪ ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی.»

-٣-

**● بە ڕای تۆ ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیانی هەرێم لە چ ئاستێكدایە؟**

هاووڵاتیانی بەشداربووی ئەم ڕاپرسییە بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیاریان داوەتەوە:

٨٪ زۆر بەرزە . ٤٣٪ تا ڕادەیەك باشە. ٤٩٪ نزمە. بە ڕادەیەكی مامناوەند ٥٣٪ نزمە.

ئەم ڕێژەیە كە لەو ڕێژەیە نزمترە كە لەسەر ئاستی تاكی هاووڵاتی وەڵام دراوەتەوە و ئاماژەیەكی ڕوونە بۆ ترسی هاووڵاتیان لە نزمبوونەوەی ئاستی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیان، بۆیە ئەو هاووڵاتیانە كە ڕێژەی ٤٩٪ پێكدەهێنن و پێیان وایە ئاستی ئینتیمای هاووڵاتیان نزمە، پرسیارێكی دیكەیان ڕووبەڕوو كراوەتەوە ئەویش ئەوەیە:

**● ئێوە كە پێتان وایە ئاستی ئینتیمای هاووڵاتیانی كوردستان نزمە، هۆكارەكانی چین؟**

ڕێژەی ٤٩٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەكە كە دەكاتە نیوەی بەشداربووان لە كۆی ١١٤٩ بەشداربوو ئەم هۆكارەكانیان بەمجۆرە دیاری كردووە: ٩٦٪ بەهەدەردانی سامانی گشتی، ٩٥٪ قۆرخكاری، ٩٤٪ نەبوونی دادی كۆمەڵایەتی، ٩١٪ دابیننەكردنی خزمەتگوزاری وەك پێویست، ٨٨٪ فەرامۆشكردنی بەرهەمی خۆماڵی، ٧٩٪ هەڵدانەوە و ئاشكرابوونی نهێنییەكانی سەردەمی شاخ، ٧٨٪ هۆكاری دیكە، ٦٦٪ كرانەوە بە ڕووی جیهانی دەرەوە، ٤٧٪ ململانێی ناتەندروستی حزبە سیاسییەكان.

-٤-

**● بۆ پەرەپێدان و بەرزكردنەوەی ئاستی ئینتیمای هاووڵاتیان بۆ نیشتمان دەبێت چی بكرێت؟**

نموونەی ڕاپرسییەكە بە كۆی دەنگ ١٠٠٪ ئەم ڕێكارانەیان دەستنیشان كردووە كە پێویستە هەموو كایەكانی ژیان بگرێنە بەر بۆ ئەوەی ئینتیمای هاووڵاتیان بۆ نیشتمان لە ئاستێكی زۆر بەرزدا بێت كە ئەمانەن:

١. لە پرۆگرامەكانی خوێندنی قوتابخانەكان و زانكۆكانی هەرێمی كوردستاندا پانتاییەكی زیاتر بۆ بایەخدان بە مێژووی شۆڕش و سەركردەكان تەرخان بكرێت.

٢. بایەخێكی زیاتر بە زیندووكردنەوە و بەرزڕاگرتنی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان بدرێت.


٣. هۆیەكانی ڕاگەیاندن بەگشتی بایەخی زیاتر بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان بدەن، بەتایبەتیش ڕاگەیاندنی حزبەكان پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان فەرامۆش نەكەن.


٤. بایەخی زۆر زیاتر بە زمان و جلوبەرگی نەتەوەیی بدرێت.

٥. گێڕانەوە و بەهێزكردنەوەی متمانەی نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵات، ئەمیش لە ڕێگەی بەدامەزراوەیكردنی دامەزراوە حكوومی و نیشتمانییەكان.

٦. ڕەخساندنی دەرفەتی كار بۆ لاوان و پیادەكردنی شەفافییەت لە كایەی حوكمڕانیدا.

٧. بە دیكیۆمێنت كردنی ئەو كارەسات و نەهامەتییانەی بەسەر گەلەكەمان هاتوون، ئەمیش بە ڕێگەی ئامادەكردنی فیلمی دیكیۆمێنتاری و هونەری سینەماوە.


چەندە لەگەڵ ئەم دەربڕینانەی خوارەوە دایت؟
پەست دەبم کاتێک یەکێک بە خراپ باسی وڵات و نیشتیمانی خۆی دەکات
66%
19%
14%
ئەگەر وڵاتەکەم ڕووبەڕووی هێرشی بێگانە بووە و پێویستی بە من بوو، ئامادەم دیفاعی لێ بکەم.
62%
18%
19%
پێویستە بەشداری لە یادکردنەوەی بۆنە نیشتیمانییەکاندا بکەین.
65%
23%
13%
دەبێ شانازی بەو تێکۆشەر و سەرکردانەوە بکەین، کە لەپێناو خاک و وڵاتدا خەباتیان کردووە.
67%
18%
15%
هەست بە شانازی دەکەم کاتێک، کە دەبینم بێگانەیەک جلوبەرگی ڕەسەنی ئێمەی پۆشیوە
60%
25%
15%
شانازی بەو هاونیشتیمانیانەی هەرێمەوە دەکەم، کە لە پێشبڕکێیەکی نێودەوڵەتیدا سەردەکەون.
80%
15%
5%
دڵخۆش دەبم کاتێک، کە دەبینم بێگانەیەک سەرسامە بە وڵاتەکەم.
72%
18%
10%
هیچ شتێک لەسەرووی خاک و نیشتیمانەوە نییە
60%
19%
22%
هەست بە شانازی دەکەم کاتێک هێزەکانی هاوپەیمانان باسی ئازایەتیمان دەکەن
61%
19%
20%
شەرمەندەی ئەو کەسەم لەپێناو وڵاتەکەیدا گیانی بەخت دەکات
65%
18%
17%
هیچ وڵاتێک خۆشتر و جوانتر نییە لە وڵاتەکەم
48%
29%
22%
زۆر
تارادەیەک
کەم


بەڕای تۆ ئێستای نیشتیمانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟
8%
43%
49%
لە ئاستێکی بەرز دایە
لە ئاستێکی مام ناوەند دایە
لە ئاستێکی نزمدایە






## د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# دیموکراتیی ناهۆشمەند، بە سیاسیکردنی ئایین، قۆرخکاریی حزب، دابەشکردنی نیشتمان هۆکاری سەرەکین بۆ لاوازیی ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیان

**د.سالار عوسمان ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دەستپێکی ئەڵقەی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «ئینتیمای نیشتمانی و پرس و گەنگەشە»، وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان و خستەڕووی ئامانجەکانی «بازنەی گفتوگۆ» و دەستخۆشیکردنی لەو هەموو زانیارییە بەسوودانەی لە گفتوگۆکەدا خرانە ڕوو، بەم بۆچوونانە گفتوگۆکەی دەوڵەمەندتر کرد:**

« دووبارە بەخێرهاتنان دەکەم و بازنەی گفتوگۆ ماڵی هەموو کوردستانییەکە، سوپاس بۆ هەموو ئەو زانیاری و بۆچوونە بەرزانەی لەم گفتوگۆیە خستانە ڕوو، منیش هەوڵ دەدەم لە پەراوێزی قسەکانی ئێوە چەند قسەیەك بکەم.

پرسی ئینتیمای نیشتمانی بابەتێکی فرە ڕەهەندە، لە هەر ڕەهەندێکەوە باسی بکەین، دەیان ناونیشانی لاوەکی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام من دەمەوێت لە ڕوانگەی چوار فاکتەرەوە قسەی لەسەر بکەم کە بریتین لە: «دیموکراتیی ناهۆشمەند، بە سیاسیکردنی ئایین، قۆرخکاری حزب، بەشکردنی نیشتمان».

- سەبارەت بەخاڵی یەکەم و ئەوەی ناوم لێ ناوە «دیموکراتیەتی ناهۆشمەند»، یان وەك ئەوەی لە ڕۆژئاوا پێی دەگوترێت دیموکراتیی نالیبراڵی «illiberal democracy» و داماڵدراو لە بەهاکانی لیبراڵی وەك «قبووڵکردنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، سەروەریی یاسا»، کە دیموکراتیەتیش لەم بەهایانە داماڵدرا، ئەوا دەبێتە دیموکراتیی ناهۆشمەند، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە یەکێك لە کێشە و ئاریشەکانی لاوازیی ئینتیمای نیشتمانیمان، ئەو دیموکراتییەتە ناهۆشمەندەیە کە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ خۆی هێنا.

ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم دیموکراتییە داماڵدراو بوو لە بەهاکانی لیبراڵیزم، هەر لە سەرەتاوە ئاکامی هەڵبژاردن قبووڵ نەکرا، پاشان لە بری ئەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لێك جیابکرێنەوە و بەسەر دەسەڵاتەکانی «یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری» دابەش بکرێن و باڵانس لە ناو پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی بێتە ئاراوە، سیستمی «پەنجا بە پەنجا»ی داهێنا کە دەسەڵاتەکانی بە سەر پارتی و یەکێتی دابەش کرد و، سەروەریی یاساش بە ئاستێك لاواز و پەراوێز خرا، کە تا ڕاددەیەکی زۆر سەروەریی یاسای ئیفلیج کرد.

کەواتە ئەگەر ئەمە ورد بکەینەوە، ئەوا دەبینین

ئـەم ئەزموونـە دیموکراتییـەی ئێمـە پـەروەردەی لەگـەڵ نەبـوو، زیاتـر دروشـم بـوو، نـەك کـردار، دیموکراتیەکـی بـێ پڕۆگـرام بـوو و نەشـتوانرا پڕۆگرامی بۆ دابنرێت، زیاتر خۆی لە بەیاننامەی سیاسـیدا بەرجەسـتە کـرد و، نەیتوانـی دیالۆگێکـی شـەفاف و کـراوە لەنێـوان نەوەکانـدا دروست بـکات، سـەرباری هەمـوو ئەمانـەش سرووشـتی دیموکراتـی سرووشـتێکی تاکگەراییـە، بۆیـە ئـەم دیموکراتییـە ناهۆشـمەندە زیانێکـی گـەورەی لـە ئینتیمـای نیشـتمانی ئێمـە دا، ئەمـەش ئـەو حاڵەتەیـە کـە هەمـوو کۆمەڵگەکانـی دیموکراتـی لێـی دەترسـن، کاتێك سیستمی دیموکراتی لە بەهاکانی لیبراڵیزم دادەماڵێـت.

- خاڵـی دووەم کـە دەمەوێـت هەڵوەسـتەی لەسـەر بکـەم، مەترسـیی «بـە سیاسـیکردنی ئاییـن و بەکارهێنانـی ئایینـە بـۆ مەبەسـتی سیاسـی»، مەترسـیی ئـەم حاڵەتـە لەوەدایـە کاتێـك حزبێکـی سیاسـی ئاییـن بـەکار دەهێنێـت بـۆ مەرامـی سیاسـیی دونیایـی و گەیشـتن بـە دەسـەڵات، ڕووە جوانـە ڕۆحـی و ئیلاهییەکـە لـە ئایینەکـە دەکاتـەوە و بەرگێکـی چەقبەسـتووی بەبـەردا دەکات، گیانـی لێبووردەیـی و یەکتـری قبووڵکردنـی تێدا ڕیشـەکێش دەکات، ئـەم حاڵەتـە کـە ئێسـتا بووەتـە کێشـەیەکی سـەرەکی و گـەورە لـە وڵاتانـی ڕۆژهـەڵات و دەوڵەتانـی عەرەبـی و ئیسـلامی، نزیکـەی ٣٠٠ سـاڵ پێـش ئێسـتا هەمـوو ڕۆژئـاوا بەدەسـتیەوە ناڵاندوویەتـی و، ئـەوان بـە جیاکردنـەوەی ڕووە جوان و ئیلاهییەکـەی مەسـیح لـە ڕووە ناشـیرینەکەی کەنیسـە، دووبـارە پێناسـەی لێبووردەیـی و پێکـەوە ژیانیـان کـردەوە، بۆیـە لێـرەوە دەمەوێـت ئـەوە بڵێـم لـە دوای ڕاپەڕینـەوە لـە ڕێگـەی بـە سیاسـیکردنی ئاییـن و حزبـە ئیسـلامییەکانەوە، ئایینێـك لـە کوردسـتان بانگەشـەی بـۆ دەکرێـت کـە ڕووە جوانـە ئیلاهییەکـەی لـێ کراوەتـەوە و بەخشـندەیی و میهرەبانـی تێـدا سـڕاوەتەوە، کـە هەمـوو ئایەتێکـی بـە نـاوی خـوای بەخشـندە و میهرەبـان دەسـت پـێ دەکات، بۆیـە کاتێـك ئاییـن دەکرێتـە ئامرازێـك بـۆ سیاسـەت، ئـەو ئایینـە خـودای لەگـەڵ نابێـت و بـۆ دونیایـە و تەنیـا کار بـۆ کورسـی و دەنـگ دەکات و هەسـت بـە هیـچ شـتێکی دیکـە نـاکات و، نایەوێـت ئاشـتەوایی کۆمەڵگـە بوونـی هەبێـت و فیتنـە دروسـت نەبێـت، بۆیـە بـە تێڕوانینـی مـن فاکتـەری هـەرە سـەرەکی دوای دیموکراتیەتـی ناهۆشـمەند بـۆ لاوازیـی ئینتیمـای نیشـتمانی، ئایینـی حزبـی ئیسـلامیی سیاسـییە کـە داماڵـدراوە لـە ڕووە جوانـە ئیلاهییەکـەی.

- خاڵـی سـێیەم قۆرخکاریـی حزبـە، ئەگـەر سـەرنج بدەیـن قۆرخکاریـی حـزب گەیشـتووەتە ئاسـتی قۆرخکردنـی هەمـوو کایەکانـی ژیـان و کۆمەڵگـە، قۆرخکاریـی حـزب چووەتـە نـاو پـەروەردە، زانکـۆ، مزگـەوت، کەسـابەت و بازرگانـی و...هتـد، ئەمـە واتـە حـزب چووەتـە نـاو وردەکارییەکانـی سـەرتاپای ژیـان لـە کوردسـتان، ئەمـە لـە کاتێکـدا دەبـوو، حزب بەشـێك لـە کایـەکان بەجـێ بهێڵێـت بـۆ ژیـان و بـۆ ئاشـتەوایی کۆمەڵایەتـی، هـەر بـۆ نموونـە هەقـە حزب زانکـۆ بەجـێ بهێڵێـت بـۆ زانسـت و ئەکادیمیسـتەکان، مینبـەرەکان بەپێـی یاسـا و ڕێنماییـەکان بەجـێ بهێڵێـت بـۆ مـەلا و زانـا ئایینییـەکان، پـەروەردە بەجـێ بهێڵێـت بـۆ مامۆسـتایان و پەروەردەکاران، ئـەم قۆرخکارییـەی حـزب لەنـاو هەمـوو کایەکانـی ژیانـدا هـۆکاری دیکـەی سـەرەکییە بـۆ لاوازیـی ئینتیمـای نیشـتمانی لای هاووڵاتیـان و، وەرچەرخـاوە بـۆ ئینتیمـای حزبـی.

- دواییـن خـاڵ کـە دەمەوێـت قسـەی لەسـەر بکـەم «بەشـکردنی نیشـتمانە»، کاتـی خـۆی توێژینەوەیەکـم لـە زانکـۆی چەرمـۆ بـە ناونیشـانی «کوردسـتان و تراژیدیـای پارچـەکان» پێشـکەش کـرد، بـەڵام ئێسـتا هەرێمـی کوردستانیشـمان بـە هەمـوو وردەکارییـەوە پارچـە پارچـە کـردووە، زمانمـان کـەرت کـردووە، شـێوە زارەکانـی زمانـی کوردیمـان دابـەش کـردووە و یەکتـری قبـووڵ ناکـەن، هـەر ناوچەیەکـی کوردسـتمان کردووەتـە زۆنێـك و بـە سـەر حزبـەکان و بـە سـەر بەرپرسـێکدا دابـەش کـردووە، فەوزایەکـی سیاسـی دروسـت بـووە، هیـچ حزبێـك ئـەوی دیکـە قبـووڵ نـاکات، زیـاد لەمـەش پەنـا دەبـات بـۆ خیانـەت بـۆ ئـەوەی ئـەوی دیکـە لەنـاو ببـات. هەمـوو کوردسـتانی گـەورە لـە دیـدگای حـزب و میدیـای حزبەکانـەوە بوونـی نییـە بـە قـەد ئـەوەی پارچـە پارچەکـردن بوونـی هەیـە، ئەمـەش واقیعێکـی دروسـت کـردووە کـە توانـای مرۆڤـی کـوردی تێـدا لاواز بـووە و، پرۆسـەی سیاسـی و پەرلەمـان و حکومـەت و دامەزراوەکانـی لاواز کـردووە، بۆیـە لەنـاو ژینگەیـەك کـە ئـەو لاوازییانـەی بەرهـەم هێنـاوە، ناتوانیـن بونیادنـان و بونیادنانـەوە لـە هیـچ کایەیەکـی کۆمەڵگـە و نیشـتماندا ئەنجامبدەیـن.

بـە بۆچوونـی مـن ئـەم چـوار خاڵـە هـۆکاری سـەرەکین بـۆ لاوازیـی ئینتیمـای نیشـتمانی لـە کوردسـتان بـەو ڕێژەیـەی کـە هەیەتـی.

**یەکێک لە کێشە و ئاریشەکانی لاوازیی ئینتیمای نیشتمانیمان، ئەو دیموکراتییەتە ناهۆشمەندەیە کە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ خۆی هێنا**

**ئەم ئەزموونە دیموکراتییەی ئێمە پەروەردەی لەگەڵ نەبوو، زیاتر دروشم بوو، نەک کردار، دیموکراتیەکی بێ پڕۆگرام بوو و نەشتوانرا پڕۆگرامی بۆ دابنرێت**

**کاتێک حزبێکی سیاسی ئایین بەکار دەهێنێت بۆ مەرامی سیاسیی دونیایی و گەیشتن بە دەسەڵات، ڕووە جوانە ڕۆحی و ئیلاهییەکە لە ئایینەکە دەکاتەوە و بەرگێکی چەقبەستووی بەبەردا دەکات**

**قۆرخکاریی حزب گەیشتووەتە ئاستی قۆرخکردنی هەموو کایەکانی ژیان و کۆمەڵگە لەلایەن حزبی سیاسییەوە، قۆرخکاریی حزب چووەتە ناو پەروەردە، زانکۆ، مزگەوت، کەسابەت و بازرگانی و...هتد**

**ئێستا هەرێمی کوردستانیشمان بە هەموو وردەکارییەوە پارچە پارچە کردووە، زمانمان کەرت کردووە، شێوە زارەکانی زمانی کوردیمان دابەش کردووە و یەکتری قبووڵ ناکەن**





## پ. د.کامەران ساڵحی

### ئوستادی یاسا لە زانکۆی سۆران:

# هەتا حزبە کوردستانییەکان دەستبەرداری سەنگەرلێگگرتن نەبن ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیان هەر بە نزمی دەمێنێتەوە

**پ.د.کامەران ساڵحی، جیا لەوەی ئوستادی یاسایە لە زانکۆی سۆران، لە هەمانکاتدا خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستییە لە بواری یاسا و یاسای نێودەوڵەتی و، یەکێکە لە ئەکادیمیستە دیارەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و تەواوی وڵاتانی عەرەبی و، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و هەوڵی داوە هەم لە زانکۆکانی کوردستان خزمەتی قوتابیانی کوردستان بکات، هەمیش لەسەر ئاستی ناوەندەکانی زانکۆ و دەستەبژێری کوردستان وەك ڕەخنەگرێکی سیاسی بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبێت و لەسەر هەموو ڕووداوەکان هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە، لە ئەڵقەی سێیەمی بازنەی گفتوگۆش بە ناونیشانی «ئینتیمای نیشتمانی و پرس و گەنگەشە» جیا لەوەی گفتوگۆکەی بەڕێوە برد، بەمجۆرە ڕاوبۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

سەبارەت بەو ڕاپرسییەی لەسەر پرسی «ئینتیمای نیشتمانی» بۆ گفتوگۆی ئەمجارە ئەنجامتان داوە، من لە دوایین پرسیارتانەوە دەست پێ دەکەم کە پرسیوتانە: «بەڕای تۆ ئینتیمای نیشتمانیی هاوڵاتیانی هەرێم لە چ ئاستێکدایە؟ لە وەڵامدا تەنیا ٨٪ی بەشداربووان کە ژمارەیان ١١٤٩ بەشدار بووە، پێیان وابووە ئاستی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیان بەرزە، ئەوی دیکەی ٤٣٪ گوتوویانە تا ڕاددەیەك و ٤٩٪ گوتوویانە لە ئاستێکی نزمدایە. من ئەوەشی کە گوتوویەتی تا ڕاددەیەك ئاستی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیان باشە، ئەویش هەر بە لاواز لە قەڵەم دەدەم، لەبەر ئەوەی لە پرسی ئینتیمای نیشتمانیدا ئەگەر تا ڕاددەیەك بێت، ئەویش هەر بە نزم حساب دەکرێت، بۆیە ئەوەی لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتر پێتان گوتین ڕێژەی ئینتیمای نیشتمانی وەك ڕێژەی گشتی لەسەر ئاستی تاك ٨٣٪ـە، ئەوا من ئەوەیان فەرامۆش دەکەم و هەڵوەستە لەسەر ئەو ٩٢٪ـە دەکەم کە هەست دەکەن ئینتیمای نیشتمانی هاووڵاتیان لەسەر ئاستی هەرێم لاوازە.

لێرەوە دێمە سەر شرۆڤەی ڕێژەی ٩٢٪ی بەشداربووان بەوەی ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیان نزمە، ئەمەش لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەناو ژینگەی سیاسیی کوردستاندا بێڕێزیکردن بە ئینتیمای نیشتمانی، گاڵتەکردن بە بۆنە نیشتمانییەکان، بێڕێزیکردن بە ئاڵای کوردستان و سیمبولە نیشتمانییەکانی تێدا قبووڵ دەکرێت و، وەك ئازادیی ڕادەربڕین لە قەڵەم دەدرێت، ئەوجا

لەلایەکی دیکەوە سەرنجیشم لەسەر پرسیاری ڕاپرسییەکەتان هەیە کە پرسیارەکانتان هەمووی ئەرێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەرموون بزانین وەڵامی ئەو خەڵکە لەسەر ئەم دەربڕینەی ڕاپرسییەکە چۆن بووە: «هیچ شتێك لە سەرووی خاك و نیشتمانەوە نییە»، تەنیا ٥٩,٥٪ دەڵێن بەڵێ، هیچ شتێك لە سەرووی خاك و نیشتمانەوە نییە، ئەوەی دیکەش کە بەشێکیان گوتوویانە تا ڕاددەیەك ئەمە مانای ئەوەیە لای ئەو بەشەش شتێك هەیە لە سەرووی خاك و نیشتمانەوە، بۆیە بەڕاستی ئەم داتایانە زەنگێکی خراپن و، چۆن دەبێت ئاستی ئینتیمای نیشتمانی لە کۆمەڵگەی کوردستان گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە زیاتر لە ٤٠٪ی هاووڵاتیان بەو شێوەیە بیربکەنەوە کە شتێك لە سەرووی خاك و نیشتمانەوە هەیە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەگەر خوانەخواستە سبەی کوردستان تووشی مەترسی ببێتەوە، نزیکەی نیوەی هاووڵاتیانی کوردستان ئامادەباشییان نەبێت بەرگری لە نیشتمانەکەی خۆیان بکەن؟

ئەوجا لێرەوە دەبێت بپرسین: ئایا ئینتیما بۆ نیشتمان چ مانایەك دەگەیەنێت؟ ئینتیما بۆ نیشتمان ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە هاووڵاتی هەست و ڕەفتاری بگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی بە بەشێك لە خاك و گەل و نیشتمانەکەی بزانێت و شانازی بە کەلتوور و مێژوو و دابونەریت و بەها و پرانسیپەکانی گەلەکەیەوە بکات و، ئامادەبێت لە پێناویدا قوربانی بدات، ئەم ئینتیمایەش بە کارکردنی دڵسۆزانە لە پێناوی پەرەپێدان و گەشەپێدانی کۆمەڵگە و هێنانەکایەی هەماهەنگی و هاریکاری لە نێوان هاووڵاتیان و قوربانیدان بە بەرژەوەندیی شەخسی، لەمەش زیاتر ئینتیما پاڵپشتێکی گەورەی ناسنامەی نیشتمانی و فاکتەری سەرەکییە بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئینتیمای نیشمانی ڕایەڵەیەکی ڕوحی قووڵە لە نێوان تاکەکان و ژیانی تاکەکان دەگۆڕێت کارلێکێکی چارەنووسسازی هاوبەش بۆ بەرگریکردن لە بونی کۆمەڵگە و بەها و کەلتوور و مێژووەکەی.

ئەمڕۆ کە قسەکردن لەسەر ئینتیمای نیشتمانی بووەتە کێشمەکێش و بۆچوونی جیاوازی دروست کردووە، لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردستان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ ئەو کێشمەکێشەی لەسەر نەبوو، هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان بە ئایین و نەتەوە جیاوازەکانە ئامادە بوو گیانی خۆی لە پێناوی بەخت بکات، بەڵام لەدوای لێکترازانی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتریش دوای نسکۆی شۆڕش لە دوای ساڵی ١٩٧٥ کە چەندین حزبی سیاسی دروست بوون، لەبری ئەوەی پێکەوە یەك بگرن و خەبات بۆ کوردستان بکەن، بەڵام شەڕی خۆکوژیی یەکتریان دەکرد، ئیدی لەو کاتەوە ئینتیما بۆ نیشتمان و کوردستان گۆڕدرا بۆ ئینتیما بۆ حزبی سیاسی و تا ئێستاش ئەم کێشەیە ماوەتەوە و چارەسەر نەکراوە.

من لێرەدا چەند چارەسەرێك دەخەمە ڕوو، پاشانیش ئەو توێژینەوەی لەسەر ئەم پرسە ئامادە کردووە، هیوادارم لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤاری گوڵاندا بڵاو بکرێتەوە، بە بۆچوونی من پێویستە:

١. گرنگە دەسەڵاتی سیاسی بە حزبەکانی فەرمانڕەوا و ئۆپۆزسیونەوە ڕۆڵی خۆی دووبارە لە دوای ڕاپەرینەوە هەڵبسەنگێنێتەوە و، زۆر ڕاستگۆیانە دەست بخاتە سەر کێشەکان و کاربکات بۆ چارەسەرکردن و ڕاستکردنەوەی پرۆسە سیاسییەکە.

٢. گرنگە هەموو حزبە سیاسییە کوردستانییەکان ڕۆئیایەکی ڕۆشنیان بۆ ئایندەی کوردستان هەبێت و پرۆگرامی واقیعییانەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانمان هەبێت.

٣. پێویستە سەرلەنوێ چاو بخشێندرێتەوە بە ڕێوشوێنە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان و بکرێتە میکانیزمێکی بەرپرسیار بۆ ئامادەکردنی نەوەیەك کە ئینتیمای بۆ گەل و نیشتمانەکەی هەبێت.

٤. گرنگە هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکان بایەخێکی گەورە بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بدەن و ڕۆڵی ڕابەر و سیمبولەکان بەرز بنرخێندرێت.

بێگومان ئەو خاڵانەی بۆ چارەسەرکردنی لاوازیی ئینتیمای نیشتمانی لە توێژینەکەم ئاماژەم پێ کردوون، زۆرن و لێرە لەبەر کەمیی کات نەمتوانی هەموویان بخەمە ڕوو، بەڵام قسەکانم بەوە کۆتایی پێ دەهێنم، کە ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیانی کوردستان زۆر نزمە و هۆکاری سەرەکییش شێوازی کارکردنی حزبەکانە لە پرۆسەی سیاسیدا و هەتا حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەستبەرداری ڕق و کینە و سەنگەرلەیەکدی گرتن نەبن و بەردەوام بن لە یەکدی ڕەتکردنەوە، ئەوا هیچ چارەسەرێك بۆ بەرزکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی ئاکامێکی نابێت.

**لەناو ژینگەی سیاسیی کوردستاندا بێڕێزیکردن بە ئینتیمای نیشتمانی، گاڵتەکردن بە بۆنە نیشتمانییەکان، بێڕێزیکردن بە ئاڵای کوردستان و سیمبولە نیشتمانییەکانی تێدا قبووڵ دەکرێت و، وەک ئازادیی ڕادەربڕین لە قەڵەم دەدرێت**

**چۆن دەبێت ئاستی ئینتیمای نیشتمانی لە کۆمەڵگەی کوردستان گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە زیاتر لە ٤٠٪ی هاووڵاتیان بەو شێوەیە بیربکەنەوە کە شتێک لە سەرووی خاک و نیشتمانەوە هەیە؟**

**ئینتیما بۆ نیشتمان ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە هاووڵاتی هەست و ڕەفتاری بگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی بە بەشێک لە خاک و گەل و نیشتمانەکەی بزانێت و شانازی بە کەلتوور و مێژوو و دابونەریت و بەها و پرانسیپەکانی گەلەکەیەوە بکات و، ئامادەبێت لە پێناویدا قوربانی بدات**

**گرنگە هەموو حزبە سیاسییە کوردستانییەکان ڕۆئیایەکی ڕۆشنیان بۆ ئایندەی کوردستان هەبێت و پرۆگرامی واقیعییانەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانمان هەبێت**



د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس

سیاسەتمەدار و مامۆستای زانکۆ:

# ڕەفتاری حزبەکان و بوونی گەندەڵی بە کەلتوور هۆکاری سەرەکیی لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانین لای هاووڵاتیان

**د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، جیا لەوەی یەکێك بووە لە پسپۆڕ و ئەکادیمیستە دیارەکانی زانکۆی سەلاحەدین، لە هەمان کاتدا پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی دێرین بووە و، جیا لە خەباتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، ڕاستەوخۆ لە ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە و بەرپرسیاریەتیی جۆراوجۆریشی هەبووە، لە کایەی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و کەلتووریشدا هەموو کات قەڵەمێکی بە بڕشت و گوتارێکی نیشتمانییانەی هەبووە، ئێستاش هەر بەو ئاراستەیە لە خەبات بەردەوامە، لەم گفتوگەیەشدا بەمجۆرە بۆچوون و چارەسەرکانی خستەڕوو:**

ئەم هەوڵەی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گفتوگۆ و گەنگەشەکردنی بابەتێکی گرنگی وەك «ئینتیمای نیشتمانی»، من ناوی لێ دەنێم دانانی بناخە بۆ توێژینەوە لەسەر ئەم پرسە گرنگە و دروستکردنی نەخشە ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی لاوازیی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیانی کوردستان، ئەم پرسەش لە تێڕوانینی مندا ڕەهەند و ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵتری هەیە و، دەبێت دەست لەسەر ئەو هۆکارانە دابنێین کە بوونە هۆکاری ئەوەی هەست بە لاوازیی ئینتیمای نیشتمانی بکەین.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی زۆر دوور نا، کە مەبەستم دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و لەو کاتەی کە ڕژێمی بەعس دامەزراوە ئیدارییەکانی لە کوردستان کێشایەوە، بینیمان هاووڵاتیان و گەنجەکانی کوردستان دروشمی «سەری بڵند بۆ مووچە نەوی ناکەین»یان بەرزر کردووە و، نەیانهێشت قوتابخانە و زانکۆ و دامەزراوەکان لە کوردستاندا ڕابوەستن. هەروەها کاتێك تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان، ئەوە هەر گەنجەکانی کوردستان بوون بە گیان و تەمەنی خۆیان نیشتمانەکەیان پاراست، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە گەنجان و هاووڵاتیانی کوردستان بەرزترین ئینتیمای نیشتمانییان هەیە.

کەواتە ئەو هۆکارانە چین کە ئێستا ئێمە ئەم دیاردەیە دەبینین؟ من دەڵێم خەڵك لە

ڕەفتاری حزبەکان و شێوازی حوکمڕانییان تووڕەیە و توراوە و بێزار بووە، ئەمە وای کردووە کە خەڵك لە ڕقی ڕەفتاری حزبە سیاسییەکان لە نیشتمانەکەی خۆیشی بێزار بێت.

لەم ڕووەوە ئێمە لە قەیرانگەلێکی مەترسیداردا دەژین، ئەمەش واتە یەك قەیران نییە، بەڵکو بریتین لە قەیرانەکانی «سیاسی، ئابووری، ئایدیۆلۆژی، کارگێڕی»، ئەمە پێمان دەڵێت ئێمە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە قەیراندایین.

یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەم قەیرانگەلە، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش ڕاپەڕین و سەردەمی بەرەی کوردستانی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوای ساڵی ١٩٩٠ کۆمەڵێك ڕووداوی زۆر گەورە ڕوویان دا، پاشان ڕاپەرین و گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، حزبەکانی بەرەی کوردستانی لە ئاستی ئەم ڕووداوە گەورانە بیریان نەکردەوە و نەیانتوانی وەك پێویست گۆڕانکارییەکان بەڕێوە بەرن. هەر بۆیە دوای ئەوەی پاش ڕاپەرین گەڕاینەوە بۆ ناو شارەکان و هەڵبژاردن کرا و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، لەبری ئەوەی حزبەکان هەوڵ بدەن حوکمڕانییەکی باش بکەن، دیسان کەوتنە ململانێ و پەلاماردانی یەك و بە داخەوە دەڵێم ڕاو و ڕووت. لە ئێستاشدا ئەو بارودۆخ و قەیرانانە هەر بەردەوامن. ئێمە نەك هەر نەمانتوانیوە وەك خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەو قەیرانانە بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووینە هۆکارێك بۆ ئەوەی قەیرانی دیکەی لەسەر کەڵکە بکەین، یەکێك لەو قەیرانە مەترسیدارانە ئەوەیە کە گەندەڵی بووەتە کەلتوور و هەموو کایەکانی ژیانی گرتووەتەوە و بووەتە ڕێگر لە بەردەم پرۆسەی چاکسازی لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا.

ئاکامی ئەو گەندەڵییە کە ئەو هەموو حاڵەتە نەرێنییانەی دەبیین و هەست بە بوونی دادی کۆمەڵایەتی ناکەین، ئەوەیە خەڵك ترووسکاییەك نابینێت کە خەونەکانی بێتە دی، هەروەها ئەوەمان لەبیر کردووە کە گەنج لە وڵاتە زۆر پێشکەوتووەکانیشدا گیانێکی یاخی و تووڕەی هەیە و دەبێت زۆر لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕۆحییەتە یاخی و تووڕەیە بکرێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئێمە لەناو پرۆسەی قەیرانگەلێکین ئەوا دەبێت دیراسەتی جددیمان بۆ هەموو ئەو قەیرانانە هەبێت کە حزب ڕۆڵی گەورەی تێدا هەیە و، دەبێت لە خودی حزبەوە دەستی پێ بکرێت، لەبەر ئەوەی حزب ڕۆڵێکی گەورە لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا دەبینێت.

هەر لەم گفتوگۆیەدا زۆر باسی حزب و دیموکراسی و نەتەوە و دەوڵەت کرا، لە ڕاستیدا ئەم چەمکانە هەموویان بەرهەمی قۆناغی مودێرنیتەیە، بەداخەوە پرۆسەی مۆدێرنیتە بە شێوە سرووشتییەکەی لەوڵاتی ئێمە ڕووی نەداوە، هەر بۆیە دەبینین، ئەوە خودی حزبە سیاسییەکانن فیستیڤاڵی خێڵەکان زیندوو دەکەنەوە، ئەوە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حزبەکانن ڤیستیڤاڵی خێڵەکان ڕێك دەخەن و گوتاری تێدا دەخوێننەوە، سەبارەت بە پرسی دیموکراسییش، دەبێت هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین، کە دیموکراسی سیستمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە و، ڕەگ و ڕیشەی خۆی هەیە و مێژوو ئەو کەلتوورە دروست دەکات و، بەردەوامیش بەرەو پێشەوە دەچێت. لە باری واقیعیدا دیموکراسیەت وەك سیستم لای ئێمە بوونی نییە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو پرۆسەیە ڕووی نەداوە، لەم ڕووەوە چارەسەرکردنی کێشەکان بە زۆری حزبە سیاسییەکان دەگرێتەوە و دەبێت حزبەکان خۆیان لە بەرپرسیاریەتی نەشارنەوە و زۆر بە واقیعییانە مامەڵە لەگەڵ هەموو قەیرانەکان بکەن و دەبێت پێش کۆمەڵگە لەناو حزبەکانەوە کار لەسەر چاکسازی ڕیشەیی بکرێت و، حزبەکان خۆیان ببنە فاکتەرێك بۆ پرۆسەی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی، نەك وەك ئێستا کە خۆیان بوونەتە ڕێگر بۆ پرۆسەی چاکسازی لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا، هەتا ئەم هەنگاوە نەنرێت، زۆر ئەستەمە بتوانرێت هاووڵاتیان ئاشت بکرێنەوە و ئەو هەستەی لا دروست ببێتەوە کە وەك دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بڵێت «سەری بڵند بۆ مووچە نەوی ناکەین» و قوربانی دەدەین بۆ ئەوەی کوردستان وەك نیشتمان سەربەرز و سەرفراز بێت.

**کاتێک تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان، ئەوە هەر گەنجەکانی کوردستان بوون بە گیان و تەمەنی خۆیان نیشتمانەکەیان پاراست، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە گەنجان و هاووڵاتیانی کوردستان بەرزترین ئینتیمای نیشتمانییان هەیە**

**خەڵک لە ڕەفتاری حزبەکان و شێوازی حوکمڕانییان تووڕەیە و توراوە و بێزار بووە، ئەمە وای کردووە کە خەڵک لە ڕقی ڕەفتاری حزبە سیاسییەکان لە نیشتمانەکەی خۆیشی بێزار بێت**

**پاش ڕاپەرین گەڕاینەوە بۆ ناو شارەکان و هەڵبژاردن کرا و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، لەبری ئەوەی حزبەکان هەوڵ بدەن حوکمڕانییەکی باش بکەن، دیسان کەوتنە ململانێ و پەلاماردانی یەک و بە داخەوە دەڵێم ڕاو و ڕووت**

**یەکێک لەو قەیرانە مەترسیدارانە ئەوەیە گەندەڵی بووەتە کەلتوور و هەموو کایەکانی ژیانی گرتووەتەوە و بووەتە ڕێگر لە بەردەم پرۆسەی چاکسازی لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا**






**د. مەهاباد سەعدی**

**پسپۆڕی سیسیۆلۆژی لە زانکۆی سەلاحەدین:**

# لای هاووڵاتیان ئینتیما بۆ حزب و دەسەڵات لە ئینتیما بۆ نیشتمان گەورەترە

**د.مەهاباد سەعدی پسپۆڕە لە بواری سیسیۆلۆژی و یەکێکە لەو توێژەر و ئەکادیمیستانەی ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو کۆڕ و کۆبوونەوانە هەیە کە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ئەنجام دەدرێن، هەروەها جیا لە نامەی دکتۆراکەی چەندین توێژینەوەی زانستی لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ئەنجام داوە و، ئەمجارە لە گفتوگۆی بازنەی گفتوگۆ سەبارەت بە ئینتیمای نیشتمانی بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

بە ڕاستی دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆیە لەسەر پرسی ئینتیمای نیشتمانی، ئێمەش وەك زانکۆی سەلاحەدین هەر لەم مانگەدا سیمپۆزیمێکمان بە ناونیشانی «هەستی نیشتمانپەروەری بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی ئەرکی هەموومانە» ئەجام دا، لە هەمان کاتدا ڕاپرسییەکیشمان لەناو قوتابیانی زانکۆ ئەنجام دا، ئەویش کۆمەڵێك داتای بۆ ئاشکرا کردین کە لێرەدا حەزدەکەم بە خێرایی ئاماژە بە هەندێکیان بکەم:

**١. ڕێز لە بەها و سیمبولە نیشتمانییەکان دەگریت؟**

٦٧٪ بەڵێ . ١٠٪ نەخێر . ٢٣٪ تا ڕاددەیەك

**٢. پێتوایە گەنجان شوێن و پێگەی گونجاویان دەبێت لە پۆستە حکوومییەکاندا؟**

٨٪ بەڵێ . ٦٧٪ نەخێر . ٢٥٪ تا ڕاددەیەك

**٣. ڕازیت لە بەرنامەی پارتە سیاسییەکان؟**

١٠٪ بەڵێ . ٧٠٪ نەخێر . ٢٠٪ تا ڕاددەیەك

**٤. دەرفەتت هەبێت کوردستان بەجێ دەهێڵیت؟**

٤٣٪ بەڵێ . ٣٧٪ نەخێر . ٢٠٪ تا ڕاددەیەك

**٥. ئایا وانەکانی خوێندن تا چەند هۆکار بوون بۆ بەهێزبوونی هەستی نیشتمانی؟**

١٠٪ زۆر . ٣٧٪ کەم . ٤٨٪ تا ڕاددەیەك

بێگومان داتاکان زۆرن، ئەم چەند داتایەم وەك بەراوردێك بۆ ڕاپرسییەکەی «بازنەی گفتوگۆ» خستە ڕوو، کە وەك د.جەلالیش ئاماژەی پێ کرد، لە تەمەنەکانی (١٨-٢٧») ئاستی ئینیتیمای نیشتمانی لە ڕاپرسییەکەدا لە هەموو تەمەنەکانی دیکە لاوازترە.

لێرەوە دەمەوێت دوو چەمك لە یەکتری جیابکەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

- بوونی ئینتیما - Belonging
- دڵسۆزی - loyalty

ئێمە هەموومان ئینتیمامان بۆ کوردستان هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەم نیشتمانە لەدایك بووین و کۆمەڵێك پرس هەیە بەم نیشتمانەمان گرێ دەداتەوە،

بەڵام پرسەکە ئەوەیە ئێمە چەند دڵسۆزین بۆ ئەم نیشتمانە، بۆیە لەم خاڵەوە کاتێك ئێمە دێین گەنگەشەی ئەم پرسە دەکەین «ئایا دەمانەوێت ئینتیما بۆ نیشتمان زیاد بکەین، یان دڵسۆزیمان بۆ نیشتمان زیاد بکەین؟» بە بۆچوونی من دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین کە دڵسۆزی بۆ نیشتمان زیاد بکەین.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر بێینەوە سەر ڕاپرسییەکەی بازنەی گفتوگۆ، ئایا ئەوانەی دەنگیان بۆ ئینتیما داوە، دەنگیان بە ئینتمای نیشتمانی داوە، یان ئینتیمای حزبی، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری بەشداربووان ئینتیمای حزبییان هەیە.

پێش دەستپێکی مودێرنیتە و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی «Nation State» لە ڕۆژئاوا، قۆناغی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی هەبوو، دەبوو خەڵك دڵسۆز بێت بۆ دەسەڵات، بەڵام پاش مودێرنیتە و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوە، دەوڵەت کۆتایی بە هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە هێنا و خۆی بووە دەسەڵات، ئیدی چەمکی ئینتیما و دڵسۆزی بۆ دەوڵەت و نیشتمان سەری هەڵدا.

من خوێندنم لە بەریتانیا تەواو کردووە و لە زۆر بۆنە و ڕووداودا ئەوەم بینیوە کە هاوولاتیانی بەریتانیا دڵسۆزییان بۆ نیشتمانەکەی خۆیان هەیە، هەر بۆ نموونە ئەگەر دایك و باوکێك لەسەر شەقام خۆی لە منداڵەکەی تووڕە بکات، خەڵکێك ببینێ یەکسەر دەوڵەت ئاگادار دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی قەناعەتی بەوجۆرەیە کە نابێت لەم نیشتمانە مافی ئەو منداڵە پێشێل بکرێت، بەڵام لە کوردستان لەبەر ئەوەی دڵسۆزی و ئینتیماکە بۆ حزب و دەسەڵاتە، ئەگەر کەسێکی نزیکی ئێمە هەڵەیەك بکات، یان مافی ئەوی دیکە پێشیل بکات، ئەوا ئێمە لە حکومەت دەیشارینەوە و وا دەزانین ئەمە دڵسۆزییە.

بۆیە بە شێوەیەکی گشتی من وای دەبینم پرسی «ئینتیما و دڵسۆزی» لە تێگەیشتنی ئێمەی هاوولاتیانی کوردستاندا پرسێکی فرە ڕەهەندە و تەنیا ئینتیما و دڵسۆزی بۆ نیشتمان نییە، بەڵکو دڵسۆزیمان بۆ دەسەڵات، ئایین و حزبە هەر بۆیە ئینتیما و دڵسۆزیمان بۆ نیشتمان و دەوڵەت لاوازە.

لێرەوە لەبەر ئەوەی کاتەکە کەمە من دەچمە سەر ئەو چارەسەرانەی کە پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی دڵسۆزیمان بۆ نیشتمان بیانگرینەبەر:

- گرنگە دەست بە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە بکرێت بۆ ئەوەی ئینتیمای هاوولاتیان بۆ نیشتمان، لە ئینتیما بۆ حزب و کەسەکان جیا بکرێتەوە.
- سیستمی پەروەردە واتە فێرکردن «Education»، فێرکردنیش لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ دەکات، هەر بۆیە دەبێت لە باخچەی ساوایانەوە منداڵان بەو شێوەیە پەروەردە بکرێن و فێر بکرێن کە نیشتمانەکەی خۆیان خۆش بوێت و شانازی بە ئاڵا و مێژوو و سیمبولەکانی خۆیان بکەن، بەداخەوە لە سیستمی پەروەردەی کوردستاندا کەموکورتیمان هەیە.
- ئەکتیڤکردنەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوە لۆکاڵییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەداخەوە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا بووەتە بزنێس.
- دەبێت سەرلەنوێ چاو بخشێندرێتەوە بە پەروەردەی سیاسیی کۆمەڵگەدا، بۆ ئەمەش پێویستە گوتاری سیاسیی حزبەکان لە خزمەتی سیاسەت و ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا بێت.
- میدیا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت، بەڵام بەداخەوە بەشی هەرە زۆری میدیاکانی کوردستان، حزب و کەسەکان دەخەنە سەرووی نیشتمانەوە، بۆیە دەبێت ئەم لایەنە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت و بەرژەوەندیی نیشتمان لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە بێت.
- ڕۆڵی دامەزراوە ئایینەکان، بەتایبەتیش ڕۆڵی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵگەی ئێمە ڕێز لە مەلا و زانایانی ئیسلامی دەگرێت، لەم ڕووەوە گرنگە یەکێتی زانایانی ئیسلامی بەرنامەیەکی باشیان هەبێت.
- فراوانکردنی بەشداریی هاوولاتیان لە کایەی سیاسی و حوکمڕانیدا، حزبە سیاسییەکان کارێکیان کردووە، تەنیا ئەندامەکانی خۆیان بە هاوولاتی دەزانن، تەنانەت هاوولاتیەك ئەگەر خاوەن بڕوانامەی بەرز و توانایەکی بەرزی تەکنۆکراتیش بێت، بەڵام ئەندامی حزبێکی سیاسی نەبێت، ئەو بوارەی نییە بەشداریی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا بکات.
- کارکردن بۆ دابینکردن و چەسپاندنی پرانسیپەکانی دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا، ئێمە لە کوردستان یاسای زۆر باشمان هەیە، بۆیە کێشەمان لە بوونی یاسادا نییە، بەڵکو کێشەمان لە جێبەجێکردنی یاساکان و سەروەریی یاسادا هەیە.
- کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی سەرکردەی باشی تەکنۆکرات لە دەرەوەی حزبە سیاسییەکان و بوار ڕەخساندن بۆیان.
- بیرکردنەوە لە دانانی سیستەمێك بۆ چاودێریی تەندروستی و بیمەی بێکاری کە ئێستا لە هەموو دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا پیادە دەکرێت.

**ئێمە هەمووومان ئینتیمامان بۆ کوردستان هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەم نیشتمانە لەدایک بووین و کۆمەڵێک پرس هەیە بەم نیشتمانەمان گرێ دەداتەوە**

**پاش مودێرنیتە و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوە، دەوڵەت کۆتایی بە هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە هێنا و خۆی بووە دەسەڵات، ئیدی چەمکی ئینتیما و دڵسۆزی بۆ دەوڵەت و نیشتمان سەری هەڵدا**

**لە کوردستان لەبەر ئەوەی دڵسۆزی و ئینتیماکە بۆ حزب و دەسەڵاتە، ئەگەر کەسێکی نزیکی ئێمە هەڵەیەک بکات، یان مافی ئەوی دیکە پێشیل بکات، ئەوا ئێمە لە حکومەت دەیشارینەوە و وا دەزانین ئەمە دڵسۆزییە**

**پرسی «ئینتیما و دڵسۆزی» لە تێگەیشتنی ئێمەی هاوولاتیانی کوردستاندا پرسێکی فرە ڕەهەندە و تەنیا ئینتیما و دڵسۆزی بۆ نیشتمان نییە، بەڵکو دڵسۆزیمان بۆ دەسەڵات، ئایین و حزبە هەر بۆیە ئینتیما و دڵسۆزیمان بۆ نیشتمان و دەوڵەت لاوازە**





**د.فازڵ عومەر**

**سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەڤرۆ لە دهۆک:**

# فرەحزبی لە کوردستاندا ئینتیمای نیشتمانی وەرچەرخاندووە بۆ ئینتیمای حزبی و لاوازی کردووە

**د.فازڵ عومەر جیا لەوەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەڤرۆیە کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و لە پارێزگای دهۆك دەردەچێت، لە هەمان کاتدا توێژەرە و قەڵەمێکی دیاری بواری ڕۆشنبیری و کەلتووریشە لە کوردستاندا، ماوەیەکیش سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کەسێکی جەماوەرییە و لە نزیکەوە تێکەڵی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە، لەم گفتوگۆیەشدا بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

ئینتیمای نیشتمانی بابەتێکی فرەڕەهەندە و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە، بەڵام لە سەرەتاوە بەو پرسیارە دەست پێ دەکەم ئایا ئینتیما چییە؟ یان چۆن پەیدا بووە؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، ئینتیمای مرۆڤ بۆ گرووپێك، دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی سەرەتایی مرۆڤایەتی و پێش سەردەمی کشتوکاڵی، ئەمەش واتە ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ پێویستی بە «ڕاوکردن» بوو، بۆ ئەوەی بژی، ئەوجا بۆ ئەوەی خۆیان لە گیانەوەری دڕندە بپارێزن و بە ئاسانی خواردن پەیدا بکەن، ناچار بوون ببنە گرووپ بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بپارێزن و نەبنە نێچیری دڕندەکان و خواردنیش پەیدا بکەن. ئەوجا دواتر و دوای ئەوەی مرۆڤ دەستی کرد بە کشتوکاڵ و نیشتەجێ بوو، وردە پێداویستییەکانی ژیان ناچاری کرد، کە گرووپەکە گەورەتر بێت و ببێتە هۆز و دوای ئەویش هۆزەکان ببنە نەتەوە، ئەمە هەمووی پێمان دەڵێت ئینتیمای نیشتمانی واتە ناچاربوونی هاووڵاتیان بۆ پاراستنی نیشتمانەکەیان، بۆ ئەوەی خۆیان وەك نەتەوە بمێننەوە، هەر بۆیە کاتێك هەست بکرێت ئەم ئینتمایە لاواز دەبێت، ئەوا چارەنووسی نەتەوە و نیشتمان بەرەو مەترسی دەچێت.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی چەمکی «ئینتیما» چەمکێکی فرە ڕەهەندە و فرە ئاستە، بەڵام ئێمە لەم گفتوگۆیە باس لە «ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیانی کوردستان» دەکەین، بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و ئاماژە بەوە بکەین کە هاووڵاتیانی کوردستان هەتا سەدەی بیستەم بریتی بوون لە سێ ئاست لە بەرهەمهێنان و ژیانەوە:

١- ئاستی کۆچەری

لەم ئاستەدا خەڵك گرێدراوی خاك نەبووە، بەڵکو گرێدراوی چەروانە/ لەوەڕگە بووە.

٢-ئاستی گوند

لەم ئاستەدا خەڵکی گوند گرێدراوی پیشە بووە، کە ئەویش جووتیاری بووە، ئەم ئاستە گرێدراوی خاك بوون.

**٣-ئاستی شارەکان**

گومانی تێدا نییە شارەکانی کوردستان لە زۆربەی سەردەمەکان، لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکارانی «تورك و فارس و عەرەب»دا بوون و داگیرکار دەسەڵاتدار بووە، بۆیە ئینتیماش بۆ دەسەڵات بووە.

لەبەر ئەم هۆکارانە ئەگەر وەك سەرەنجام سەیری بکەین، دەبینین بوونی کوردستان وەك کوردستانێکی گەورە و نەتەوەیەکی یەکگرتوو لە بیرکردنەوەی ئێمەدا بوونی هەیە، بەڵام هەرگیز کوردستان دەوڵەتێکی یەکگرتوو نەبووە، هەتا نەتەوەیەکی یەکگرتوو و ئینتیمایەکی نیشتمانیی یەکگرتووی هەبێت.

کە واتە ئەم واقیعە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئینتیمای خەڵکی کوردستان پتر بۆ هۆز بووە، نەك بۆ نیشتمان و نەتەوە، بەڵام پاش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦١، بوونە دوو فاکتەری بەهێز بۆ گۆڕینی ئینتیما لە هۆزەوە بۆ ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی، بەڵام ئەمەش درێژەی نەکێشا دوای لێکترازانەکەی ١٩٦٤ و هەروەها نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥، بە هۆی دروستبوونی فرەحزبی لە کوردستاندا، جارێکی دیکە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی بوو بە ئینتیمای حزبی سیاسی، ئەمەش واتە حزبی سیاسی جێگەی هۆز و خێڵەکانی گرتەوە.

ئەوجا وەك دکتۆر کامەرانیش ئاماژەی پێ کرد، ئێمە ئێستا لەناو قەیرانی ئینتیمای نیشتمانیداین، بەڵام با پرسین: بۆچی کەوتینە ناو ئەم قەیرانە؟ بە دیتنی من هۆکارێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری دینی. زۆربەی خەڵکی کوردستان لە قۆناغی هزری دینی دەژین. هزری دینی دونیا بە ڕەنگی ڕەش و سپی دەبینێ، ئەوجا هەموو شت، یان حەرامە، یان حەلاڵ، جێگاش یان بەهەشتە، یان دۆزەخ. هەر بۆیە دوای ئەوەی لە بەهاری ١٩٩١ ڕاپەڕین ڕووی دا و دەسەڵاتی کوردی دامەزرا، خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوە بوون کە دەسەڵاتی کوردی بەهەشتی بۆ دروست بکات، هەر بۆیە کە سەیری واقیعی حاڵی خۆی دەکات و لەگەڵ بەهەشت بەراوردی دەکات، هەست دەکات لە دۆزەخ نزیکترە، بۆیە یاخی دەبێت و دەیەوێت لە دۆزەخدا نەمێنێتەوە، یان کۆچ دەکات، یان هەموو شت ڕەش دەبینێت و بە ڕەهایی واقیعەکە ڕەت دەکات، ئەمەش پتر حاڵەتێکی دەروونییە و دەبێت ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین لەگەڵ ئەو بارە دەروونییە مامەڵە بکەین و هۆشیاریان بکەینەوە کە لە نێوان دۆزەخ و بەهەشت لە واقیعدا شتێکی دیکە هەیە و لە ئەرزی واقیعدا لە هیچ شوێنێك بەهەشت دروست ناکرێت، بەڵکو گرنگە ئێمە خۆمان هەموومان پێکەوە هەوڵەکان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی خۆمان لە دۆزەخ ڕزگار بکەین و خۆمان بەهەشت بۆ خۆمان دروست بکەین.

ئەم پرسە پرسێکی فیکرییە و پەیوەستە بە سیستمی پەروەردە و فێرکردن و ناوەندەکانی زانکۆ و کۆڕ و کۆبوونەوە ڕۆشنبیری و فیکرییەکان و ئەکتیڤکردنەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنی و جەماوەری و پیشەییەکان، بۆ ئەوەی ئەو کەلتوورە زاڵە کاڵ بکەینەوە، کە جیهان بە ڕەش و سپی دەبینێت و پێی وایە هیچ ڕەنگێکی دیکە بوونی نییە.

خاڵێکی دیکە بۆ لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیانی کوردستان، ئەوەیە کە ئێمە لە دوای ساڵی ١٩٩١ سیستمی دیموکراتی پیادە دەکەین، هەموو لایەکیش دەزانێت کە بناغەی سیستمی دیموکراتی «تاکگەرییە»، ئەمەش واتە تاك زیاتر بایەخ بە پێداویستی و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات و ئەمەش ئینتیمای نیشتمانی لاواز دەکات، بە تایبەت لەناو کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان، کە دیموکراسی نەبووەتە کەلتوور بۆیان.

لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەدا سەرۆك مسعود بارزانی لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەوڵی دا جارێکی دیکە ئینتیمای هاووڵاتیان بۆ حزبە سیاسییەکان وەربچەرخێنێت بۆ ئینتیمای نیشتمانی و ئەم وەرچەرخانە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی بەسەر تیرۆریستاندا دروست کرد، هەر ئەم ئینتیما نیشتمانییەش ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ی سەر خست و، خەڵکی هەرێمی کوردستانی لەسەر ئامانجێکی گەورەتر کۆ کردەوە. بۆ ئێستاش من پشتگیریی هەموو ئەو خاڵانە دەکەم کە د. مەهاباد خستیە ڕوو و بە ڕێگەچارەیەکی باشیان دەزانم، زۆر گرنگە بایەخ بە پەروەردەی نیشتمانی بدەین لە سیستمی خوێندن و زانکۆکان، بە ڕاستی زۆر مەخابنە گەنجی ئێمە لە ژێر کاریگەریی کەلتووری ڕۆژئاوا، یان کەلتووری ئیسلامی سیاسیدا بێت، کە هیچیان لە بەرژەوەندیی میللەت و ئینتیمای نیشتمانیی ئێمەدا نین.

لەبەر کەیمی کات، وەك دوا قسەم دەڵێم: ڕاستە ئینیتما هەستکردنە، بەڵام بە پلە یەك لەسەر پێداویستییەکانی ماددی دروست دەبێت و، بە پلە دوو لەگەڵ بیروباوەڕەکان.

**ئینتیمای نیشتمانی واتە ناچاربوونی هاووڵاتیان بۆ پاراستنی نیشتمانەکەیان، بۆ ئەوەی خۆیان وەک نەتەوە بمێننەوە، هەر بۆیە کاتێک هەست بکرێت ئەم ئینتمایە لاواز دەبێت، ئەوا چارەنووسی نەتەوە و نیشتمان بەرەو مەترسی دەچێت**

**زۆربەی خەڵکی کوردستان لە قۆناغی هزری دینی دەژین. هزری دینی دنیا بە ڕەنگی ڕەش و سپی دەبینێ، ئەوجا هەموو شت، یان حەرامە، یان حەلاڵ، جێگاش یان بەهەشتە، یان دۆزەخ.**

**بناغەی سیستمی دیموکراتی «تاکگەرییە»، ئەمەش واتە تاک زیاتر بایەخ بە پێداویستی و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات و ئەمەش ئینتیمای نیشتمانی لاواز دەکات، بە تایبەت لەناو کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان، کە دیموکراسی نەبووەتە کەلتوور بۆیان**

**زۆر مەخابنە گەنجی ئێمە لە ژێر کاریگەریی کەلتووری ڕۆژئاوا، یان کەلتووری ئیسلامی سیاسیدا بێت، کە هیچیان لە بەرژەوەندیی میللەت و ئینتیمای نیشتمانیی ئێمەدا نین**






**د. ئیبراهیم مەلا زادە**

**پسپۆڕ لە بواری تاوانەکانی جینۆساید دژی خەڵکی کوردستان:**

# لە هەرێمی کوردستاندا حزب لە حکومەت بەهێزترە ئیدی چۆن ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیان لاواز نابێت؟

**د. ئیبراهیم مەلازادە جیا لەوەی نامەی دکتۆراکەی لەسەر»تاوانەکانی جینۆسایدە دژی خەڵکی کوردستان»، لە هەمان کاتدا توێژینەوەی زۆر قووڵی کۆمەڵناسانەی لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی «Nation State» کردووە و لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش بە شێوەیەکی زۆر زانستییانە کاری لەسەر دەرهاویشتە نەرێنییەکانی تاوانەکانی ئەنفال و کۆمەڵکوژی و کیمیاباران کردووە، هەر بۆیە لەناو هەناوی ئەم مێژووە تاڵەوە زۆر بە پەرۆشیەوە بۆچوونەکانی بەمجۆرە خستەڕوو:**

سەبارەت بە ڕاپرسیەکەی بازنەی گفتوگۆ من زیاتر پشتگیری ئەو داتایانە دەکەم کە د.مەهاباد خستیە ڕوو، هەر بۆ بیرهێنانەوەش هەر چەند هەفتەیەکە ناوەندی شیکار ڕاپرسییەکی کردبوو زیاتر لە ٥٠٪ی هاووڵاتیانی هەرێم داوایان کردبوو، ڕازین مووچەکانیان بخرێتەوە سەر حکومەتی ناوەندی، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە دەیانەوێت قەوارەی هەرێمی کوردستان نەمێنێت؟ بۆیە دەبێت زۆر بە جددی لەسەر مەسەلەی لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانی هەڵوەستە بکەین، بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر ئەم پرسە، دەخوازم چوارچێوەیەکی تیۆری سۆسیۆلۆژییانە بۆ ئەم پرسە دروست بکەم، بۆ ئەمەش دەگەڕێمەوە بۆ تیۆرییەکەی کۆمەڵناسی گەورە «نوربیرت ئەلیاس»، ئەم زانا گەورەیە دیراسەی مێژووی ئەوروپای لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە کردووە و سێ نموونەی وەرگرتووە کە بریتین لە «ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا» و لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانکارییانەوە بە درێژایی ئەو مێژووە تیۆرەکەی خۆی بۆ دەوڵەت و حوکمڕانی داڕشتووە، لەسەر دوو بنەمای سەرەکی کە بریتین لە:

١- دەبێت حکومەت مونۆپۆڵی هەموو هێزە ئەمنییەکان بکات، نەك حزب.

٢- هەروەها دەبێت حکومەت مۆنۆپۆلی هەموو سەرچاوەکانی دارایی بکات، نەك حزب.

نوربیرت ئەلیاس ئەم دوو بنەما سەرەکییەی کردوونەتە مەرجی سەقامگیری دەوڵەتی نەتەوەیی، یان نیشتمانی،ئەمەش واتە ئەگەر ئەم دوو بنەمایە نەبوو، ئەوا شتێك نابێت بە

ناوی حکومەتێکی مۆدێرن و نیشتمانی، لەم حاڵەتەدا ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی لاواز دەبێت و دەکەوێتە بەر مەترسییەوە.

با لەم دوو خاڵەوە سەیری واقیعی ئێستای کوردستان و مۆنۆپۆلەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، چی دەبینین؟ دەبینین لە واقیعی حاڵدا دوو هێزی پێشمەرگەمان هەیە، دوو ئیدارەشمان هەیە لەژێر دەستی دوو حزبی سەرەکی و هەردوو حزبەکەش لە حکومەت بەهێزترن.

هەر بۆیە هەتا حزبی سیاسیی خۆی مۆنۆپۆلی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان بکات و مۆنۆپۆلی سەرچاوەکانی دارایی بکات، ئەوا حوکمڕانی لە وڵاتدا ناچێتە سەر سکەی خۆی و دەوڵەت ناتوانێت ستراتیژیەتی ڕاستەقینەی خۆی دیاری بکات.

هەر بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت حوکمڕانییەکی نەبین؟ ڕاستە هێزی پێشمەرگە قارەمانە، بەڵام ئەم هێزە کاتێك قارەمانیەتییەکەی بەرجەستە دەبێت، کە لەیەك مەرجەع بڕیار وەربگرێت، نەك لە دوو حزبی سیاسی.

ئەوەی گرنگە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان دەیتوانی زۆر بە باشی بە ئاراستەی نیشتمانسازی وەبەرهێنان بکات، یەکێکیش لەوانە پرسی جینۆسایدی خەڵکی کوردستانە. سێ بڕیار لە لایەن بەعسەوە لە بەغدای پایتەخت دەرچوون دژ بەو میللەتە، بەڵام لەبەر شەڕی کورسی و پارە حزبە سیاسییەکان ئاگایان لە شەڕی نیشتمانسازی نییە.

لە دوماهیدا کە تا ڕاددەیەکی زۆر لە چارەسەرەکان نائومێدم، دەڵێم هەتا ئەم دیاردانە هەبن، ناتوانین بیر لەچارەسەرێکی دروست بکەینەوە:

■

**هەتا حزبی سیاسیی خۆی مۆنۆپۆلی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان بکات و مۆنۆپۆلی سەرچاوەکانی دارایی بکات، ئەوا حوکمڕانی لە وڵاتدا ناچێتە سەر سکەی خۆی و دەوڵەت ناتوانێت ستراتیژیەتی ڕاستەقینەی خۆی دیاری بکات**



ڕاستەقینەی دەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێن، ئەوا دەبێت حزبی سیاسی دەستبەرداری مونۆپۆڵکردنی هێزی ئەمنی و سەربازی و مۆنۆپۆڵکردنی سەرچاوەکانی دارایی ببێت، ئەمە کەمی نییە بۆ حزبی سیاسی، بەڵکو هەنگاوێکی زۆر تەندروستە بۆ ئەوەی حزبی سیاسی بمێنێتەوە و بە ڕێگەی هەڵبژاردن بگاتە دەسەڵات. لەمەش زیاتر چارەنووسی حزبی سیاسی بەستراوەتەوە بە چارەنووسی نەتەوەوە، ئەگەر نەتەوە بکەوێتە مەترسییەوە، خۆ حزبی سیاسی سەلامەت نابێت، ئەویش دەکەوێتە مەترسیەوە. لە ئێستاشدا دەبێت زۆر باش واقیعەکە بخوێننەوە و دەبێت ددان بەوەدا بنێن کە چارەنووسی نەتەوەی ئێمە لە مەترسیدایە، ئەگەر سبەینێ حەشدی شەعبی پەلاماری کوردستان بدات، چیمان پێ دەکرێت، ئەگەر یەکڕیز و یەکگرتوو

١. هەتا ئینتما بۆ حزب بێت لەبری نەتەوە و نیشتمان.

٢. هەتا حزبە سیاسییەکان بەتایبەتی دوو سەرەکییەکە ڕوئیایەکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ داهاتووی کوردستان نەبێت.

٣. هەتا ململانێی حزبەکان ململانێی بەرژەوەندی و گەندەڵی بێت و نەگۆڕێت بۆ ململانێی فیکری.

٤. هەتا تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید فەرامۆش بکرێن و کە تا ئێستا مۆنۆمێتکی شایستەمان بۆ ئەو تاوانە گەورانە لە پایتەختدا نیە بۆ ئەوەی پیشانی میوانە بیانییەکانی بدەین کە سەردانی کوردستان دەکەن.

٥. هەتا بیر لە ڕیفۆرمێکی سەرتاسەری لە سیستمی پەروەردەیی نەکەینەوە و سیاسەتێکی پتەومان بۆ پاراستنی زمانی کوردی نەبێت.

■

**چارەنووسی حزبی سیاسی بەستراوەتەوە بە چارەنووسی نەتەوەوە، ئەگەر نەتەوە بکەوێتە مەترسییەوە، خۆ حزبی سیاسی سەلامەت نابێت، ئەویش دەکەوێتە مەترسییەوە**






## شڤان حەمدی

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# کاتی ئەوە هاتووە هەموو پێکەوە هەوڵێکی جددی بۆ بەرزڕاگرتنی ئینتیمای نیشتمانی بدەین

**شڤان حەمدی جیا لەوەی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، یەکێکە لە چالاکوانە دیارەکانی ناو توێژی گەنجان و قوتابیان و لە ئامادەکردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکانیش لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، لەم گفتۆگۆیەدا سەبارەت بە «ئینتیمای نیشتمانی و پرس و گەنگەشە» بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

ئامادەبووانی بەڕێزی ئەم گفتوگۆیە، ئەوەندە چارەسەر و پێشنیاری بەرزیان بۆ خستینە ڕوو، لەوانەیە هەرچی دی بڵێین دووبارە بێت، یان نەتوانین شتێکی دیکە بۆ ئەو بۆچوونە بەرزانە زیاد بکەین، بۆیە هەوڵ دەدەم لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە باسی بکەم و لەو خاڵەوە دێمە ناو باسەکە کە کاتێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەپلیکەیشنەکانی وەك «تیك تۆك» بە باشە و جوامێری لە ڤیدیۆ و کۆمێنتەکانیان لەسەر ئەو دیکتاتۆر و دڕندانە بڵاو دەکەنەوە، کە پێش ڕاپەڕین گەلی کوردیان کۆمەڵکوژ کردووە و هەڵەبجەیان و کوردستانیان کیمیاباران کردووە و پرۆسەی ئەنفالی بەدناویان لە سەرانسەری کوردستان ئەنجام داوە و زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و شارۆچکەی کوردستانیان لەگەڵ زەوی تەخت کردووە و سووتماکیان کردووین، ئەوا ئەو هەستەمان لا دروست دەبێت، چۆن دەبێت ئەم ڕەفتارانەی بەشێك لە خەڵکانی سەرلێتێکچوو دژ بەگەلەکەی خۆیان دەیکەن، لە ژینگەی سیاسی کوردستان حەرام نەکرێت و خەڵکانێك هەبن ئەوا ڕووقایمانە ئەو کارانە بکەن؟

لەم ڕوانگەیەوە بۆ هەڵوەستەکردن و هەڵسەنگاندنی ئاستی لاوازیی ئینتیمای نیشتمانیمان، ئەم پرسە گرێ دەدەمەوە بەو فەرموودەیەی کە پێمان دەڵێت: «ئەگەر خراپەیەکتان بینی بە دەستی خۆتان بیگۆڕن، ئەگەر نەتانتوانی بە زمانتان، ئەگەر نەتانتوانی بە دڵ پێتان ناخۆش نەبێت، ئەوە لاوازترین ئاستی باوەڕتانە»، لە ڕوانگەی ئەم فەرموودەیەوە ئێمە کاتێك سەیری ئەو بێڕێزییانە دەکەین کە بە هەموو پیرۆزییەکانی خاك، ئاڵا، مێژوو، زمان و کلتوور و.. هتد» دەکرێن، ئەمانە نەك هەر کاری خراپن، بەڵکو ئەمانە کوفرن دژی «خاك و نەتەوە» و لە ئاستیدا بێدەنگین و تەنیا بە دڵ ئەو کوفرانەمان پێ ناخۆشە و تەنانەت زۆر کەم بە نووسین و قسەکردنیش ڕەتیان دەکەینەوە،

ئەمە مانای ئەوەیە ئاستی ئینتیمای نیشتمانیمان لەو پەڕی لاوازیدایە و ئەگەر زۆر بە جددی هەڵوەستەی لەسەر نەکەین و هەموو پێکەوە خەمی لێ نەخۆین، ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبینەوە.

بەشداربووانی بەڕێزی ئەم گفتوگۆیە زۆر جوان ئەو خاڵەیان دەستنیشان کرد کە شۆڕشی ئەیلوول، ئینتیمای لە هۆز و خێڵەوە گۆڕی بۆ ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی، بەڵام لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ و دروستبوونی فرەحزبی لە کوردستاندا، جارێکی دیکە حزبەکان ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیان گواستەوە بۆ ئینتیمای حزبی و جارێکی دیکە حزبەکان جێگەی خێڵ و هۆزەکانیان گرتەوە. من ئیزافەیەك لەسەر ئەم بۆچوونە دەکەم و دەڵێم: حزبەکان تەنیا ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیان نەکرد بە ئینتیمای حزبی، بەڵکو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و مێژووی ئەو هەموو ئەو کارەسات و قوربانیدان و کاولکارییەی بەسەر نەتەوەکەشمان هاتووە، کردوویانە بە مێژووی حزب، بۆیە ناتوانین ئەم مێژووە وەك مێژوویەکی دروست بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و نەوەکانی ئێستای لەسەر پەروەردە بکەین، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی درزێکی زۆر گەورە لە سیستمی پەروەردەیی ئێمەدا دروست بێت، بەڵام وێڕای بوونی ئەم درزە گەورەیەش، دەمانتوانی ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی بەسەر میللەتی ئێمە هاتوون، زۆر بە جددی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی حزب و ناوەندە ڕێکخراوییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەی بەردەوامی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی نەوەکانی دوای ڕاپەڕین کە ئەو کارەسات و نەهامەتییانەیان نەدیوە، هەموو کات ئەو مێژووە تاڵەیان لەبەرچاو بێت و، لەوە هۆشیار بن کاتێك نەتەوە و وڵاتی ئێمە دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەوا ئێمە هەموومان پێکەوە لەناو یەك پاپۆڕداین و ئەگەر پاپۆڕەکە نقووم بێت، هەموومان پێکەوە نقووم دەبین.

لێرەدا گرنگە هەر بۆ بیرهێنانەوە باسی دەوڵەتێکی وەك کۆسۆڤۆ بکەین کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تووشی کارەسات و جینۆساید هاتن و پاشان لە ساڵی ١٩٩٩ بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، نێردەی خۆی نارد بۆ کۆسۆڤۆ بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە بەڕێوە بەرێت و پاشان لە ٢٠٠٨ بە فەرمی سەربەخۆ بوون، ئەوان کە بوونە دەوڵەتیش بەردەوام ئەو کارەساتەی بەسەریاندا هاتووە، بۆ نەوەکانی خۆیانی دەگێڕنەوە و دووبارە نەوەکانی ئێستایان لەناو ئەو مێژووەدا پەروەردە دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەزانن ئەگەر ئینتیمای نیشتمانی لاواز بوو، ناتوانن بەرەو پێشەوە بچن و سەروەریی وڵاتەکەشیان بپارێزن.

لە ڕوانگەی ئەم مەترسییانەوە چەند خاڵێك دیاری دەکەم:

١. زۆر گرنگە پرۆسەی چاکسازی زیاتر جەختی لەسەر بکرێتەوە و سەرکردایەتیی سیاسی و حکومەت سازش لەسەر گەندەڵی و قۆرخکاری نەکەن، چونکە هەر ئەم گەندەڵی و قۆرخکارییە هۆکارن بۆ کەمیی خزمەتگوزارییەکان، بۆ ئەمەش ئەگەر یاسایەك نەبێت، ئەوان سزا بدات، بێگومان ئینتیمای نیشتمانی لاواز دەبێت.

٢. گرنگە ئەو کەسانەی کە خیانەت دەکەن، چاوپۆشییان لێ نەکرێت و بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، لەبەر ئەوەی چاوپۆشین لە خیانەتکار ئینتیمای نیشتمانی لاواز دەکات.

٣. گرنگە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە زیاتر بێت سەبارەت بەوەی ماف و ئەرك دەبێت یەکسان بێت، ئەمەش بەو مانایەی ڕاستە هەموومان لەم نیشتمانە مافمان هەیە، بەڵام ئەرکیشمان لەسەر شانە کە ڕێز لە بەها و پیرۆزییەکانی خاك و نەتەوە بگرین و ئامادەباشیمان هەبێت کە بیانپارێزین.

٤. وەك لە پێشەکیدا ئاماژەم پێ کرد، کاتی ئەوە هاتووە بە جددی قسە لەسەر ئەم پرسە بکرێت، بۆ یە پێشنیار دەکەم ئێمە هەموومان لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین و هانی خەڵکیش بدەین کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر ڕۆژانەش نەبێت، بەڵام هەفتەی جارێك چەند پەیڤێکی جوان بڵاو بکەینەوە کە بەهای پیرۆزییە نیشتمانییەکان بپارێزین.

لە دوماهیدا ئاماژە بە قسەیەکی بیرمەند و لیکۆلەری تورك ئیسماعیل بێشکچی دەکەم کە دەڵێت: «خراپترین حوکمڕانی کوردی لە باشترین حوکمڕانی فارس و عەرەب و تورك باشترە»، ئەم قسەیە دەبێت ببێتە پەندیك بۆ هەموومان بەگشتی و گەنجەکانمان بەتایبەتی، حکومەتی کوردستان حکومەتی خۆمانە، ڕاستە لەوانەیە ڕەخنەمان هەبێت، بەڵام دەتوانین هاوکاریی حکومەتیش بکەین بۆ ئەوەی کەموکورتییەکانی چارەسەر بکات.

**چۆن دەبێت ئەم ڕەفتارانەی بەشێك لە خەڵکانی سەرلێتێکچوو دژ بەگەلەکەی خۆیان دەیکەن، لە ژینگەی سیاسی کوردستان حەرام نەکرێت و خەڵکانێك هەبن ئەوا ڕووقایمانە ئەو کارانە بکەن؟**

**حزبەکان تەنیا ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیان نەکرد بە ئینتیمای حزبی، بەڵکو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و مێژووی ئەو هەموو ئەو کارەسات و قوربانیدان و کاولکارییەی بەسەر نەتەوەکەشمان هاتووە، کردوویانە بە مێژووی حزب**

**دەمانتوانی ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی بەسەر میللەتی ئێمە هاتوون، زۆر بە جددی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی حزب و ناوەندە ڕێکخراوییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەی بەردەوامی لەسەر بکرێت**

**گرنگە ئەو کەسانەی کە خیانەت دەکەن، چاوپۆشییان لێ نەکرێت و بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، لەبەر ئەوەی چاوپۆشین لە خیانەتکار ئینتیمای نیشتمانی لاواز دەکات**





# هەستکردن بە لاوازیی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیانی کوردستان مەترسییەکی گەورە لەسەر گوتاری نەتەوەییمان دروست دەکات


**پ.د.نەزاکەت حسێن**

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:


پ.د.نەزاکەت حسێن، جیا لەوەی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، پسپۆڕ و ئەکادیمیستی میدیایە لە زانکۆی سلێمانی و خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستی و مەیدانییە لە بواری میدیا و کێشەی گەنجان و ژنان، لەگەڵ ئەوەی بۆ ئەڵقەی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆ بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی ئامادە بێت، بەڵام دواتر تۆماری دەنگی گفتوگۆکەمان بۆ نارد و بەمجۆرە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی بۆ ناردینەوە:

« سەرەتا داوای لێبوردن دەکەم کە بە هۆی نەخۆشییەوە نەمتوانی لە ئەڵقەی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆ «ئینتیمای نیشتمانی پرس و گەنگەشە» ئامادە بم، بەڵام سوپاسی هەڤاڵ و هاوکارم فەرهاد محەمەد دەکەم کە تۆماری دەنگی گفتوگۆکەی بۆ ناردم و پاش ئەوەی گوێم لێ گرتەوە، حەزم کرد منیش بە چەند پەیڤێك بەشداریتان لەگەڵدا بکەم:

پێش هەموو شت زۆر ئەستمە لە سەردەمی جیهانگەرایی و پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکرد، بتوانین بە شێوە نەریتییەکەی باسی ئینتیمای نیشتمانی بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەسڵەتی ئەم جیهانە تازەیە بەو جۆرەیە شێوەیەك لە یەکپۆشی دروست دەکات و تاك لە کەلتوور و ناسنامەی نیشتمانەکەی خۆی دادەماڵێت.

کەواتە لەناو ئەم جیهانە ئاڵۆز و فرە ڕەهەندەدا دەبێت شێوازی بیرکردنەوەمان لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە ببەینە ئەو ئاستەی چۆن پرۆسەیەك دەست پێ بکەین بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی ئینیتما و دووبارە بونیادنانەوەی ناسنامەی نیشتمانیمان، کە ئەمیشیان دیسان وەك بونیادنانەوەی نەتەوە و دەوڵەت پێویستی بە پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و گرنگە کە هەموو ئەو توخمانەی دەبنە پێکهێنەری ناسنامەی نیشتمانیمان پێکەوە کارلێك بکەن و، لەناو یەك چوارچێوەدا خۆی بەرجەستە بکاتەوە، کە ئەویش چوارچێوەی ناسنامەی نیشتمانییە.

ئەوەی لە گفتوگۆکە سەرنجم دا، ئەم لایەنە کەمتر ئاماژەی پێ درا، بۆیە ویستم هەڵوەستەیەکی خێرای لەسەر بکەم، ئەوجا

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر ئەو لایەنانەشی کە ئێوەی بەڕێز ئاماژەتان پێ کرد و زۆر جەختتان لەسەر پەروەردەی خێزانی و پەروەردەی کۆمەڵگە و سیستمی پەروەردە و خوێندن و هەتا زانکۆکانیش کرد، ئەوا زۆر گرنگە بگەڕێینەوە بۆ ئەو مێژووە تاڵەی کە پێش ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ بەسەر گەلەکەمان هاتووە، ئەمەش هەر لە پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و بە سووتماکردنی خاکی کوردستان، ئەم مێژوو و کارەساتانە کە نەوەکانی دوای ڕاپەرین نەیانبینیوە، دەبێت ببێتە هەوێنی پەروەردەی نەوەکانی ئەم سەردەمە کە لە پەروەردەی خێزانەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە هەموو بوارەکانی دیکەی پەروەردەیی لە قوتابخانە و زانکۆکان و کۆمەڵگەدا.

لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە، ئەوەیە کە دەبێت بایەخێکی زۆر گەورە بە خەبات و قوربانیدانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بدرێت، کە چۆن بەگژ ئەو دڕندایەتییەی ڕژێمەکانی پێشووی عێراقدا چووەتەوە و نەیهێشتووە ئینتیمای نیشتمانیمان لاواز بێت، ئینتیمای نیشتمانی لە بەهاری ١٩٩١ گەیشتە ئەو ئاستەی کە ڕاپەرینی سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی بەرپا کرد.

لەدوای ڕاپەرین بەداخەوە دیسان لەناو ژینگەی ململانێی حزبیدا، دوو ڕەوتی دیکە سەری هەڵدایەوە، ڕەوتێکیان خەباتی دەکرد بۆ بەرزڕاگرتنی پیرۆزییەکانی خاك و نەتەوە کە ڕێبازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان داکۆکیکاری بوون، لە بەرانبەر ڕەوتێکی دیکە کە چەندین لایەن و ئایدیۆلۆژیەتی جیاوازی لە خۆی گرتبوو، کە بە شێواز و ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز کاریان لەسەر لاوازکردنی ئینتیمای نیشتمانی و بێ بەهاکردنی پیرۆزییەکانی نەتەوە و نیشتمان دەکرد، بۆ ئەمەش ئەم ڕەوتە بە شێوازی زۆر جیاواز کاریان بۆ کاڵکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی دەکرد و، ئەم ئاراستەیە هەتا ئێستا زۆر بە ڕاشکاوی بە ڕاگەیاندنەکانیانەوە دیارە و هەر بەردەوامە.

بە حوکمی شارەزاییم لە بواری کاری میدیایی، کە زۆر گرنگە بە جددی هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بە بۆچوونی من پێویستە میدیایەکی نیشتمانی هەبێت، هاوشێوەی کەناڵی ناوخۆیی «BBC» کە بەردەوام هەر بابەت و پرسێك لەو کەناڵەدا بورووژێندرێت، دەیباتەوە سەر ئەو دەربڕینەی کە دەڵێت: «بەریتانیبوون و نیشتمانیبوونت لە بەهێزیی بەریتانیادایە»، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا هەموو ڕاگەیاندنێك دەتوانێت ئەم هەستە بەرزە نیشتمانییە دروست بکات؟ بێگومان تەنیا ڕاگەیاندنێکی نیشتمانی دەتوانێت ئەمە بکات، کە بەداخەوە هێشتا ئێمە هەنگاومان بۆ هەڵنەگرتووە کە زۆر گرنگە هەنگاوی جددی بۆ هەڵبگرین.

بە پێویستی دەزانم لێرەدا چەند پێشنیارێك بخەمە ڕوو بۆ بەهێزکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی:

١. نابێت هەرگیز مێژووی کارەسات و نەهامەتییەکان و سەروەرییەکانی نەتەوە فەرامۆش بکرێت، بۆیە زۆر گرنگە هەم لە ڕێگەی سیستمی پەروەردە و خوێندن، هەمیش لەسەر ئاستی میدیا و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان و ناوەندە حزبی و ڕێکخراوەییەکانەوە، بەردەوام هەم کارەسات و نەهامەتییەکان، هەمیش سەروەرییەکانی نەتەوە و بەرخۆدان بە زیندوویی بهێڵینەوە و نەوەکانی پێ پەروەردە بکەینەوە، بۆئەوەی نەوەی ئێستا نەڵێت ڕاپەڕین چی بۆ کردووم؟

٢. سیمبوڵەکانی نەتەوە کە نەتەوە زیندووەکان پێیان دەڵێن باوکانی دامەزرێنەر، گرنگە بە زیندوویی لە دڵی خۆمان و نەوەکانمان بیانهێڵینەوە، بە ڕێگەی جۆراوجۆری پەروەردەیی و میدیایی و فیلم و دیکیۆمێنتاری کاری جددییان لەسەر بکەین.

٣. دووبارە پێداچوونەوە بە تەفسیری دەقە ئاینییەکان و ڕاڤەکردن و گوتاری ئایینیمان، سڕینەوەی ئەو بابەتانەی کە ئینتیما بۆ خاك و نیشتمان ناهێڵێت و جەخت کردنەوە لەسەر ئەو پرسانە کە خۆشەویستیی نیشتمان بە باوەڕەوە گرێ دەداتەوە.

لە دوماهیدا دووبارە دەستخۆشی لە بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە جددی و گرنگە دەکەم، بە ڕاستی پێشنیار و بۆچوونی زۆر باش خرانە بەر باس، بەو هیوایەی بتوانرێت سوودێکی زۆر باشی لێ وەربگیرێت.

**خەسڵەتی ئەم جیهانە تازەیە بەو جۆرەیە شێوەیەک لە یەکپۆشی دروست دەکات و تاک لە کەلتوور و ناسنامەی نیشتمانەکەی خۆی دادەماڵێت**

**دەبێت بایەخێکی زۆر گەورە بە خەبات و قوربانیدانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بدرێت، کە چۆن بەگژ ئەو دڕندایەتییەی ڕژێمەکانی پێشووی عێراقدا چووەتەوە و نەیهێشتووە ئینتیمای نیشتمانیمان لاواز بێت**

**پێویستە میدیایەکی نیشتمانی هەبێت، هاوشێوەی کەناڵی ناوخۆیی «BBC» کە بەردەوام هەر بابەت و پرسێک لەو کەناڵەدا بورووژێندرێت، دەیباتەوە سەر ئەو دەربڕینەی کە دەڵێت: «بەریتانیبوون و نیشتمانیبوونت لە بەهێزیی بەریتانیادایە»**






# هەتا هەڵە و تاوانەکانی ناو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان ڕاست نەکەینەوە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیمان لەو پەتا کوشندەیە ڕزگاری نابێت کە تووشی بووە

**فەرهاد محەمەد**

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، وێڕای بەرزنرخاندنی ئەو پێشنیار و ڕێگەچارانەی کە بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە خستیانە ڕوو، گەڕایەوە ناو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

کاتێك باسی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی هاوولاتیانی کوردستان دەکەین، ئەو ئاراستەیە ون دەکەین کە لێکترازانی حزبی و ململانێی ناتەندروستی نێو حزبە سیاسییەکان، چۆن چۆنی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی ئێمەیان تووشی نەخۆشییەکی ترسناك کردووە و، ئەم نەخۆشییە ترسناکە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی نەرێنی و ترسناکی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە ئێمە زیاتر هەڵوەستە و قسەکردنەکانمان لەسەر دەرهاویشتە نەرێنییەکانی نەخۆشییەکەیە، نەك خودی نەخۆشییەکە.

پێش ئەوەی بێمە سەر باسی ڕەگ و ڕیشەی ئەم نەخۆشییە، ئاماژە بە بەرهەمێکی ڕۆژنامەنووس زانیار سەردار قڕگەیی دەکەم بە ناو نیشانی «پارتی و بارزانی لە ئەرشیڤی ڕۆژنامەی ژیندا»، کە هەر یەك دوو مانگ دەبێت بڵاوی کردووەتەوە و، ئەم ڕۆژنامەیە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە سلێمانی دەر دەکرا و لە ساڵی ١٩٦٣ داخرا.

ڕۆژنامەنووس سەردار قڕگەیی کە ئەم ئەرشیڤەی کۆکردووەتەوە، بە ئەمانەتەوە کارەکەی کردووە، تەنیا ئەو لاپەڕانەی ڕۆژنامەکەی کۆپی کردووە کە لەسەر پارتی و مستەفا بارزانی نووسراون، ئەوجا لەبەر ئەوەی لاپەرەکانی ڕۆژنامەکە کۆنن و خوێندنەوەیان تۆزێك قورسە، ئەو هاتووە جارێکی دی بە کۆمپیوتەر نووسیویەتیەوە. ئەم لاپەڕانە بە پێنووسی گەورە شاعیران و ڕۆشنبیرانی سلێمانی وەك «پیرەمێر، گۆڕان، فایەق بێکەس، جەمیل سائیب و دەیان نووسەر و شاعیری ئەو سەردەمە» نووسراون، هەربۆیە کاتێك ئەم لاپەڕانە جارێکی دیکە دەخوێنینەوە، ئەوکات دەزانین هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ ـەوە ئاستی ئینتیمای نیشتمانی لە کوردستاندا چەند بەرز بووە، هەروەها دیسان هەر لە سلێمانی، ئەگەر ئاماژە بە ڕووداوێکی دیکە، یان لووتکەی ئینتیمای نیشتمانیی گەلی

کوردستان بکەین، ئەویش لە ساڵی ١٩٦٣ و ئەوەی پێی دەڵێن «سەردەمی زەعیم سدیق»، ئەم فەرماندە دڕندە و شۆڤێنییە کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیر و مامۆستا و خەڵکی سلێمانی دەستگیر دەکات و لە بەرانبەریان وێنەیەکی مەلا مستەفا بارزانی دادەنێت و پێیان دەڵێت ئەگەر سووکایەتی بەو وێنەیە نەکەن، هەمووتان بە زیندوویی دەخەمە ژێر خاکەوە، ئەوانیش زۆر جوامێرانە تەحەددای ئەو فاشیزمە دەکەن و لە بەرچاوی دوژمن سووکایەتی بە ڕابەری نەتەوەیی خۆیان ناکەن، بۆیە ئەویش بۆ هەڵڕشتنی ڕق و کینەی فاشیزمییانەی خۆی فەرمان دەدات هەموویان بە زیندوویی لە گۆڕەپانی حامیەی ئەو کاتی پارێزگای سلێمانی و «پارکی شار»ی ئێستا بخەنە ژێر چاڵەوە و شەهیدیان دەکات.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەمەیە، هەتا سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان لە لوتکەدا بووە، بەڵام هەر لەو ساڵەدا بە هۆی ئەو لێکترازانەی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بوو، کە باڵی مەکتەبی سیاسی جیابوونەوە، ئیدی ئینتیمای نیشتمانیی خەڵکی کوردستان نەخۆش کەوت، ئەو نەخۆشییەش تووشی بوو «خیانەت» بوو لە شۆڕش، لە خەڵکی کوردستان، لە ویژدانی کوردبوون و کوردایەتی. ئەم مێژووە پێمان دەڵێت، لێکترازان و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەسەر بنەمای بۆچوونی جیاوازی سیاسی و ئایدیۆلۆژی نەبووە و تەنیا بوغز و کینەی سیاسی بووە، بۆیە لەبری جیاوازی، «خیانەت»ی بەرهەم هێنا.

ئەم نەخۆشییە ترسناکە «خیانەت» کە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تووشی ئینتیمای نیشتمانیان بووە، ساڵ لەدوای ساڵ دەرهاویشتەی ترسناکتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، هەر بۆیە دووربینیی مەلا مستەفا بارزانی لەوەدا بوو ئەگەر ئەم نەخۆشییە چارەسەر نەکرێت، ئەوا دەرهاویشتە ترسناکەکانی بۆ نەوەکانی دیکەش درێژەی دەبێت، هەر لەم پێناوەدا دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لێبووردنی گشتی بۆ دەرکردن، لەمەش زیاتر هەر لەناو شۆڕشدا لیژنەیەکی دامەزراند بە ناوی «لیژنەی لەخۆگرتنەوە - استیعاب» دووبارە هەموانی لە خۆگرتەوە.

بەڵام بەداخەوە ئەوەش چارەسەری ئەم نەخۆشییەی نەکرد و، جارێکی دیکە دوای «نسکۆی ١٩٧٥» فرەحزبی لەسەر بنەمای بۆچوون و ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز نەهاتە ئاراوە، بەڵکو هەمان بنەمای بوغز و کینەی سیاسی بوو، بۆیە لەبری ئەوەی ئەم فرەحزبییە خەبات و تێکۆشانێکی دەستەجمعی لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانیدا بهێنێتە ئاراوە، بەڵام شەڕی خۆکوژیی ناوخۆی کردە مۆدێل، ئەوە بوو لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٦ ئەم شەڕە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بەردەوام بوو، بەڵام دوای ئەوەی پارتی و یەکێتی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٦ ئاشت بوونەوە، پاشان بەرەی کوردستانی دامەزرا، سەرۆک مسعود بارزانی شەڕی کورد-کوردی حەرام کرد، بەڵام وەك لە دوای ڕاپەرین و هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بینیمان، لەو کاتەوە هەتا ئێستا کە دەکاتە ٣١ ساڵ شەڕی «گەرم و سارد»ی خۆکوژی لە نێوان حزبەکان بەردەوامە و، سەرۆك بارزانی و پارتی لەلایەك پارێزگاری لە شەرعیەت و مانەوەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەموو لایەنەکانی دیکە هەم بە خیانەت و هەمیش بە هۆکاری میدیایی و گوتاری ڕادیکاڵی ئیسلامی سیاسی و پۆپۆلیستی دژایەتی هەموو بەها و پیرۆزییەکانی نەتەوە و نیشتمان دەکەن و ئامانجیان ئەوەیە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان نەمێنێت.

کەواتە ئەو دەرهاویشتە ترسناکانەی لەم نەخۆشییە ترسناکەوە کە «خیانەت»ە و ماوەی ٦٠ ساڵە تووشی ئینتیمای نیشتمانیی ئێمە بووە، تەنیا بە لە ڕیشەهەڵکێشانی ئەو نەخۆشییە چارەسەر دەبێت. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، مێژووی هەموو نەتەوەیەك پڕیەتی لە لاپەڕەی گەش و لاپەڕەی ڕەش، بەڵام هەر نەتەوەیەك بیەوێت لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی خۆی بشارێتەوە و تەنیا شانازی بە لاپەڕە گەشەکانیەوە بکات، ئەوا ئەو نەتەوەیە بە دەستی خۆی ئەو لاپەڕە ڕەشانە دەکاتە ژەهر و ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی لای هاووڵاتیانی خۆی پێ دەکوژێت، هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە کە نەتەوە زیندوو و سەرکەوتووەکان هێندەی کار لەسەر چارەسەر و سڕینەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی خۆیان دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەو تاوانانەی کراون، جارێکی دیکە دووبارە نەبنەوە، هێندە کار لەسەر لاپەڕە گەشەکانی مێژووی خۆیان ناکەن.

**لێکترازان و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەسەر بنەمای بۆچوونی جیاوازی سیاسی و ئایدیۆلۆژی نەبووە و تەنیا بوغز و کینەی سیاسی بووە، بۆیە لەبری جیاوازی «خیانەت»ی بەرهەم هێنا**

**دوای ئەوەی پارتی و یەکێتی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٦ ئاشت بوونەوە، پاشان بەرەی کوردستانی دامەزرا، سەرۆک مسعود بارزانی شەڕی کورد-کوردی حەرام کرد، بەڵام وەک لە دوای ڕاپەرین و هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بینیمان، لەو کاتەوە هەتا ئێستا کە دەکاتە ٣١ ساڵ شەڕی «گەرم و سارد»ی خۆکوژی لە نێوان حزبەکان بەردەوامە**

**هەر نەتەوەیەک بیەوێت لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی خۆی بشارێتەوە و تەنیا شانازی بە لاپەڕە گەشەکانیەوە بکات، ئەوا ئەو نەتەوەیە بە دەستی خۆی ئەو لاپەڕە ڕەشانە دەکاتە ژەهر و ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی لای هاووڵاتیانی خۆی دەکوژێت**

# یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کردنەوەی گرێ کوێرەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانە لە نێوان بەغدا و هەرێمدا

**دەتوانرا لە ساڵی ٢٠٠٧ وە کۆتایی بەو بۆشاییە یاساییە بهێنرێت، کە لە بواری بەڕێوەبردنی نەوت و گازدا هەیە، کەچی دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٨ ساڵ تا ئێستا ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە چاوەڕوانیی دارشتنەوەدایە**

**تا ئەمڕۆش هەندێک لایەنی سیاسی بە ئیجتیهاداتی خۆیان خوێندنەوە بۆ دەقی مادده دەستووری و بەند و برگەکانی تایبەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و سوودوەرگرتن لەم سامانە گرنگە دەکەن**

یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی عێراق کە لە دوای دۆسێی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە دۆسێیەکی گرنگ و هەستیار دادەنرێت، چەقی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەندیشە، ئەم دۆسێیەش وەکو هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکی و ئەجێندە و مەرام و بەرژەوەندیی شەخسی و سیاسی، ڕێگر بووە لە گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ تێپەڕاندنی یاسایەکی وا گرنگ، کە دەتوانرا لە ساڵی ٢٠٠٧ وە کۆتایی بەو بۆشاییە یاساییە بهێنرێت، کە لە بواری بەڕێوەبردنی نەوت و گازدا هەیە، کەچی دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٨ ساڵ تا ئێستا ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە چاوەڕوانیی دارشتنەوەدایە، گرفتەکەش لەوەدایە تا ئەمڕۆش هەندێك لایەنی سیاسی بە ئیجتیهاداتی خۆیان خوێندنەوە بۆ دەقی مادده دەستووری و بەند و برگەکانی تایبەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و سوودوەرگرتن لەم سامانە گرنگە دەکەن، لەگەڵ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیدا، دامەزراندنی ئەنجومەنێکی ئیتحادییش بۆ نەوت و گاز بە یەکێك لەو بابەتە هەستیار و گرنگانەی دیکە دادەنرێت، کە لە ناو ئەم ئەنجومەنەدا سەرۆك و ئەندامانی پەیوەندیدار بە نەوت و گاز لە ناوەند و نوێنەری هەرێم بە پلەی وەزیر و نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و پلاندانان و پارێزگاری بانکی ناوەندی و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی لە خۆی دەگرێت، ئەمەش دوای ئەوەی هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم لەسەر چەند خاڵێکی گەوهەری و بنەڕەتی پرۆژە یاساکە ڕێککەوتوون، ڕەنگە قورسترین خاڵی دانوستان و گفتوگۆکان ئەو بابەتە بێت کە تایبەتە بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی لایەنەکان بۆ مادده دەستوورییەکانی تایبەت بە سوودوەرگرتن و بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی پێشوو، لەگەڵ کێڵگە نەوتییەکانی دوای دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی و، ئەو گرێبەستە نەوتییانە بێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژووی کردووە.

مامەڵەکردنی ناعەقڵانی و نازانستییانە و نالۆژیکانە و بڕیارە نادەستوورییەکانی دادگای فیدراڵی بۆ یاسای نەوت و گازی هەرێم و پاشگەزبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەسەر زۆربەی ئەو خاڵ و لێکتێگەیشتنانەی لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقی نوێدا لە نێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی شیعە و کورد و سوننە لەسەری ڕێککەوتبوون، ئەمانە هەمووی وای کردووە قەیرانێکی توند لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا دروست ببێت، کە بە قەیرانی نەمانی متمانە ناو دەبرێت، کە وای کردووە لە چوارەمین وڵاتی یەدەگی نەوتی لە جیهاندا و دووەم وڵاتی ئەندامی بەرهەمهێنەری نەوت لە ئۆپێك و یانزدەیەمین وڵات لە بواری یەدەگی گازدا یاسایەکی تایبەت بۆ ئەم سامانە گرنگە نەبێت.

نەوت و گاز لە عێراقدا بەو پێیەی دەوڵەتێکی ڕەیعیی پشت بەستووە بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو و لە ٩٣٪ی سەرجەم داهاتی نەتەوەیی وڵاتەکە پێك دەهێنرێت، بە هەمان شێوە سامانی نەوت و گازیش بۆ هەرێمی کوردستان بە شادەماری ئابووری و دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و شارەوانی و دەیان خزمەتگوزاریی دیکە دادەنرێت و، بە تاکە ئومێدی بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و بووژانەوەی هەرێمەکە دادەنرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤وە هەرێم کەوتووەتە ناو قەیرانێکی توندی دارایی و حکومەتی ناوەند پشکی هەرێمی لە بودجە بڕی، بەمەش نەوت و گاز و داهاتەکەی ڕاستەوخۆ نەك تەنیا دۆسێیەکی نەوت و گازە، بەڵگو بە دۆسێیەکی گرنگ و هەستیاری داراییش دادەنرێت، بۆیە هەر خراپ بەڕێوەبردنێکی ئەم دۆسێیە و لێکتێنەگەیشتنێك،



**دکتۆر گۆڤەند شێروانی**

شارەزا لە بواری وزە و نەوت

بۆ گوڵانی نووسیوە

دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم و نەگەیشتن بە چارەسەری دۆسیێ گرنگەکانی دیکەی وەکو ماددەی ١٤٠ی دەستووری و پشکی هەرێم لە بودجە و شایستە داراییەکانی پێشمەرگە و دەیان بابەتی دیکەی هەستیار، بە پێچەوانەوە لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێم و ناوەند دەرگای باشبوونی پەیوەندییەکان و نزیکبوونەوەی چارەسەری بنەڕەتیی هەموو دۆسیێ هەڵپەسێردراوەکانی دیکەشی لێ دەکەوێتەوە، کە حکومەتەکانی پێشوو سەرکەوتوو نەبوون لە چارەسەرکردنیدا و بگرە دۆسییەکانیشیان ئاڵۆزتر کرد. ئەوەی ئومێدێکی بەخشیوەتە دەرکردنی یاساکە ئەو ڕێککەوتنە سیاسییە بوو کە هاوپەیمانەکانی (بەڕێوەبردنی دەوڵەت) پێش پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی لەسەری ڕێککەوتبوون، لە دواسەردانەکەی ئەم دواییەی سوودانی بۆ هەولێر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بارزانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ هەردوو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دۆسیێ نەوت و گاز یەکێك لە دۆسیێ گرنگەکانی گفتوگۆکان بوو. دوای تێپەڕبوونی پێنج مانگ لە گفتوگۆو وتووێژەکانی لێژنە پەیوەندیدارەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، ترووسکاییەك لەودیوی تونێلەکە دەرکەوتووە، بەوەی لێژنەی پەیوەندیداری دانوستانی نێوان هەردوو لا گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێك و ڕەنگە بە موبارەکەی حکومەتەکەی سوودانی و ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێم پڕۆژە یاساکە بنێردرێتە پەرلەمان بۆ تێپەڕاندن و پەسەندکردنی، لە ناو قوبەی پەرلەمانیشدا ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق نییەتپاکی نیشان بدەن، گرفتەکە بەرەو چارەسەر دەڕوات، بەڵام ئەگەر دووبارە گرفتی ئیجتیهاداتی شەخسی و دەرەکی بخەنە ناو ماددەکانی ١١١ و ١١٢ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە پڕۆژە یاساکەی نەوت و گازی فیدراڵی پشتی پێ بەستووە، ئەوا ڕیسەکە دەبێتەوە بە خوری و چارەسەری کێشەکان هەر لە ناو بازنەیەکی داخراوی گفتوگۆکاندا دێت و دەچێت، بەتایبەتی ئەو بڕگانەی باس لە بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی پێشوو و کێڵگەکانی ئێستا دەکات، کە تەنیا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هاوبەش دراوە بە کێڵگە نەوتییەکانی پێشوو کە پێش پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق هەبوون، ئەوەی چارەسەری کێشەی نەوت و گازی لە نێوان هەرێم و ناوەندا قووڵتر کردووە، ئەو دەنگە ناڕەزایەتییانەی سیاسی و هەندێك لە پەرلەمانتارە نەیارەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستانە کە چاویان بە ئارامی و سەقامگیری هەرێمەکەدا هەڵنایەت و لەژێر فشاری ئەجیندەی دەرەکیدا کار دەکەن، یان ئەو کەسایەتییانەن کە هێشتا بڕوایان بەو یاسا و ڕێنماییانە هەیە کە لە (مجلس قیادة الثورة)ی ڕژێمی پێشووی بەغدا دەرچووە، کە لە ئێستادا لە هیچ شوێنێکی دونیا کاری پێ ناکرێت.

بەم شێوەیە دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی عێراق کە هاوکاتە لەگەڵ گفتوگۆ و تێپەڕاندنی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراقدا، سەرەتای کردنەوەی گرێکوێرەی زۆر دۆسیێ دیکەی هەڵپەسێردراوی نێوان ناوەند و هەرێمە و سەرەتای ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی دارایی نێوان هەردوو لایە، کۆتاییش بەو ئیجتیهادانە دەهێنێت کە بۆ هەردوو ماددەی ١١١ و ١١٢ی دەستووری هەیە، وێڕای پاشاگەردانییەکان لە دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراقدا، کە هەمیشە وەکو کارتێکی سیاسی بۆ بەرژەوەندیی بەغدا بەکار هێنراوە، ئەم جارە ئومێدێك هەیە بەوەی لە بەرژەوەندیی حکومەتەکەی سوودانیشدایە و کۆتایی بەو ململانێ و کێشانە دەهێنێت کە ساڵانێکی زۆرە نەزیفێکی ئابووری و دارایی بۆ عێراق دروست کردووە.

**لێکتێکەیشتنی نێوان هەرێم و ناوەند دەرگای باشبوونی پەیوەندییەکان و نزیکبوونەوەی چارەسەری بنەڕەتیی هەموو دۆسیێ هەڵپەسێردراوەکانی دیکەشی لێ دەکەوێتەوە، کە حکومەتەکانی پێشوو سەرکەوتوو نەبوون لە چارەسەرکردنیدا و بگرە دۆسییەکانیشیان ئاڵۆزتر کرد**

**ئەوەی چارەسەری کێشەی نەوت و گازی لە نێوان هەرێم و ناوەندا قووڵتر کردووە، ئەو دەنگە ناڕەزایەتییانەی سیاسی و هەندێك لە پەرلەمانتارە نەیارەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستانە کە چاویان بە ئارامی و سەقامگیری هەرێمەکەدا هەڵنایەت و لە ژێر فشاری ئەجیندەی دەرەکیدا کار دەکەن**

## دکتۆر ئەمیر سەلیم بۆ گوڵان :

# کردنەوەی هەژماری من و بەکارهێنانی ڤیزاکارت و بەدیجیتاڵیکردنی بانکەکان گرنگیی خۆیان بۆ گەیشتن بە کاروانی پێشکەوتنی وڵاتان هەیە

**بانکەکان لەم سەردەمەدا ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگیان لە بەڕێوەبردنی ئابووری و پەرەپێدانی بەردەوامدا هەیە، بێ بوونی سیستمێکی ڕێکوپێکی بانکی و سیاسەتێکی نەختینەیی، ناتوانرێت چارەسەری قەیران و گرفتە دارایی و ئابوورییەکانیش بکرێت، هەر لەبەر نەبوونی بانکێکی ناوەندیی سەربەخۆ و پرۆفیشناڵ، هەموو ئەو بڕیار و ڕێوشوێنانەی لەلایەن هەردوو بانکی فیدراڵیی ئەمریکا و بانکی ناوەندیی عێراقەوە گیرانەبەر، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە لەسەر بەهێزبوون و جێگیربوونی بەهای دیناری عێراقی، سەبارەت بەم پرسە و گرنگیی (هەژماری من) بۆ گەڕانەوەی متمانە و مامەڵەکردن لەگەڵ بانکەکاندا، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر ئەمیر سەلیم بەرپرسی بەشی دارایی و بانك لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین ساز دا، لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** وەکو بەرپرسی بەشی دارایی و بانك و کەسێکی شارەزا لەم بوارەدا، سەرەتا دەمانەوێت بزانین خوێنەرەوەت بۆ کەرتی دارایی و بانکی لە عێراقدا چییە و چۆن دەڕوانیتە بارودۆخی ئەم کەرتە گرنگە؟**

- کەرتی بانکی و دارایی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا کەموکورتی و لاوازیی زۆری پێوە دیارە، بانکەکان لە ئاست ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە جیهانییەدا نین کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا ڕوویان لە بەئەلیکترۆنی و دیجیتاڵیکردنی مامەڵە و خزمەتگوزارییەکانیان کردووە، ئەم بارودۆخە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لەبری ئەوەی قۆناغ بە قۆناغ کەرتی بانکی پێش بکەوێت، کەچی ڕۆڵ و پێگەی کەرتی بانکی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا لاوازتر بووە، لە کاتێکدا لە عێراق زیاتر لە ٧٠ بانکی تایبەت و هەردوو بانکی ڕافیدەین و ڕەشید و لقەکانی لە پارێزگاکان و بانکی ناوەندی هەیە، هەروەها لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١١٧ بانکی حکومی هەیە و چەندین بانکی ئەهلیی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی مۆڵەتی کارکردنیان هەیە، کەچی



جگە لە کاروبارێکی کەم و مامەڵەیەکی کلاسیکی لە دابەشکردنی مووچە و هەندێك مامەڵەی بچووك و کەم، هیچ ڕۆڵێکی بانکی و خەسڵەتێکی بانکیان نییە، ئەمەش واقیعێکی چاوەڕوانکراوە لە وڵاتێکدا کە خاوەن سیادەیەکی لاوازە و بەردەوام لە بارودۆخێکی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و سەربازیدایە، هەر لەبەر ئەم کەموکورتی و لاوازییەی ڕۆڵی بانك بوو، کاتێك بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلار نرخەکەی داشکا، بانکی ناوەندی و سەرجەم بانکە حکوومییەکانی دیکە نەیانتوانی بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن و پارێزگاری لە دراوەکەیان بکەن، ئەو پاڵپشتییەی نرخی دیناریش کە ساڵانێك بوو بانکی ناوەندی بۆ ڕاگرتنی جێگریی نرخەکەی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی پەیڕەوی دەکرد، بووە ناوەندێکی گەندەڵی و ئاودیوکردنی ملیارەها دۆلار بۆ دەرەوەی وڵات، لە دوای شەڕی کەنداو و پێشکەوتنەکانی کەرتی بانکی لە عێراق نەك هەر وەستا، بەڵکو بۆ دواوە گەڕایەوە، ئەمەش وای کرد خەڵکی متمانەیان بە بانك نەمێنێت و پارەی کاش لە ناو ماڵەکاندا پاشەکەوت بکرێت، ئەم پاشەکەوتەش زیان بە خەڵکی و ئابووریی وڵاتیش دەگەیەنێت، چونکە ساڵ لەدوای ساڵ بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانەوە ئەو پارە پاشەکەوتەی ناو ماڵان بەهای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات و لە جووڵە و بزنێس و وەبەرهێنانیشدا سوودی لێ وەرناگیرێت. قەبارەی دیناری عێراقی بە زیاتر لە ٩٦ ترلیۆن دینار مەزەندە دەکرێت و ٧٠ تریلۆنی لەدەست خەڵکدایە بێ ئەوەی لە بانکەکاندا بێت و، ئەوەی دەمێنێتەوە بڕە پارەیەکی کەمە کە لە بەردەستدایە، هەر بۆیە زۆرترین مامەڵەی گەورە بە دراوی دۆلاری ئەمریکی دەکرێت و لەگەڵ هەر ڕووداو و پێشهاتێکدا شڵەژانی جووڵەی سیولەی نەختینەیی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی نەختینەیی لە عێراقدا جێبەجێ نەکراوە، چونکە هۆکارەکانی پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە کە نرخی سوودە، کە بە هۆیەوە خستنەڕووی پارە زیاد، یان کەم دەکات، ناتوانرێت بە بڕە پارەیەکی کەمی بەردەستی حکومەت جێبەجێ بکرێت.

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەیەکی سەرکەوتوودا لە ڕێگەی (هەژماری من) هەوڵی بەدیجیتاڵیکردنی سیستمی بانکی و خزمەتگوزارییەکان لە**

**بانکەکان لە ئاست ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە جیهانییەدا نین کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا ڕوویان لە بەئەلیکترۆنی و دیجیتاڵکردنی مامەڵە و خزمەتگوزارییەکانیان کردووە**

**هەرێمی کوردستان دەدات، ئایا تاچەند ئەم هەنگاوە ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی پارەی کاش و خێراکردنی وەرگرتنی مووچە و مامەڵە نەختینەییەکان و سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییە بانکییەکاندا دەبێت؟**

- (هەژماری من) کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستی پێ کرد، هەنگاوێکی گرنگە بەرە و بەکارهێنانی کارت و بەدیجیتاڵیکردنی کەرتی بانکی، بەتایبەتی کە لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا لە دونیای پێشکەوتووی دەرەوەدا مامەڵەکردن بە بەکارهێنانی ڤیزاکارت و خزمەتگوزاریی دیجیتاڵییەکانە، ئەمەش وا دەکات مووچەخۆران و خەڵکی ڕوو لەو پرۆسەیەی بەدیجیتاڵی و ڤیزاکارت بکەن، کە بمانەوێت و نەمانەوێت دەبێت ڕوو لەم مامەڵەکردنە بکەین، چونکە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی زۆر خێرا و بێ گرفت و ڕۆتین لە ماوەیەکی کەمدا سوود لە خزمەتگوزارییە بانکییەکان بکەین، کە زیاتر لە ٣٠ خزمەتگوزاریی بانکی لەخۆ دەگرێت.

کردنەوەی هەژماری من و بەکارهێنانی ڤیزاکارت و بەدیجیتاڵیکردنی بانکەکان گرنگیی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بە کاروانی پێشکەوتنی کەرتی بانکی و کۆتاییهاتن بە مامەڵەی پارەی کاش، ئەگەرچی پرۆسەیەکە لە ڕووی کاتەوە دواکەوتووە و لەم قەیرانەدا گەڕانەوەی متمانە بە بانکەکان کەمە، بەڵام کاروانی هەزار میل بە هەنگاوێك دەست پێ دەکات و ناکرێت لەم بارەوە ئێمە هەر لە چاوەڕوانیدا بین و لە دونیای دەرەوە داببڕێین، ئەو ٨١٠ مووچەخۆرەی بەشدارییان لەم پرۆسەیەدا کردووە، سەرەتای ئەو ڕێگایەیە کە بە بوێری لە ناو ئەم قەیرانەدا هەنگاوی بۆ نراوە و سەرەتایەکە بۆ ئەوەی هەموو مووچەخۆرانی کەرتی حکوومی ڕوو لەم مامەڵە پێشکەوتووە بکەن و، دواتر کەرتی تایبەت و خەڵکیش ئەوانەی کاریان لەگەڵ حکومەت هەیە، بەشداری بکەن، ئەم هەنگاوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو هەنگاوەی کە بۆ کردنەوەی بانکی نیشتمانی دێت، کە ڕاستەوخۆ سەر بە بانکی ناوەندیی عێراق دەبێت و لە خزمەتگوزاری و ئاسانکارییەکانی ئەو بانکە سوودمەند دەبێت، هەمووی سەرەتایەکە بۆ بووژانەوەی کەرتی بانکی، خۆ ئەگەر هەنگاوی گەڕانەوەی متمانە بە بانکەکانیش دەست پێ بکات، بەوەی سیولەی نەختینەیی تێدا بێت و خەڵك نەترسن و دڵنیا بن بەوەی پارە پاشەکەوتەکانیان دەدرێتەوە، ئەو کاتە دەتوانین هەنگاوەکانی بووژانەوەی کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستان هەست پێ بکەین، هەمووان دەزانن دوای شەڕی داعش و دابەزینی بەهای نەوت لە ساڵی ٢٠١٤ زۆربەی بانکەکانی کوردستان تووشی قەیرانی نەمانی سیولەی نەختینەیی بوون، ئەم ڕووداو و قەیرانە کاریگەریی لەسەر زهنییەتی بازرگان و وەبەرهێنەر و بەڵێندەر و مووچەخۆر و خەڵکی بەگشتی ماوە، ئەگەر حکومەتی عێراقی فیدراڵ بتوانێت بانکی نیشتمانی لەلایەن بانکی ناوەندییەوە دابمەزرێنێت و لقی لە پارێزگاکانی کوردستاندا هەبێت و، بانکی ناوەندی مامەڵەی دارایی و نەختینەیی لەگەڵ ئەم بانکە لە هەرێمی کوردستان بکات، بە هاوشێوەی هەردوو بانکی ڕەشید و ڕافیدەین، ئەمە باشترین هەنگاوە بۆ گەڕانەوەی متمانە، هاوکات دەبێت هەرکەس و چین و توێژێك پارە لە بانکەکاندا دابنێت، دەبێت کەی پێویستی پێی بوو، ئەو بانکە ڕاستەوخۆ پارەکەی بداتەوە.

*** باسی ئاودیوکردنی دۆلارت لە عێراق کرد، پرسیارە لێرەدا ئەوەیە ئەو گەندەڵی و ناشەفافییەت و دەستێوەردانی کاروبارەی دەوڵەت لەلایەن میلیشیاتەکانەوە چ کاریگەرییەکی نەرێنی کردووەتە سەر چارەنووسی داهاتووی بەهای دینار؟**

- گەندەڵی و ناشەفافییەت کە بەهۆی زاڵبوونی بەرژەوەندیی میلیشیات و کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ناو دەوڵەتی عێراقەوە هەیە، لەگەڵ ئەو دەستێوەردان و ئاودیوکردنی دۆلارەی کە دەکرێت، زیانێکی گەورەی لە داهاتووی چارەنووسی بەهای دینار داوە، هەر لەبەر ئەمەشە سەرەڕای هەموو ئەو پلان و هەوڵانەی بانکی ناوەندیی عێراق و حکومەتەکەی سوودانی، کەچی نەتوانراوە لە بازارە ناوخۆییەکاندا بەهای دیناری عێراقی

**لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١١٧ بانکی حکوومی هەیە و چەندین بانکی ئەهلیی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی مۆڵەتی کارکردنیان هەیە، کەچی جگە لە کاروبارێکی کەم و مامەڵەیەکی کلاسیکی لە دابەشکردنی مووچە و هەندێک مامەڵەی بچووک و کەم، هیچ ڕۆڵێکی بانکی و خەسڵەتێکی بانکیان نییە**

**قەبارەی دیناری عێراقی بە زیاتر لە ٩٦ تریلۆن دینار مەزەندە دەکرێت و ٧٠ تریلۆنی لەدەست خەڵکدایە بێ ئەوەی لە بانکەکاندا بێت**

**ئەگەر هەنگاوی گەڕانەوەی متمانە بە بانکەکانیش دەست پێ بکات، بەوەی سیولەی نەختینەیی تێدا بێت و خەڵک نەترسن و دڵنیا بن بەوەی پارە پاشەکەوتەکانیان دەدرێتەوە، ئەو کاتە دەتوانین هەنگاوەکانی بووژانەوەی کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستان هەست پێ بکەین**




بەرامبەر ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ ١٣٢ هەزار دینار دابەزێنرێتە خوارەوە و، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە نێوان ١٥٧ بۆ ١٥٨ هەزار ديناردا ماوەتەوە و زیانمەندی سەرەکییش لەم بارودۆخەدا هاووڵاتیانی عێراقن.

*** ئەی دانانی سەکۆی بەیانات و مامەڵەکردن بە سیستمی سیوفت تاچەند ئەو گەندەڵی و بەهەدەردانەی پارەی گشتی ڕادەگرێت؟**

- دانانی سەکۆی بەیانات و مامەڵەکردن بە سیستمی سیوفت هەمووی لە بەرژەوەندی عێراق و بەهای دینارەکەیدایە، عێراق تەنیا وڵاتێکی دەوڵەمەندە و بڕە نەوتێکی زۆر دەفرۆشێت، بەهای بەرمیلێك نەوت لە بازاڕەکاندا بۆ ساڵێك دەچێت نەهاتووەتە خوارەوە، کەچی بەهۆی ئەم گەندەڵییەوە بەردەوام بەهای دینار لە ئاستێکی نزمدایە، ئاودیوکردنی دۆلاری ئەمریکی و موزارەبەی زۆر و گەمەکردن بە بەهای دۆلارەوە، وای کردووە بازاڕەکانی ئاڵوێری دراو جێگیری بەخۆیەوە نەبینێت، لێرە لە عێراقدا سیاسەت لە خزمەتی ئابووریدا نییە و دراو بۆ سوودی لایەنە سیاسییەکان و وڵاتانی دەوروبەر بەکار دەهێنرێت، بارودۆخی ئابووری لە سووریا و تورکیا و گەمارۆی ئابووریی سەر ئێران وای کردووە هەموان پێویستیان بەو دۆلارە بێت کە لە بازاڕەکانی ناوخۆی عێراقدا بە نرخێکی پاڵپشتیکراو هەیە، تەنانەت بانکی ناوەندییش سیفەتی سەربەخۆیی لەدەست داوە، گرفتەکە لەوەدایە ئەگەر سەکۆی بەیانات و ئەو ڕێوشوێنەی پێدانی دۆلار بە گەشتیار و بازرگانەکانیش دابنرێت، ئەو لایەنە سیاسی و دەوڵەتانەی دەوروبەر هەر بۆ کڕینی دۆلار پەنا بۆ بازاڕەکانی ناوخۆی عێراق دەبەن، بەمەش گەڕانەوەی متمانە بە دیناری عێراقی کاتێکی زیاتری پێویستە، تا ئەو متمانەیەش نەگەڕێتەوە سیولەی نەختینەیی لە بانکەکاندا زیاد ناکات و پارە ناگەڕێتەوە ناو جووڵەی بازاڕ و ئابووریی وڵات.

عێراق لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ نییە و سیادەی لاوازە، ئەوەتا ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەو داهاتەش بکات کە لە فرۆشتنی نەوتەوە بەدەستی دەهێنێت، یەکێك لە خەسڵەتەکانی سەربەخۆیی ئەوەیە کە دەبێت بانکی ناوەندی سەربەخۆ بێت، بۆیە لە ڕووی ئابوورییشەوە سەربەخۆ نییە، کاریگەریی عەقڵییەتی شموولی و دەستێوەردانی دەرەکی بە ڕوونی بەسەریدا زاڵە.

**گەندەڵی و ناشەفافییەت که بەهۆی زاڵبوونی بەرژەوەندیی میلیشیات و کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ناو دەوڵەتی عێراقەوە هەیە، لەگەڵ ئەو دەستێوەردان و ئاودیوکردنی دۆلارەی کە دەکرێت، زیانێکی گەورەی لە داهاتووی چارەنووسی بەهای دینار داوە**



پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنی ئێران و سعودیە ئاماژەیە بە هێزی نەرمی چین

# دیمانەی تایبەت

**بێرنارد هەیکەل بەڕێوەبەری پەیمانگانی دیراساتی هەرێمایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ و پرۆفیسۆری ڕۆژهەڵاتی نزیکە لە زانکۆی پرینستۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئەو بارگرژییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە پرسەکانی پەیوەست بە ناسنامەی ئایینی و دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن، هەروەها بایەخ بە مێژوو و سیاسەتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و بە دیاریکراوی عەرەبستانی سعودیە دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران و، لێکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** ڕێککەوتنی ئێران و عەرەبستانی سعودیە پێشهات و پەرەسەندنێکی گەورە و بەرچاوە لە نێوان دوو وڵاتی خاوەن دەستڕۆیشتوویی ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە ململانێدا، کە بە ناوبژیوانیی وڵاتی چین ئەنجام دراوە، شرۆڤەکارانیش بە ساتەوەختێکی زۆر گرنگ لێکی دەدەنەوە، کە سەردەکێشێت بۆ گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم ڕێککەوتنە چییە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە پەرەسەندنێکی گەورە و گرنگە، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا ئێران و سعودیە باڵیۆزخانەکانیان لە پایتەختی یەکدیدا دەکەنەوە و پابەند دەبن بە بڕگە و ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەوە، چونکە هەندێك لایەنی شاردراوەی نێو ڕێککەوتنەکە هەن کە پەیوەستن بەوەی میلیشیاکانی حوسی کە نزیکن لە ئێران، هێرش نەکەنە سەر عەرەبستانی سعودیە، کە لێرەدا بە دیاریکراوی من ئاماژە بە حوسییەکانی وڵاتی یەمەن دەکەم، هەروەها تا ڕاددەیەك حزبوڵای لوبنانیش کە حاڵی حازر لە یەمەندا بوونیان هەیە و ڕاهێنان بە حوسییەکان دەکەن. ئەمە لایەنێکی ڕێککەوتنەکەیە، لایەنێکی دیکەی پەیوەستە بەوەی سعودیە پاڵپشتییەکانی ڕابگرێت، بۆ ئەو بابەتانەی ئێران پێی وایە پڕوپاگەندەن لە دژی وڵاتەکەی، بە تایبەتی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییەی کە ئێران سعودیە تۆمەتبار دەکات بە دەستەبەرکردنی دارایی بۆی، هەرچۆنێك بێت ئەوە گرنگە کە سعودیە و ئێران کەوتوونەتە گفتوگۆ و گەیشتوونەتە ڕێککەوتن، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە چین لە ڕێککەوتنەدا بەشدار بووە، واتە چین وەك زامنکاری ئەم ڕێککەوتنە ڕۆڵی بینیوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە بۆ یەکەم جارە

**بۆ یەکەم جارە چین لە کەنداوی فارسدا هێزی ئابووری و هێزی نەرمی خۆی بەکار دەهێنێت و هەوڵ و کۆششی دیپلۆماتیی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دووو گەمەکاری گەورەی هەرێمایەتی کە ئێران و سعودیەن**

چین لە کەنداوی فارسدا هێزی ئابووری و هێزی نەرمی خۆی بەکار دەهێنێت و هەوڵ و کۆششی دیپلۆماتیی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دووو گەمەکاری گەورەی هەرێمایەتی کە ئێران و سعودیەن، کەواتە ئەم ڕەهەندەی ڕێککەوتنەکە- ڕۆڵی چین وەك ناوبژیوان- بووەتە هۆی نارەحەتکردن و نیگەرانکردنی زۆر کەس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەو شێوەیە لێکی دەدەنەوە کە ئەمە ئاماژەیە بە پاشەکشە و داکشانی ڕۆڵ و پێگەی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، باس لەوە دەکەن کە چین توانیویەتی برەو بە ئەجێندا و بەرژەوەندیی خۆی بدات لەم ناوچەیەدا.

*** باس لەوە دەکرێت کە پێشتریش ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو وڵاتی سعودیە و ئێراندا کراوە، بەڵام دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتووەتەوە و کێشە و تەنگژە و ناکۆکییەکانی نێوانیان بەردەوام بووە، پێت وایە تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ڕێککەوتنە بەردەوام بێت و دەرئەنجامی خوازراوی لێ بکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە جیا دەکاتەوە لە ڕێککەوتنەکانی پێشووی نێوان ئەم دوو وڵاتە، ئەوەیە کە چین بەشدارە، هەرچەندە هێشتا دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی چین بەسەر ئێرانەوە تاقی نەکراوەتەوە و نازانین چۆن دەبێت، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر ئێران ترسی لە چین هەبێت، ئەوا پابەند دەبێت بە ڕێککەوتنەکەوە، بەگشتی دەتوانین بڵێین کە ئەمە تاقیکردنەوەیەك دەبێت بۆ کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی چین لە ناوچەکەدا.

*** ئێوە لە کۆتایی وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەتان بەوە کرد کە هەندێك کەس لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیگەرانن لەوەی کە ئەم ڕێککەوتنە بە هەوڵ و ناوبژیوانیی چین ئەنجام دراوە، بەڵام ئێوە لە چاوپێکەوتنێکتاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە پێویست ناکات ئەمریکا نیگەران بێت و، بگرە باشترە پێشوازی لەم پێشهاتە بکات، ئایا ئەمە سەرکەوتنێك نییە بۆ چین لەسەر حیسابی پێگە و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا؟**

- من پێم وایە موبالەغەیەك لە لێکدانەوەی ئەم پرسەدا هەیە، چونکە دەبێت ئێمە ئەوەمان لە بەرچاو بێت، کە هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتواناترین هێزی سەربازییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، بگرە بە تواناترینە لە ڕووی ئابوورییشەوە، چونکە هێشتا بازرگانیی نەوت بە دراوی دۆلار دەکرێت و ئەنجام دەدرێت، کەواتە من دەڵێم پێویستە ئەمریکا پێشوازی لەم ڕێککەوتنە بکات، چونکە خۆی ناتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات و، چین تاکە وڵاتە کە دەتوانێت لە یەك کاتدا گفتوگۆ لەگەڵ ئێران و عەرەبستانی سعودیەدا بکات، ڕەنگە ڕووسیاش بتوانێت ئەم کارە بکات. هەرچۆنێك بێت چینیش هەمان خواستی ئەمریکای هەیە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، چونکە چینیش دەیەوێت نەوت لەم ناوچەیە بە بێ کۆسپ و تەگەرە ڕەوانەی جیهان بکرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەقامگیری هەبێت لەم ناوچەیەدا نەك شەڕوشۆڕ، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە پێویستە ئەمریکا پێشوازی لێ بکات، چونکە ئەگەرچی چین ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە هێنانەدی ئەم ڕێککەوتنەدا، بەڵام دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا دەکەن.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما، ئەوا لەو کاتەدا سەرۆك ئۆباما لە لێدوانیکیدا، باسی لەوە کرد پێویستە ئێران و دۆستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هاوبەشی بکەن لە ناوچەکەدا، لەو کاتە ئەم لێدوانە مشتومڕی زۆری دروست کرد و ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە تێڕوانینێکی واقیعبینانە بووە و، ئەگەر لەو کاتەدا ئەم ڕێککەوتنە بکرایە، ئەوا ئێران و سعودیە و بگرە تێکڕای ناوچەکەش لە دۆخێکی باشتردا دەبوون؟**

- ڕاستە لەو کاتەدا سەرۆك ئۆباما ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە سعودیە فێر بێت کە ناوچەکە لەگەڵ ئێراندا بەش بکات، ئەم تێڕوانینەی ئۆباما لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێی وابوو، ئێران بەرژەوەندیی ڕەوای هەیە

**ئەگەر ئێران ترسی لە چین هەبێت، ئەوا پابەند دەبێت بە ڕێککەوتنەکەوە، بەگشتی دەتوانین بڵێین کە ئەمە تاقیکردنەوەیەک دەبێت بۆ کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی چین لە ناوچەکەدا**

**ئەگەرچی چین ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە هێنانەدی ئەم ڕێککەوتنەدا، بەڵام دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا دەکەن**

**ئەمریکا گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نییە لەگەڵ ئێراندا و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەرێنییشی نییە بەسەر ئەو وڵاتەوە، بەڵام چین لە پێگەیەکی تایبەتمەند و دەگمەندایە و پەیوەندیی قووڵ و زۆر گرنگی لەگەڵ ئێراندا هەیە**

**ئەمریکا لە بەرانبەر وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەنای بردووەتەوە بەر بەکارهێنانی هێز، بەڵام ڕێچکە و ڕێگەچارەی چین جیاوازە، کە پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێز لە خۆناگرێت**



لە ناوچەکەدا و، دەبێت دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا قبووڵ بکرێت، ئەوە بوو لەو کاتەدا سعودیە بەرهەڵستیی ئەم تێڕوانینەیان کرد و ئاماژەیان بەوە کرد کە ئێران بەرژەوەندیی هەژموونخوازی و ئیمپراتۆریی هەیە لە ناوچەکەدا و، سعودیە ئەوەی دووپات کردەوە کە پێویستە ئێران وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ «Nation State» هەڵسوکەوت بکات، نەك وەك ئیپمپراتۆر. هەرچۆنێك بێت پێم وانییە بتوانرایە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ئەم ڕێککەوتنە بەدی بێت، چونکە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، ئەمریکا گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نییە لەگەڵ ئێراندا و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەرێنییشی نییە بەسەر ئەو وڵاتەوە، بەڵام چین لە پێگەیەکی تایبەتمەند و دەگمەندایە و پەیوەندیی قووڵ و زۆر گرنگی لەگەڵ ئێراندا هەیە، بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، ئەمە وای کردوە کە بتوانێت بە چەشنێك کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی بەسەر ئێرانەوە هەبێت، کە ئەمریکا نییەتی. دواتر ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە لە ڕووی مێژووییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرانبەر وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەنای بردووەتەوە بەر بەکارهێنانی هێز، بەڵام ڕێچکە و ڕێگەچارەی چین جیاوازە، کە پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێز لە خۆناگرێت، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا بژاردەی ڕێگەچارەی سەربازی کاریگەرتر و کاراترە، یان بژاردەی بازرگانی و هێزی نەرم.

*** ئەی بە تێڕوانینی ئێوە چین چ دەستکەوتێك دەچنێتەوە لەم ڕێککەوتنە، ئایا دەبێتە هۆی بەهێزکردن و پتەوکردنی پێگەی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- من پێم وایە ئەمە پێگەی چین وەك هێزێکی باڵا (سوپەر پاوەر) بەهێز دەکات کە دەتوانێت ناوبژیوانی بکات لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە هەرێمایەتییەکاندا، خۆ ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە کاریگەریی ئەرێنی لێ بکەوێتەوە و گفتوگۆیەکی ڕاستەقینەی بەدوادا بێت لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و عەرەبستانی سعودیە، ئەوا چین سەرمایەیەکی گەورەی دیپلۆماتی و سیاسی بەدەست دەهێنێت.

**ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە کاریگەریی ئەرێنی لێ بکەوێتەوە و گفتوگۆیەکی ڕاستەقینەی بەدوادا بێت لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و عەرەبستانی سعودیە، ئەوا چین سەرمایەیەکی گەورەی دیپلۆماتی و سیاسی بەدەست دەهێنێت.**

# کێمبونا ئاڤێ
# ل عێراقا فیدرال

لڤان روژا زوربەیا بەرپرسیارێت کەرتێ ئاڤێ ل عێراقا فیدرال دەنگوبێن رەوش و مەترسیا کێمبونا ئاڤێ ئاشکەرا دکەن، وهەر نووکە هەست پێ دکەن کو (ناچاربوینە) بریارێ بەردانا ئاڤا بەنداڤێت (حەدیسە، میسل، دوکان، دەربەندیخان) زێدەکەن، بومەبەستا زێدەکرن و پاراستنا ئاڤا رویبارێ (دجلە وفرات) تا دگەهنە (شط العرب). ئەڤێت خوارێ بوینە هوویێت کیمبونا ئاڤێ و زێدەبونا رێژا (لەوتینا ئاڤێ) د هەر دوو رویباران دا:


١- نووکە هەمی قەرارا خەزنا ئاڤێ د هەر ٤ بەنداڤێت سەرەکی نێزیکی (٦ ملیار و٧٠٠ ملیون م٣) ئاڤێ تێدا هەنە. قەبارا ئاڤا تێت سەر هەر ٤ بەنداڤا نێزیکی (٤٦١ م٣/ چرکێ دانە)، لێ قەبارا بەردانا ئاڤێ نێزیکی (٨٧٥ م٣/ چرکەکێ دا). بەردانا ئاڤێ ل بەنداڤا(حەدیسە ومیسل) ب ڤی شێوازی، (بریارەکا ئینتحاریە)؟ چونکە،دێ هەر دوو بەنداڤ (خالی بن ژ ئاڤێ د ٣ێ مەهێت (ئادار ونیسان وگولانێ)دا !!!! ئەڤە ژی (مەزنترین خەتەرە) لسەر بەنداڤا (حەدیسە ومیسل). .لێ بەنداڤێت (دوکان ودەربەندیخان دێ (وەکو خوو مینن)، چونکە (ئاڤا تێتە بەردان،کێمترە ژ ئاڤا تێتە سەر هەر دوو بەنداڤا).

٢- عێراقێ سالانە ب کێمی پێویستیا ب (٥٠ ملیون م٣ ئاڤێ هەی)، لسالا ٢٠١٩ێ ( خەزنا ئاڤێ گەهشتبو(٥٦ملیار م٣)، وسالا پار٢٠٢٢ دابەزیە بو (١٨ ملیار م٣)، نووکە ناگەهتە (٧ ملیار م٣ ئاڤا) عومبارکری د بەنداڤا ن دا . یان کو رێژا ئاڤا عومبارکری نێزیکی (٨٧٪ کێمتر لێ هاتیە.

٣- قەبارا ئاڤا (لەوتی) یا باژێرێت عێراقێ پتری (٥ ملیون م / د روژی دا)دچنە سەر رویباری، دجلە وفورات وتایێت دیرترێت ئاڤێ، ئەڤە ژی بویە هوویا بەرزبونا رێژا لەوتینا ئاڤێ، ل دەمێ ئاستێ ئاڤێ دناف رویباروبەنداڤا کێمبویە، وبویە هوویا پەیدابونا نەخوشیا، وهشکاتییێ، ومشەخەتبونا مروڤا ل چەند گوند وباژێرکێت باشورا عێراقێ.

٤- کێمبونا ئاڤێ دناف (شط العرب) دا بویە هوویا ئاڤا سویرا کەنداڤی بەرف باکور ڤەهاتیە بو ناف(شط العرب) ورێژا (سویریاتیا ئاڤێ- ملوحة المیاه) زور بەرزبویە، ئەڤێ چەندێ کێشا ئاڤێ ل باشورا عێراقی ئالوزتر لێ کریە.

٥- تا نووکە (پشکا) عێراقێ د ئاڤا رویبارێت (مشترك) لگەل (تورکیا وئیرانێ وسوریا) نەهاتیە دیار کرین، لەوانێ حکومەتا عێراقا فیدرال یا کەتیەت ( تەنگاڤیەکا مەزن دا)، و هەگەر هوو بمینیت ؟ دێ کێشا ئاڤێ (دناف بەرا پاێزگاهێت عێراقی دا پەیدابیت)، نەخاسمە دناف بەرا پارێزگاهێت (ناڤەراست وباشور دا دێ پەیدابیت لسەر ئاڤێ).ئەڤە ژی دێ (کارتێکرنەکا خراب کەتە سەر ئاسایش




## د.بێوار خنسی

**راوێژکارێ جەنابێ سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

وسەقامگیرا پارێزگەهێت ناڤەراست وباشورا عێراقێ دا).

٦-نوکە قەبارا عومبارکریا ئاڤا بەنداڤێت کوردستانی (دوکان ودەربەندیخان) نێزیکی (٣ملیارو ٢٧٢ ملیون م٣) ئاڤێ نە. نوکە (٩٩ م٣) ئاڤێ تێنە سەر بەنداڤا دوکان، و(٨٠ م٣) ئاڤێ د چرکەکێ دا تێنە بەردان .بەنداڤا دربەندیخان نێزیکی(١ ملیار٥٣ ملیون م٣ ئاڤێ تێدانە . نوکە (٢٨ م٣ ئاڤێ تێنە سەر بەنداڤێ و(١٥ م٣ ئاڤی د چرکەکێ دا تێنە بەردان. هەگەر هوو بمینیت؟ ئاڤا عومبارکریا هەر دوو بەنداڤا دێ (زێدەتر لێ هێت). چونکە قەبارا ئاڤا تێتە سەر هەر دوو بەنداڤا (١٢٧ م٣ د چرکەکێ دانە) بەران بەری بەردانا (٩٥م٣ئاڤێ د چرکەکێ دا .لێ لأ وەرزێن (هاڤینێ وپاییزێ)دت،دێ قەبارا تێتە سەر هەر دوو بەنداڤا دێ کێمتر لێ هێت .

لەوانێ دڤێ (ئیستراتیجیەتا) بەردانا ئاڤێ لسەر بنەمایێ (پاراستنا دناف بەرا قەبارا ئاڤا تێتە سەر بەنداڤا وئاڤا تێتە بەردان تەمەت یەکتر بن).

حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەول بدەت قەبارا ئاڤا عومبارکریا هەر دوو بەنداڤا بپارێزیت، و(کارتا ئاڤێ) بکەتە ئارمانجەك لگەل حکومەتا فیدرالا عێراقێ ل (دان وستاندنێت) تێنە کرێن دناف بەرا (هەڤلێر وبەغدا دا) .

ب ڤی شێوازی حکومەتا هەرێما کوردستانێ دێ هاریکاریا حکومەتا عێراقا فیدرال بکەت ب رێژا نێزیکی ٣٠٪بو چارەسەرکرنا کێمبونا ئاڤێ ل دەمێت تەنگاڤیان دا، تایبەت بو (مەهێت ٧،٨،٩،١٠) کە زور پێویستی ب ئاڤێ هەبیت، ئەڤ کارە دێ بیتە هوویا (بەرزبونا روولێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ د چارەسەرکرنا کێشێت حکومەتا عێراقا فیدال دا، ژ وان ژی (کێشا ئاڤێ ل عێراقێ) .:

**پێشنیار:**

١-کارهینانا کارتا ئاڤێ ب شێوازەکی (زانستی، د تەنگاڤییێت ئاڤێ دا) بێتە بکار هینان . سامانێ ئاڤێ ل هەر دوو بەنداڤێت دوکان ودەربەندیخان پارێزیت، کو قەبارا ئاڤا عومبارکری ل ٣٠٪ تێدا کێمتر لێ نەهێت . دێ هنگێ شێت (ئاسایشا ئاڤێ) بو چەند پارێزگەهێت (سلێمانێ، هەڵەبجە، کەرکوك، دیالە) ب پارێزیت .

٢- حکومەتا هەرێما کوردستانێ دێ شێت ب پاراستنا ٣٠٪ ژ ئاڤا هەردوو بەنداڤا هاریکاریا حکومەتا فیدرال بکەت ب (باژێرێت دکەڤنە باشورا بەنداڤا دوکان ودەربەندیخان)دا.

٣- زورا فەرە ب زویترین کات کار بێتە کرێن بو دانانا (بەنکا ئاڤێ) ل هەرێما کوردستانێ.

٤- دروستکرنا (دەستگاهێ کارەساتا) ل هەرێما کوردستانێ.

# پێنج چەمکی ئایینی وەک بنەما بۆ پاراستنی ژینگە

پێنج چەمكی دیار هەن كە لە قورئاندا بەگشتی ئاماژەیان بۆ كراوە، دەكرێت ببنە بنەمای سەرەكی بۆ پاراستنی ژینگە لە ڕەهەندێكی ئایینییەوە، كە بریتین لە:


یەكەم- هاوسەنگی: خودای گەورە بوونەوەری لەسەر بنەمای هاوسەنگی دروست كردووە، وەك لە قورئاندا دەفەرموێت: (وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ) (الحجر: ١٩).

بەڵام ئەوە مرۆڤە كە لە ڕێگەی چالاكییە بێ بەرنامەكانیەوە ئەو هاوسەنگییە تێك دەدات (ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ) (الروم: ٤١).

ئەم ناهاوسەنگییە ژینگەییەی كە قورئان ئاماژەی بۆ دەكات، دەتوانرێت ببینرێت لە دیاردەكانی وەك دەركەوتنی شوێنەوارە نێگەتیڤەكانی پێشكەوتنی مرۆڤ لە بواری پیشەسازی و بیناسازی و داهێنانی چەندین ئامێر و دروستكردنی زۆرێك لە كارگە و زیادبوونی لە ڕاددەبەدەری هۆكارەكانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بەكارهێنانی بێسنووری پێكهاتەكانی ژینگە، گوێنەدان بە چارەنووسی نەوەكانی ئایندە، زیادبوونی ڕووبەری خانووبەرە، كەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی، كشانی ئاسۆیی شارەكان، زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی كارگە و هۆكارەكانی گواستنەوە، تێكئاڵانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەكان و تێكدانی هەستی بینین، كەمیی هۆشیاریی ژینگەیی و بایەخنەدان بە كاریگەرییە نەرێنییەكانی پڕۆژە ئەنجامدراوەكان و.. هتد..

جا لەبەر ئەوەی پیسبوونی ژینگە یەكێكە لەو هۆكارانەی كە ئاسایشی گشت جیهان دەخاتە بەر هەڕەشە و مەترسی و، سنووره سیاسی و ئیدارییە دەستكردەكان ناناسێت، كاتێك مرۆڤەكان لە ڕێگەی خراپ بەكارهێنانی دەرامەتە سرووشتییەكان و پێشكەوتن و گەشەپێدان لەسەر حیسابی ژینگە دەخوازن، وەك دەبینرێت لە پڕۆسەی پڕكردنی نازانستییانەی شارەكان بە دانیشتووان و، شەقامەكانیش بە هۆكارەكانی گواستنەوەی زۆر و، زیادەڕەوییش لە بەكارهێنانی سامانی سرووشتی و بەكاربردنی بێپلانی زانستی و كەمیی هۆشیاریی ژینگەیی و ژینگەڕۆشنبیریدا، ئەمە بە ڕوونی ڕەنگ دەداتەوە.

دووەم - بەستنەوەی مرۆڤ بە سرووشت و دەوروبەرەوە: ئەمەش دەبینرێت لە ڕێگەی ناولێنانی زۆرێك لە سوورەتەكانی قورئان بە ناوی گیانلەبەران و زیندەوەران و میوە و كانزا و مانگ و ئەستێرە و خۆر و برووسك و دووكەڵ و بوومەلەرزە و دیاردە و شوێنەكان، هەموو ئەمانە و زۆری دیكەش ئاماژەن بۆ بەستنەوەی



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

مرۆڤ بە توخمەكانی ژینگە و، ئاگاداربوون لە بوونەوەر و ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەران و ڕووەك و تەن و كانزا و دیاردە سرووشتییەكان.

سێیەم- دووركەوتنەوە لە زیاد بەكارهێنان و بەفیڕۆدان : خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: (وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ) (الأعراف: ٣١) بەفیڕۆدان و زیاد بەكارهێنان كاریگەریی خراپیان هەیە لەسەر بەهەدەردان و بەفیڕۆدانی سامان و دەرامەتە سرووشتییەكان، هۆكاریشن بۆ سەرهەڵدانی هەژاری و ناسەقامگیری، بۆیە پێویستە بە قەدەر پێداویستیی خۆمان دەرامەتەكانی ژینگە بەكار بهێنین، نەك بە قەدەر حەزەكانمان، چونكە مرۆڤ دەبێت بخوات بۆ ئەوەی بژی، نەك بژی بۆ ئەوەی بخوات، هەر بۆیە بەپێی ئامارەكانی ڕێكخراوی خۆراك و كشتوكاڵ (ئێف ئەی ئۆ) دەبینرێت كە:

نزیكەی (١,٣) ملیار تۆن لە خۆراكی جیهان لە ئەنجامی فڕێدانەوە بەفیڕۆ دەڕوات.

نزیكەی یەك ملیار مرۆڤیش لە كۆی هەشت ملیار دانیشتووانی جیهان، برسین.

چوارەم- پێكەوەگرێدانی گوفتار و ڕەفتار: خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت:

(لِمَ تقولون ما لاتفعلون) (سورە الصف : ٢)، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو كەسانەی كە تەنیا بە قسە باس لە چارەسەر دەكەن، كەچی لە واقیعدا و بە كردەوەكانیان پێچەوانەی قسەكانیان ڕەفتار دەكەن، بۆیە ئەم ئایەتە ئاگادارمان دەكاتەوە كە چارەسەری كێشەكانی مرۆڤ و جیهان تەنیا بە قسە و وتار ناكرێن، بەڵكو پێویستیان بە كردار و ڕەفتار هەیە.


پێنجەم- هاوكاریی هەمووان: كێشە جیهانی و گشتییەكان پێویستییان بە هاوكاریی هەموانە، بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: (وَتَعَاوَنُوا عَلَىٰ الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ) (المائدة: ٢)، ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە بزانین كە پاراستن و چاككردنی ژینگە وەك ئەركێكی نیشتمانی و مرۆییە، لە هەمان كاتیشدا ئەركێكی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەها ئەركی تاك و كۆمەڵگە و گشت جیهانە لە هەمان كاتیشدا.

بۆیە پسپۆڕان و كاربەدەستانی بواری ژینگە ئەمڕۆ لە جاران زیاتر ئەركی هۆشیاركردنەوە و ئامادەكردنی باس و لێكۆڵینەوە و ئەنجامدانی ئەو میكانیزمەیان دەكەوێتە ئەستۆ كە دەتوانرێت بە هۆیانەوە پیسكردنی ژینگە كەم بكرێنەوە.

ئێمەش كە بەشێكین لەم دونیایە و لەسەر یەك هەسارە دەژین و یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا كۆمان دەكاتەوە، ئەركی سەرشانی هەر یەكەمانە بەپێی تواناو لە سنووری زانیارییەكانی خۆمان و، پێگەی بەرپرسیارێتی خۆماندا هەنگاوێك بنین لە ڕێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاككردنی ژینگەدا.

# لەباربردنی کۆرپەلە لە ڕوانگەی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت





**بەپێی هەموو یاسا نێودەوڵەتی و ئایینییەکان لەباربردنی کۆرپەلە ڕێگری لێکراوە و یەکێکە لە کردە قەدەغەکراوەکان و تەنیا لە چەند حاڵەتێکی دەگمەنی پەیوەست بە تەندروستیی دایکەکە نەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە ڕوانگەی شەرع و یاسا و پزیشکییەوە خوێندنەوە بۆ بابەتەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەرەتا لە ڕوانگەی شەرعەوە مەلا ڕەعد ئۆمەربلی بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت: «لەباربردنی کۆرپەلە (منداڵی ناو سك)، لە ڕوانگەی شەرع و یاسا و تەندروستییەوە کارێکی مەترسیدارە». ئەو کەسایەتییە ئایینییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە باربردنی کۆرپەیەك دوای هاتنە بەری ڕۆحی بە قەتڵ و کوشتن هەژمار دەکرێت، ئەوانەی بەشدار بن (دایك و باوك و پزیشك و هیتر) لە لەباربردنی منداڵەکە ئەوە بە بکوژ حیساب دەکرێن، بەڵام چەند تێبینی هەیە، لەوانە:

١- ئەگەر هاتو ژنی سکپڕ ژیانی کەوتە مەترسی و لێژنەیەکی پسپۆڕ لە پزیشکان و بە ڕاوێژ لەگەڵ لێژنەی فەتوا، ئەگەر بۆیان دەرکەوت، کە دەبێت، ژیانی یەکێکیان هەڵبژێرن بۆ مان لە ژیان، ئەوە ژیانی دایکی کۆرپەکە گرنگترە لەژێر ئەو بنامایەی کە زەرەرە کەمەکەی هەڵدەبژێرین (اخف الضررين)، (ارتکاب أخف الضررين لدفع أعظمهما)، یان زەرەرە بچووکەکە هەڵدەبژێرین، بۆ ئەوەی زەرەرە گەورەکە لا بەین، بۆ ئەوەش هاتووە: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) النحل (٤٣)، واتە: ئەگەر شتێکتان نەزانی و دڵنیا نەبوون، ئەوە لە کەسی شارەزا و پسپۆڕ لە بابەتەکە بپرسن .

بۆیە ئێستا تێگەیشتین لەدەستدانی کۆرپەلە و دایکی زەرەرە، بەڵام لەدەستدانی کۆرپەلەکە زەرەری بچووکە و لە دەستدانی دایکی زەرەری گەورەیە، بۆیە لەم حاڵەتە دایکەکە هەڵدەبژێرین و دەستبەرداری کۆرپەلەکە دەبین .

٢- هەندێکی دی لە ترسی بەخێوکردن و خەرجی منداڵەکە، ئەوە پێشی بێتە کۆرپەلە دەتوانن مەنعی بکەن و کۆرپەلە دروست نەبێت، بەڵام کە بووە کۆرپەلە و ڕۆحی هاتە بەرێ، ئەوە بە هیچ شێوەیەك ڕێگاپێدراو نییە لە بار ببردرێت، مەگەر بەو مەرجەی لە خاڵی یەکەم باسمان کرد، کوردەواری گوتەنی، ئەگەر خوا سەر بدات، ڕزقیش دەدات.

**زانایان و مەزهەبەکانمان، بەم شێوەیە لەم بارەیەوە قسەیان کردووە:**

**شافیعی دەڵێن:**

أ - ئەگەر لەسەرەتای حەملەکەوە تا ئەو ڕۆژ و کاتە چل ڕۆژ بوو و، ژن و پیاوەکەش هەردوو لەسەری ڕازی بوون و دوو پزیشکی (عادل) گوتیان، هیچ زیانێکی بۆ ژنەکە نابێ، بە لای هەندێکەوە حەڵاڵە و، بە لای هەندێکی دیکەوە (کەراهەتی تەنزیهی) هەیە.

ب- ئەگەر چل ڕۆژ تێپەڕیبوو بە سەر حەملەکەدا،

**لەباربردنی کۆرپەلە (منداڵی ناو سک)، لە ڕوانگەی شەرع و یاسا و تەندروستییەوە کارێکی مەترسیدارە**


**هەندێکی دی لە ترسی بەخێوکردن و خەرجی منداڵەکە، ئەوە پێشی بێتە کۆرپەلە دەتوانن مەنعی بکەن و کۆرپەلە دروست نەبێت**

**لە هیچ لە بەڵگەنامە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لەباربردنی کۆرپەلە وەک مافی ئافرەت سەیرنەکراوە و دەدانی پێدا نەنراوە**



مەلا ڕەعد ئۆمەربلی:

**لە باربردنی کۆرپەیەک دوای هاتنە بەری ڕۆحی بە قەتڵ و کوشتن هەژمار دەکرێت، ئەوانەی بەشدار بن (دایک و باوک و پزیشک و هیتر) لە لەباربردنی منداڵەکە ئەوە بە بکوژ حیساب دەکرێن**



د. ئازاد مەنتك:


**دوای هەڵسەنگاندنی حاڵەتی دایکەکە و حاڵەتی کۆرپەکە و بە گوێرەی یاسای ئەو وڵاتە و نەبوونی ڕێگری کۆمەڵایەتی و ئایینی و مرۆیی پزیشک هەندێك جار پەنا بۆ لەباربردنی کۆرپەلە دەبات**

دیسان لەباربردنی حەرامە، ئیتر کۆرپەلەکە بجووڵێت، یان ڕۆحی بە بەردا کرابێ، یا نا.
حەنەفی دەڵێن: بەر لە تێپەڕبوونی چوار مانگ، واتە: ڕۆحی بە بەرا بکرێ، لەباربردنی دروستە، ئەگەرچی هەندێ زانای خاوەن ئیمتیازیان دەڵێن بەر لە ڕۆح لەبەرکردنیا بێ بیانووی شەرعی حەڵاڵ نییە.
حەنبەلی دەڵێن: پاش تێپەڕ بوونی (١٢٠) ڕۆژ، لە سەرەتای پەیدابوونی حەملەکەوە، کە ماوەی ڕۆح بەبەراکردنی کۆرپەلەکەیە، لەباربردنی حەرامە.
مالکییەکان دەڵێن: هەر کە ئەو نوتفەیە چووە منداڵدانەوە، ئەگەرچی پێش چل ڕۆژیش بێت، حەرامە لەباربردنی، هەرکە ڕۆحیشی بەبەرا کرا، بە ئیجماعی زاناکانیان حەرام دەبێ. کەوابوو بەلای ئەوانەوە هیچ ڕێگەیەك واڵا ناکەن بۆ ئەو کارە و گشت یەکدەنگن لەسەر حەرام بوونی.
زاهرییەکان: نە بەر لە چوار مانگ، نە لە دوای چوار مانگ ڕێگە نادەن منداڵ لەبار ببرێت، کەوابوو پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ (١٢٠) ڕۆژ بەسەر حەملەکەدا، لای تەواوی زاناکان حەرامە لەباربردنی منداڵ لەبەر نەخۆشی دایکەکەی و بەر لە چوار مانگ، وەکو چارەسەرێکی دایکەکە ڕێی پێ دراوە و قەیناکات، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ (١٢٠) ڕۆژ، فوقەها بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادەن لەبار ببرێت، ئەگەرچی دایکەکەشی بمرێت، ئەگەر لەبار نەبرێت، تەنانەت لەباربردنی منداڵی زینا و ناشەرعیش بە هیچ شێوەیەك لە ئیسلامدا جێی نابێتەوە، بۆ ئەمەش بەڵگەگەلێك بەدەست زانایانەوەیە، لەوانە:
یەکەم: (وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى) سورة فاطر: ١٨.
دووەم: ژنە غامدییەك، دووگیان بوو، هاتە لای پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بچۆ هەر کە منداڵەکەت دانا، ئەو کات تۆڵە دەدرێیت.
سێیەم: ئەوانەیش لە ماوەی چل ڕۆژدا ڕێگە دەدەن، منداڵ لەبار ببرێت، دەڵێن بۆ شتی حەڵاڵ و شەرعییە، نەك بۆ (مەعصیەت) و تاوان، دیارە کە حەملی ناشەرعی و زینا، هۆکاری گوناح و تاوانە، کەوابوو لە ماوەی چل ڕۆژەکەیشدا هەر نابێت.
د. ئازاد مەنتك پزیشکی پسپۆڕی گشتی لە ڕووی زانستی پزیشکییەوە سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لەباربردنی منداڵ بەهیچ جۆرێك ئاسایی نییە. بەڵام دوای هەڵسەنگاندنی حاڵەتی دایکەکە و حاڵەتی کۆرپەکە و بە گوێرەی یاسای ئەو وڵاتە و نەبوونی ڕێگری کۆمەڵایەتی و ئایینی و مرۆیی پزیشك هەندێك جار پەنا بۆ لەباربردنی کۆرپەلە دەبات».
سەبارەت بە زیانە لابەلاکانی لەسەر تەندروستیی دایك ئەو پزیشکە گوتی: «کاردانەوە و زیانەلابەلاکان لە ژنێکەوە بەگوێرەی یەکێکیدی دەگۆڕێت. هەروەها بوونی نەخۆشیی درێژخایەن و باری تەندروستیی ژنەکە زۆر گرنگە چونکە کاتێك ژنێك بەخۆی لە بنەڕەتدا باری تەندروستی تەواو نییە و تووشی لەبارچوون دێت، ئەگەری لێفامانەوەی زۆر دێت، لەوانە:
١- تەواو لەبار نەچوونی کۆرپەکە و مانەوەی بەشێك لە ناو زگی ژنەکە، کە؛ بۆی هەیە پێویستی بە نەشتەرگەری ببێت بۆ دەرهێنانی پارچەکە.
٢- ئەگەری خوێنبەربوونی زۆر دەبێت، بە جۆرێك ژنەکە خوێنی زۆر لەبەر بڕوات، کە؛ ئەگەر نەخۆشی دیکەی هەبێت، ئەگەری ئەوەی هەیە، کە ژیان و تەندروستیی ژنەکە بخاتە مەترسییەوە.
٣- بریندابوون، یان دڕان و تەقینی منداڵدان.
٤- ژەهراویبوون: کاتێك لەبارچوونەکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی بەکتریا تێدان و هەوکردن، ئەوا؛ لە گوینە هەوکردنەکە سیرایەت بکێشێت و ببێتە کێم و خیزاو (sepsis). ئەم حاڵەتە لە (١٠٠٠) ژن بۆی هەیە یەکێك تووشی بێت.
مەرج نییە هەر ژنێك منداڵی لەبەر بچێت، هیچیدی توانای سگکردنی نەمێنێت. نەخێر. زۆر ئاساییە ژنەکە سگی خۆی دەکات، هەر لەبەر ئەوە ژنەکە کاتێك منداڵێکی لەبەر دەچێت، پێی ناوێت ترسی هەبێت، ئەوە نەبێت جاری واهەیە، کە دوای لەبار چوونەکە ئەگەر منداڵدانی تووشی هەوکردن و بەکتریا تێدان هات، ئەوا؛ ئەو هەوکردنە پەل باوێت و بگاتە جۆگەی هێلکەدان و لێرەدا هەوکردنەکە ببێتە هۆی گیرانی جۆگەی هێلکەدان و بەمەش ژنە تووشی هەوکردنی حەوزی منداڵدان بێت، لێرەدا ئەگەری تووشبوونی ژنەکە بە منداڵ نەبوون و وەجاغ کۆربوون زۆر دەبێت».
هەرمن ئەحمەد نووسەر و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت، ڕایوایە: «کرۆکی ئەم بابەتە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام پێویستە بە وردی بچینە ناو کرۆکی بابەتەکە، یەکەم هۆکارەکە دەستنیشان بکرێت، پاشان بپرسین: کێن ئەو کەسانەی کە گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ئەم بڕیارە بدەن؟ ئەو پرسیارەش دروست دەبێت: ئایا ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بازنەی پرۆسەی هاوسەرگیری دووگیان بوون، یان هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام کێشەی هاتنی ئەو منداڵەیان هەیە» .
گوتیشی: «ئەگەر بە هەماهەنگیی دوو هاوسەر

بڕیای لە باربردنی کۆرپەلە دەدرێت، ئەوا دەبێت هۆکارێکیان هەبێت، هەروەها هەر ئەو دوو هاوسەرە ئاکامی باشی و خراپیی بڕیارەکە هەڵدەگرن، نەك کەسانی دی، ئەگەر بێتوو لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری ئەو کەسە دووگیان بووە و هەوڵی لەباربردنی دەدات، ئەمەش ڕێگەیەکی ساناترە بۆ خودی کەسەکە، چونکە بە تەنیا چارەسەری دادەنێت، ئەمە حەقیقەتە و هیچ بەدیلێکی دیکە نەخراوەتە ڕوو بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە پاش لەدایکبوونی تووشی هیچ کارەساتێکی یاسایی نەبێت، سێیەم خاڵ کە زۆر گرنگە ئەویش دەرچوونی یاسایەکی مەدەنییە بۆ ئەم حاڵەتانە و چارەسەری ئەم کێشەیە دەکەوێتە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لە پەرلەمان کاردەکەن .هەڵبەتە پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە تا چارەسەر نەکرێت، پێش ئەوەی ئێمە ئەم ڕەفتارە بە نامرۆڤانە لە قەڵەم بدەین، پێویستە چارەسەی هۆکارە سەرەکییەکە بدرێت».

ئەو چالاکەی بواری مافەکانی ئافرەت، وەك دواوتەی گوتی: «من لێرەدا ناتوانم لە ڕووی شەرعەوە فەتوا بدەم، چونکە هەموو دەزانین کە بە هیچ جۆرێك ڕێگەپێدراو نییە دوو کەس لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەو پەیوەندییە دروست بکەن، لە ڕووی یاسایشەوە بە هەمان شێوە نایاساییە، کەواتە لێرەدا چ بژاردەیەك هەیە بۆ ئەوەی ڕێگرییان لێ بگیرێت کە چیدی ئەو کەسانە بڕیاری وا نەدەن؟ ئەوە هوشیارکردنەوە و کار و هەوڵی زۆری دەوێت».

پارێزەر زانا نەبەز لە ڕوانگەی یاساوە بەمجۆرە باس لە لەباربردنی کۆرپەلە دەکات: «لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی و بەتایبەت دوای پێکهێنانی خێزان و دروستبوونی پەیوەندیی سۆزداری لە نێوان هەر دوو ڕەگەزەوە لە تەواوی جیهان دیاردەیەك ڕوو لە مرۆڤە مێینەکان دەکات، کە دووگیانبوونە بۆ خستنەوەی منداڵ، جا ئەمەش پۆلێن دەکرێ بۆ دوو بەش: سکپڕبوونی ویستدار و بێ ویست، هەروەها سکپڕبوون لە ئەنجامی دەستدرێژی، ڕوونە ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردی دوور نییە و لە ئێستادا زۆرترین گفتوگۆی یاسایی و ئایینی و تەندروستی و فەلسەفی لەسەر ئەنجام دەدرێت، ئەو پرسە مرۆڤایەتی دابەشی دوو بەرەی دژ کردووە، هەندێکیان پشتگیری دەکەن، وەك مافی ئافرەت لە هەڵسوکەوتکردنی ئازادانە بەسەر جەستەی و هەندێکی دیکەش دژایەتی دەکەن، بە بەڵگەی پاراستنی مافی ژیانی کۆرپە، لێرەشدا بە پێی وڵات و یاسا و ئایین مامەڵەکردن لەسەر ئەم پرسە جیایە، ئەو وڵاتانەی کە ماف دەدەن بە ئافرەت بۆ لەباربردنی کۆرپەلە بە شێوەیەکی ئاشکرا و لەژێر چاودێریی پزیشك و بە ئامێری پزیشکی تایبەت بەڕێوە دەچێت و لە هەندێك وڵاتانیشدا، پرۆسەکە ڕێگەپێدراو نییە لە یاسادا و بە نهێنی و لەلایەن کەسانی ناشارەزا و بە سوودبینین لە نەریتی سادە بەڕێوەدەچێت. ڕوونە کە باس و خواسی یاسا دێتە ئاراوە مرۆڤایەتی ڕاستەوانە هزری بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان و یاسا ناوخۆییەکان دەچێت. گرینگیدان بە مافی تاکەکان لە جیهان دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەگرتەوەکان بە تایبەت، مرۆڤ هەنگاوی گەورەی نا، بووە بە یەکێك لە ئەجێنداکانی ڕێکخراوەکە، هەرچەندە لە هیچ لە بەڵگەنامە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لەباربردنی کۆرپەلە وەك مافی ئافرەت سەیرنەکراوە و ددانی پێدا نەنراوە، لەبەر دژیەکیی دیاردەکە لەگەڵ باوەڕی گشتیی خەڵك و یاساکانی وڵاتانی ئەندام کە لەگەڵی ناگونجێت، بەڵام یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخ گرنگیی تایبەت دەدات لە ڕوانگەی پێداویستییەکی تەندروستی وەك مافێکی جەوهەری ئافرەت، نەك مافێکی شارستانیی ئافرەت کە ئازاد بێت بۆ هەڵسوکەتکردن بە جەستەی خۆیەوە، هۆکاریش بۆ ئەمە کە ئەم حاڵەتانە ڕووبەرووی ئافرەت دەبێتەوە وەك: (دەستدرێژیی سێکسی و تەندروستیی دایك و هەژاریی خێزان و ناتەواویی کۆرپەلە و دووگیانبوونی ئافرەت کە هاوسەردار نەبێت لە بەشێك لە کۆمەڵگەکان). ڕوانگەی ئیسلام بۆ بابەتی لەباربردن ڕوانگەیەکی ڕەوشتییە و وەك ڕێسایەکی گشتی پرۆسەکە ڕێگەپێدراو نییە، هەر چەندە هەندێك حاڵەت هەیە کە پاساوی پرۆسەکە دەدات و لە دەرئەنجامدا ئاسایی دەکات، بەڵام دواجار شارەزایانی ئیسلام بڕیاری لێ دەدەن. سەبارەت بە یاسای ناوخۆ، لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە یاسا کراوە و یاسا ڕێگا بە لەباربردنی ئازاد وەك مافی ئافرەت نادات و سزای بۆ دیاری کردووە، یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) لە ماددەکانی (٤١٧، ٤١٨، ٤١٩) باس لە لەباربردن دەکات و، بە کارێکی تاوانکارانە هەژماری دەکات، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت کە مەترسی لەسەر ژیانی دایکەکە هەبێت، یان ناتەواوییەك لە کۆرپەکەدا هەبێت. بۆ سەلماندنی ئەوەش پێویست بە ڕاپۆرتی پزیشکیی تایبەت هەیە و دەبێت ڕاپۆرتەکە لە دامەزراوەیەکی تەندروستیی تایبەتەوە دەربچێت».



هەرمن ئەحمەد:

**دەرچوونی یاسایەکی مەدەنی بۆ ئەم حاڵەتانە و چارەسەری ئەم کێشەیە دەکەوێتە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لە پەرلەمان کاردەکەن**



زانا نەبەز :

**لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە یاسا کراوە و یاسا ڕێگا بە لەباربردنی ئازاد وەک مافی ئافرەت نادات و سزای بۆ دیاری کردووە**

مەحسومە ئەحمەد
خاوەنی کۆمپانیای ئاگرکوژێنەوە:

# ئەگەر هەر ماڵێک، یان شوێنێک، ئامێرێکی ئاگرکوژێنەوەی لابێت، دەتوانێت لە کاتی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە کۆنترۆڵی بکات



**ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتی لە سەرانسەری جیهاندا بە جۆرێك لە جۆرەکان تێکەڵ بە دونیای کار و سەرمایەداری بوون، ئەوان بە تواناکانیان وەرچەرخانێکی گەورەیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کرد، لەم نێوەندەشدا خانمانی کورد دەستەوەستان نەبوون و وەك هەمیشە پڕ ئەزموون و زەحمەتکێش خۆیان دەرخستووە.**
**مەحسومە ئەحمەد خانمێکی دانیشتووی قەزای ناوەندی سۆرانە و کۆمپانیایەکی گەورەی ئاگرکوژێنەوە بەڕێوە دەبات، جگە لە فرۆشتن و چاککردنەوە و پڕکردنەوەی ئامێری ئاگرکوژێنەوە، سیستەمی ئاگرکوژاندنەوەش بۆ ماڵ و شوێنە گشتییەکان دەبەستن. مەحسومە ئەحمەد یەکەم ئافرەتە توانیویەتی ببێتە خاوەن و بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاگرکوژێنەوە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، وەك خۆی باسی دەکات، هەلی کاری بۆ هەشت گەنج ڕەخساندووە. ئەو خاتوونە خاوەنکارە لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ئەرکەکەی دەکات.**

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

مەحسومە ئەحمەد لە دایکبووی شارەکەی ڕواندزە و دانیشتووی قەزای ناوەندی سۆرانە، ئەو دایکی سێ منداڵە و زیاتر لە ١٥ ساڵە بە یاوەری هاوژینەکەی کۆمپانیایەکی ئاگرکوژێنەوەی دامەزراندووە و خۆی بەڕێوەبەر و خاوەنی بیرۆکەکەشە، وێڕای ئەوەی کارەکەیان سوودی ئابووری بۆ ئەوان هەیە، هاوکات گیانی هاووڵاتیانیش لە مەترسییەکانی ئاگرکەوتنەوە و سووتان دەپارێزن.
مەحسومە ئەحمەد بەمجۆرە باسی وردەکاریی پیشەکەی و ژیانی خۆی دەکات: «خاوەن کۆمپانیا و شوێنی شێرزادم، زیاتر لە ١٥ ساڵە لەم بوارە کار دەکەم و هەلی کاریشم بۆ هەشت گەنج دابین کردووە، جگە لە فرۆشتن و چاککردنەوە و پڕکردنەوەی ئامێری ئاگرکوژێنەوە، سیستەمی ئاگرکوژاندنەوەش بۆ ماڵ و شوێنە گشتییەکان دەبەستین، پێش ئەم کارە بکەم، زۆر کاری جۆراوجۆرم کردووە، بەڵام لە کۆتا جار من و هاوسەرەکەم بڕیارمان دا کۆمپانیایەکی ئاگرکوژێنەوە و ئامێرەکانی ئاگرکوژێنەوە دابنێین، ئەویش لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکی سۆران و دەوروبەری».
ئەو خاتوونە خاوەن کارە گوتیشی: «خۆشحاڵم کە یەکەم ئافرەتم توانیومە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ببم بە خاوەن و بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی ئاگرکوژێنەوە، کارەکەم بۆ زۆر کەس نامۆیە، کە ئافرەتێك بتوانێت ئەم کارە سەختە بکات، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کارە سەخت و قورسەکان کاری پیاوانە نەك ئافرەت، بەڵام من زۆر خۆشحاڵم کە دەتوانم شان بە شانی پیاوان کار بکەم. لێرەوە بە پێویستی دەزانم کە بڵێم دەبێت ئافرەت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و بە توانا و تێکۆشانەوە کار بۆ ئامانجەکانی بکات، جا لە هەر بوارێك کە حەزی لێی بێت، وەك ئاشکرایە کارەکەی ئێمە زۆر سەختە، گیروگرفتمان زۆر بووە، خەڵك بڕوای بەوە نەدەکرد کە بتوانم کارەکەم سەرکەوتووانە ئەنجام بدەم، ئەویش بە هۆی ئەوەی لە ڕووی جەستە ئافرەت ناسکە، بەڵام توانیمان ئەو گیروگرفتانە لەناو ببەین و سەرکەوتوو بین. لە کۆمپانیای ئاگرکوژێنەوە خۆم بەڕێوەبەرم و هەموو کارەکە دەتوانم بەڕێوە ببەم و تیمێکی زۆر باش لە ژێر دەستمدان. ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین لەسەر زۆربوونی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە، پێموایە زیاتر لە ٦٠٪ی ئاگرکەوتنەوەکان بە هۆی کەمتەرخەمیی خاوەنی شوێنەکەیە، ئەگەر هەر ماڵێك، یان شوێنێك، یان مارکێتێك ئامێرێکی ئاگرکوژێنەوەی لە لابێت، دەتوانێت پێش ڕووداوەکە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکات، پێش ئەوەی ئاگرەکە تەشەنە بکات، بەوەش زیانەکان زۆر کەمتر دەبن. بە شانازییەوە خەڵکی ئیداری سەربەخۆی سۆران بە ڕێژەی ٨٠٪ ئامێری ئاگرکوژێنەوەیان دابین کردووە، بەوەش خوانەخواستە ئەگەر ئاگرکەوتنەوەیەك ڕووی دا، پێش ئەوەی بەرگری شارستانی بگاتە شوێنەکە، ئاگرەکە تا ئاستێك کۆنترۆڵ دەکرێت».
خاوەنی کۆمپانیای ئاگرکوژێنەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کارەکەیان بۆ خانمان کارێکی زۆر سەختە، بۆیە هەلی کاریان بۆ زۆر کەس داناوە، بەڵام هیچیان ئافرەت نین. هاوکات دەڵێت: «بە ڕای من ئافرەت دەتوانێت بۆ هەموو شتێك هەوڵ بدات، منیش تیمێکی پیاوانم هەیە کە کارە قورسەکان ئەنجام دەدن، بەڵام کارەکانی سەرەکی خۆم دەیکەم. من ئێستا خەریکی چاککردنەوەی ئامێری ئاگرکوژێنەوەم، ئەمە حەریقی پاوەرە بۆ ئۆتۆمبێل بەکاردێت و دوو کیلۆیە، ماوەی شەش مانگ تێپەڕیوە، ئێکس پایەر بووە، ئێستا بۆی شەحن دەکەمەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە حەریقی کار دەکات. شەحنی نوێی بۆ لێ دەدەم، گازی نایترۆجینی بۆ تێ دەکەم، بەڵام بە قیاس، دواتر فەحسی دەکەم بۆ ئەوەی بزانم هیچ هەوا نەدات، چونکە ئەگەر هەوا بدات، هێزی کوژانەوەی سفر دەبێتەوە و کەڵکی نامێنێت. بۆیە لەناو حەوزی ئاو فەحسی دەکەم، سەعاتەکەی و بزمارەکەشی دەخەمە ناو ئاو کە دڵنیا بووم، هەوا نادات، کەپسی دەکەم. سەعاتەکە لەسەر سەوزە، مێژووی کۆنی لێ دەکەمەوە و هی نوێی لێ دەدەم کە بۆ ماوەی شەش مانگ هیچ کێشەی نابێت».
گوتیشی: «هەموو ئامێرێکی ئاگرکوژێنەوە بۆ دڵنیابوون لەکارکردنی دەبێت شەش مانگ جارێك شەحن بکرێتەوە، هەروەها چەند هەنگاوێکمان هەیە بۆ بەکارهێنانی ئاگرکوژێنەوە، یەکەم جار دەبێت دڵنیا بین کە سەعاتەکە لەسەر ڕەنگی سەوزە، دووەم هەنگاو بزمارەکەی ڕادەکێشین، کە بزمارەکەمان ڕاکێشا ودڵنیا بین کە حەریقەکەمان کار دەکات دەبێت پشت لە با بکەین بۆ ئەوەی لەکاتی تەقین ئاگرەکە بەرەو ڕوومان نەیێت».
وەك دوا وتەشی گوتی: پێویستە ئافرەت هەمیشە شوێن ئامانجی خۆیان بکەون، چونکە ئافرەت دەتوانێت وەك پیاو کار بکات لە کۆمەڵگەدا و بۆ گەیشتن بە خواستەکانیشی دەبێت قوربانی بدات و نەترسێت، دەبێت ئەوەیان لەبیر بێت، کە ئافرەتانی کورد زۆر بەهێزن.

**زیاتر لە ١٥ ساڵە لەم بوارە کار دەکەم و هەلی کاریشم بۆ هەشت گەنج دابین کردووە**

**جگە لە فرۆشتن و چاککردنەوە و پڕکردنەوەی ئامێری ئاگرکوژێنەوە، سیستەمی ئاگرکوژاندنەوەش بۆ ماڵ و شوێنە گشتییەکان دەبەستین**

**خۆشحاڵم کە یەکەم ئافرەتم توانیومە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ببم بە خاوەن و بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی ئاگرکوژێنەوە**


# بەهار و نەورۆز و زیرەک



فەرهەنگ غەفوور

بۆ هەر بۆنە و بیرەوەرییەك، دانراوێکی هونەری هەیە، جا چ بە باری گوزارشتە، یان هاندان، یان پیاهەڵدان، یانیش تامەزرۆیی و خۆشی و شادی. لە کوردەواریی خۆماندا، ئەو دەمانەی باسی داستان و شۆڕش و جوامێرییە، دەیان لاوك و حەیران دەماودەم گوتراون و دەگوترێنەوە، بۆ داستانی ئەوینی هەروا دەیان حەیران و لاوك، بۆ بۆنەی ئایینی ستایش و مەقام گوتراون، کاتێ باسی ڕاپەڕین دەکرێت سروودی شۆڕشگێڕی، کاتێ بەهار دێ هەر لە دەستپێکەوە، واتە لەگەڵ پشکوتنی یەکەم چڵەنێرگز و هاتنی نەورۆز، ئیدی شیعرە بەرزەکەی پیرەمێرد بە دەنگە زوڵاڵەکەی هونەرمەندی بلیمەتی گۆرانیی کوردی (حەسەن زیرەك) دەبێتە سەرمەشقی نەورۆز.

نەورۆز و ئاگرکردنەوە و یادەوەرییەکە بەبێ شاکاری (ئەم ڕۆژیساڵی تازەیە) بە دەنگ و چریکەی زیرەك، وەك ئەوە وایە نە ئاگر کرابێتەوە و نە نێرگز پشکوتبێ و نە بەهار هاتبێتەوە و نە وەرزی سەیران و گەشت و هەڵپەڕکێ و خۆشی بێت، بۆیە میلۆدیی نەورۆز بە دەنگی زیرەك بووە بە ناسنامەیەك بۆ ئەو بۆنەیە. ئەوەش دەزانین کە زۆر هونەرمەندی دیکە ئەو بەرهەمەیان گوتووەتەوە، یان سروودی دیکەیان لەسەر نەورۆز لە شیعری شاعیرانی کورد



کردووە بە دەستپێك بۆ هاتنی بەهار، بەڵام هیچ کامیان چ بە شیعر، چ بە ئاواز، چ بە دەنگ و گوتن و چ بە یادەوەرییش لە زیهنی تاکی کورددا نەیانتوانیوە جێی ئەو ئاوازە بگرنەوە، کە لە شیعری پیرەمێرد و لە ئاوازی گەورە هونەرمەندی نەمر (قادر دیلانە) و بۆ یەکەم جار بەدەنگی هونەرمەند و شاعیری گەورەی گەلەکەمان (حەمە ساڵح دیلان)ی نەمر گوتراوە و، دواتر هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەك بەدەنگی خۆی پەخش و بڵاوی کردووەتەوە.

ئێمە ئەم ڕۆژانە کە لە ناو بۆنەکانی ئادار و نەورۆزداین، ئەم مانگە کە پڕاوپڕە لە یادەوەریی تاڵ و شیرین، لە سەرکەوتن و مەرگەسات، لە شانازی و شادی و خەم و ئومێد و حەسرەت، ئەم مانگە کە کۆتاییەکەی بە هاتنی بەهار و نەورۆز بەسەر سەرماوسۆڵە و خەم و مەینەتدا سەردەکەوێ، لە خۆڕا نەبووە و داستانێکی گەورەی ڕاپەڕین و مانەوەی کورد بووە بەرامبەر بە دوژمنەکەی و، دواتر لە مێژوودا لە شوێنکاتی جیاجیا خۆی دووبارە کردووەتەوە، تا لە ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١دا و لە ئێوارەی نەورۆز، تاجی سەرکەوتنی لەسەری کەرکووکی داگیرکراوی دڵی کوردستان نا و کوردستانیبوونی ئەو شار و مەملەکەتەی بۆ هەموو جیهان سەلماند، کە ئەگەر ئەمڕۆ بەهۆی خیانەت و گەلەکۆمەکێی هەرێمی و نێودەوڵەتی داگیرکراوەتەوە، بەڵام هەرگیز لە کوردستان دانابڕێت.

قسە لەسەر بەهار و نەورۆزە و نەورۆزیش بۆ کورد ناسنامە و سمبولێکە سەری لە ناو مێژوودایە و لەگەڵ ڕۆح و بوون و مانەوەماندا ئامادەیی هەیە، لە نەورۆزیشدا کەلتوور و داب و کەلەپووری کوردەواریی ئاوێزان دەبن و کەشێکی تا بڵێی کوردەوارییانەی ڕەسەن بەرجەستە دەبێت، چ لە ڕازانەوەی سرووشت، چ لە ڕازانەوەی مرۆڤ بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی کوردەوارییەوە بۆ ئافرەتان و پیاوان و منداڵان، چ نەغمەی بولبولان و سەردەرهێنانی نێرگز و کرووك و گوڵەکێویلەی بەهاری، چ بە دەرکەوتنی گیاوگوڵی دەشت و دەر و چیاکان، وەك خۆراکی پڕ وزە و ڤیتامین، چ دەربوونی کانی و کارێز و ڕووبار، چ چرۆکردنی دار و درەخت، ئەمانە وێڕای ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، دەنگ و سەدا و چریکەی زیرەك و سروودی ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە هاتەوە، تێکڕا دەبن بە سۆناتایەکی هێندە بەرز، کە ئەگەر قەهری ژێردەستەیی و داگیرکاری و شەڕ و کوشتار و دەربەدەری و ئاوارەیی و ئەنفال و ڕاگواستن و کیمیابارن و پەککەوتەبوون و شەهیدبوونی ئەو هەموو ئازیزانەمان نەبووایە، ئەوەندە چێژمان لەو ئادائە وەردەگرت، کە نە باسی بکرێ و نە بنووسرێتەوە.

بەخێر بێتەوە بەهار، بە نێرگز و باران و گژوگیا و نەورۆز و ئاگر و پیرەمێرد و زیرەك.

پیرۆز بن ئەو ڕۆژانەی مێژووی ئازادی و مانەوەمانن.






# سەرەڕای جیاوازیی تەمەنیان ئەرجون و مالایکا ئاسوودەن

جیاوازیی تەمەنی نێوان ئەکتەرە هاوسەرەکانی بۆلیۆد خەریکە دەبێتە دیاردەیەك و زۆر باسی لێوە دەکرێت و نەك تەنیا ئەو پیاوانەی کە تەمەنی هاوسەرەکانیان بچووکە، بەڵکو خەریکە پێچەوانە دەبێتەوە و زۆر لە ئافرەتەکانیان تەمەنیان لە هاوسەرەکانیان گەورەترە.

لەم ڕووەوە زۆر نموونەی بەرچاو هەیە وەك (ئەرجۆن کاپور و مالایکا ئۆرۆرا، هارشفران و کیم شارما) هەر یەك لەو هاوسەرانە جیاوازیی تەمەنیان نزیکەی ١٠ ساڵ دەبێت، هەروەها بە نیازن و پلانیشیان داناوە کە بەردەوام بن لە ژیانی هاوسەرییان و پێناچی جیا ببنەوە، بەڵام پێویستیان بە کاتە، بۆ ئەوەی لە کاردانەوەی پەیوەندییەکانیانی پێشوویان ڕزگاریان ببێت، هەرچەندە هیچ شتێکیان ڕانەگەیاندووە دەربارەی پەیوەندییەکانی پێشوویان و چۆنیەتی ڕزگاربوون لە کاردانەوەی ئەم پەیوەندییانە.

بۆلیۆد مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە لە پەیوەندیی هاوسەریی بچووك و گەورەی نێوان ئەکتەرانی، بۆ نموونە سەیف عەلی خان و ئەمریتا سینگ کە جیاوازییان ١٢ ساڵ بوو و دوای چەند ساڵێك جیابوونەوە، هەروەها ئەرجۆن ڕامبال و فەرحان هاوسەرەکانیان چەند ساڵێك لێیان گەورەتر بوون.

یەکێکی دیکە لە ناودارانی بۆلیۆد کە تەمەنی لە هاوسەرەکەی گەورەترە شاجوانی پێشووی هیندستان و ئەکتەری ناسراو (ئیشواریا ڕایە) کە ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەیهیشیك باتشان پێك هێناوە و جیاوازیی تەمەنیان چەند ساڵێك دەبێت، بەڵام لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پرسیارە هەمیش دەڵێن کە تەمەن هۆکارێکی سەرەکیی نییە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری، بەڵکو گرنگ ئەوەیە خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبێت.





ئۆلیڤیا:

# خۆم بە ڕابردووەوە نابەستمەوە

گۆڤاری(Cosmopolitan) کە یەکێکە لە بەناوبانگتری گۆڤارەکانی ئەمریکای لاتینی و تایبەتە بە هەواڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەستێرەکانی سینەما و تەلەفزیۆن و فاشیۆنەکان، دیمانەیەکی تێروتەسەلی لەگەڵ ئەکتەری ئەمریکی ئۆلیڤیا موون ئەنجام دا و، دەربارەی ژیانی تایبەتی و هونەریی خۆی چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.

ئۆلیڤیای تەمەن ٤١ ساڵ دەربارەی گرنگیدان بە ژیانی تایبەتی خۆی و هونەر گوتی: «بڕیارم داوە لە ئێستادا تا دوو ساڵی دیکە تەواوی کاتی خۆم بۆ هونەر و بەتایبەتی بۆ سینەما تەرخان بکەم و گرنگی بە هیچ شتێکی دیکە نەدەم، بەتایبەتی پەیوەندیی سۆزداری و خۆشەویستی بە هیچ شێوەیەکی بیری لێ ناکەمەوە، چونکە ئێستا هیچ کەسێك لە ژیانمدا نییە و نامەوێت لەو ماوەیەدا کەسێك بێتە نێو ژیانمەوە و بەشێکی کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم».

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی ئایا ئەم بڕیارە پەیوەندیی بە جیابوونەوەی هەیە لەگەڵ هاوڕێکەی ئۆلیڤیا، لە وەڵامدا گوتی: «ڕاستە من و ئارۆن ڕۆجدرز جیابووینەتەوە، دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کە خیانەتی لێ کردم لەگەڵ کچە نمایشکارێکی جلوبەرگ، بەڵام من نامەوێت بە هیچ شێوەیەکی باسی ڕابردوو بکەم، چونکە ئارۆن ئێستا بۆ من بەشێکە لە ڕابردوو و کە گەڕانەوەی نییە، ئێستا دەمەوێت لە هەنگاوەکانی داهاتوومدا سەرکەوتوو بم و خۆم بە ڕابردووەوە نەبەستمەوە".

شایەنی ئاماژەبۆکردنە ئۆلیڤا لە ساڵی ١٩٨٠ لەدایکبووە، لە پاڵ ئەوەی ئەکتەرێکی کۆمیدییە، لە هەمان کاتدا نووسەریشە و لە ساڵی ٢٠٠٦ دەستی بە کاری هونەری کردووە و لە چەندین فیلمی کۆمیدیدا ڕۆڵی بینیوە، دیارترینیان فیلمی (مۆردکای) ـە کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا.

# دەروازەی خەونەکان لە فێستیڤاڵی فیلمی بەرلین

مەنسوور جیهانی

یەکەمین نمایشی بەڵگەفیلمی سینەمایی دەروازەی DREAMS GATE (خەونەکان (دروازە ڕویاها لە Generations (لە بەشی ڕکابەری (نەوەکان حەفتا و سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی لەشاری بەرلین لە Berlinale (فیلمی (بەرلینالە .وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوە چوو

نگین ئەحمەدی دەرهێنەری فیلمەکە سەبارەت بەو جلە جوانەی کە لەبەری کردبوو، گوتی: «ئەمە جلی شاری پاوەی ناوچەی هەورامانە کە یەکێکە لە شوێنە ناوازە و ڕەسەنەکانی کوردستان، جەوهەری ڕوخساری ژن بەرەو بەرەکەت، میهرەبانی و خۆشەویستییە و هەمیشە لە زەین و مێشکمدا ژن بە باران وێنا دەکەم، چونکە کاتێك دەست دەکات بە بارین، بە هەموو شتێك سەوزی و جوانی دەبەخشێت. بەڵام شەڕ، بە شێوەیەکی سرووشتی ئەم ڕوخسارە پیشانی من نادات و، پێم وابوو کە شەڕ ڕوخسارێکی ژنانە بەم شێوەیە بە من پیشان نادات، لە ڕۆژاوا هەم شەڕم دەبینی و هەم منداڵی ناو دەروونی ژنێکم دەبینی، لە نزیکەوە تێبینیم کرد کە لە تەنیشت ئەو ژنانە ئەم کچانە هەیانە، چەندە .فەرماندەیەکی بەهێز و ئازان

ئیلاهە نەوبەخت بەرهەمهێنەری (دەروازەی خەونەکان) سەبارەت بە کاریگەریی سینەما گوتی: «ئێمەی سینەماکاران ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدەین، ئەمەیە کە زمانی دەربڕینی ئەو شتەی کە بەسەر خەڵکی لەو ڕەنج و ئازارانەی بەسەر ئەواندا تێدەپەڕێت و ئەزموونی دەکەن، وێنای بکەین. ئێمە لەم فیلمەدا هەوڵمانداوە ئەو ئازارەی کە بەسەر ژنانی خەباتکار و تێکۆشەری کوردی کۆبانیدا هاتووە و بەرخۆدان و خۆڕاگریی جێی ستایشی ئەوان لە کرداردا و نەك بە قسە، بیبینین و بیخەینە بەر چاو، لە ڕوانگەی کچێکی ئێرانییەوە کە بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی ژنێك هەوڵ دەدات. لە ڕاستیدا کامێرای ئێمە بەو وێنەسازی و ئەو سینەمایەی کە دروستی



**نمایشکردنی تایبەت و ڕێوڕەسمی فەرشی سووری بەڵگەفیلمی سینەمایی «دەروازەی خەونەکان» لە دەرهێنانی (نگین ئەحمەدی) و لە بەرهەمهێنانی (ئیلاهە نەوبەخت) لە حەفتا و سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی (بەرلین) و لەلایەن خاتوو (ماریت ڕیسنبێك) Mariette Rissenbeek بەڕێوەبەری فیستیڤاڵەکە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.**

دەکەین لە جیهانی هەستیاری ئەمڕۆدا، باشتر لە هەر لێدوانێك و ڕەنگە ئەو میدیایانەی هەیە، قسە بکات و بدوێت».

نەوبەخت سەبارەت بە بەرهەمهێنانی فیلمی دەروازەی خەونەکان گوتی: «بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە پێنج ساڵی خایاند و لەبەر ئەوەی کە ئێمە هەرگیز بە دوای پشتگیری لە هیچ کەشێکی ئایدیۆلۆژییەوە نەبووین و تەنیا بە دوای ڕوانگەی مرۆیی و بەرخۆدانی قارەمانانەی ئەو کچانە بەرامبەر بە گرووپی تیرۆریستی داعش دەگەڕاین، هەر بەم هۆیە لە مۆنتاژکردنی فیلمەکەدا، دەبوو زۆر وردبین بین کە بۆ لای بانگەشە یان پشتگیریکردن لە بیرکردنەوەیەکی دیاریکرا و نەچین، هەر بۆیە مۆنتاژکردنەکەی زۆر قورس بوو، لانیکەم نزیکەی دوو ساڵ و نیوی خایاند، بەڵام ئەو شتەی کە لە کۆتاییدا بینرا، هیچ جۆرە پاڵپشتی و پشتڕاستکردنەوەیەك ناکات، بەڵکوو ئەو ژیان و خەونانەی کە لە دڵی شەڕدا لەبیر دەکرێن و جیهان چاوەکانی بەسەر ئەوەدا بەستووە، ئێمە هەوڵماندا وێنای بکەین».

نەوبەخت گوتیشی: «کاتێك کە نگین ئەحمەدی چوار ساڵ لەمەوبەر دەقێکی بۆ من هێنا و شێوازی ژیانی ئەوم لە ڕۆژاوا بینی، هەرگیز نەمتوانی چاوەکانی خۆم دابخەم، چونکە هەستم دەکرد منیش وەك کچێکی گەنج، لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بۆ گەیاندنی دەنگی کچە شەڕڤانەکانی کۆبانێ بۆ جیهان پشکم هەیە و، لەوانەیە لەم ڕێگەیەدا بتوانم یارمەتی بدەم کە قۆناغەکانی کۆتایی فیلمەکە تەواو بکرێت و، پێم وایە ئەمە ڕووی دا و ئێستا فیلمەکە لە شوێنی دروستی خۆیدا و لە ڕووداوێکی گەورەی وەك فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «بەرلین» دایە و، دەتوانێت خۆی بناسێنێت، لەمەودوا من هیوادارم کە گەشتەکانی فیلمەکە درێژەی هەبێت.





مەستان عومەر :

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی سیروانی نوێ

# خانەوادەکەم تا رادەیەکی زۆر هاوکارم بوون

هەر چەندە یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە شارەکانی کوردستان وەکو پێویست گرینگی پێ نەدراوە، بەڵام شاری سلێمانی هەموو کات پێشەنگ بووە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، و جگە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە عێراقیش لە پلەکانی پێشەوەن، یانەی سیروانی نوێ یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەنە جیاوازەکان دەدات و خاوەنی چەندین کچە ئەستێرەیە لەم یارییە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش مەستان عومەر-ە ئەو ماوەیەکە لە ناو گۆڕەپانەکانی کوردستان و عێراق دەبینرێت، بەتایبەت لە یاریی ڕاکردنی (٤٠٠م) بە شدارە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، مەستان لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی پارێزگای سلێمانییە، تەنیا یاریی بۆ یانەی سیروانی نوێی کردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، ئەوەیش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

* چۆن بوو بڕیارت دا یاریی گۆڕەپان و مەیدان هەڵبژێریت؟

- ماوەی ساڵێکە ئەم یارییە دەکەم و هەستێکی تایبەتی پێ بەخشیووم

* هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە ؟

- خولیای منداڵیم بووە.

* پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟

- هەر چەندە یارییەکی قورسە، بەڵام بۆ من چێژ بەخشە، هەوڵی بەردەوام دەدەین بۆ ئەوەی ئاستمان باش بێت.

* ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لە کوردستان؟

-بە بۆچوونی من لە ئێستادا ئاستێکی باشدایە، لە بەشێك لە شارەکانی کوردستان گرینگی پێ دەدرێت وەکو پێویست.

* پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟

- هاندانی یاریزانان زۆر گرینگە، چونکە یاریزان دەبێت پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێت و هان بدرێت بە گشتی، بۆ ئەوەی بگاتە لوتکەی ئەم یارییە.

* خەونی تۆ لەم یارییە چییە ؟

-خەونی گەورەم هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتن تۆماربکەم و، بگەم بە ئەنجامی گەورە.

* باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان؟

- لە ڕاکردنی ٤٠٠م ئەنجامەکانم وەکو پێویست بوون و دەمەوێ هەوڵی باشتر بدەم.

* گرێبەستت بۆ نەهاتووە لە یانەکانی دیکە؟

- نەخێر تاکو ئێستا نەهاتووە.

* هیواو ئاواتت لەم یارییە؟

- هیوام ئەوەیە بگەم بە خەونەکان.

* خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن؟

- سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم تا ڕادەیەکی زۆر باش هاوکارمن.

* چی بکرێت بۆ ئەوەی ئافرەتی وەرزشوان زیاتر ڕوو لەم یارییە بکەن؟

- بە هاندانی زیاتر و پشتگیریی ئافرەتی وەرزشکار ئەم یارییە ڕوو لە باشتر بوون دەکات و یاریزانی زیاتریش دەبێ.

* ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی بە وەرزشیی ناوخۆ.



# پیکێ باسی گرفتەکانی بەرشلۆنە دەکات

جیرارد پیکێ، ئەستێرەی پێشووی یانەی بەرشلۆنە لەبارەی تێوەگلانی یانەی کەتەلۆنی لە پێدانی بەرتیل بە خۆسێ ماریا نێگرێرا، جێگری سەرۆکی پێشووی لیژنەی هونەری ناوبژیوانانی لالیگا، قسەی کرد، جەختی لەوەش کردەوە، کە ریال مەدرید تاکە یانە بووە نەیویستووە دژی بەرشلۆنە بێت، بەڵام لە ژێر گوشاری هاندەرانیدا هەڵوێستی وەرگرتووە.

پیکێ، لە لێدوانێکدا، کە رۆژنامەکانی ئیسپانیا بە بایەخەوە بڵاویانکردووە، گوتی: هەمووان جگە لە ریال مەدرید روویان لە بەرشلۆنە کرد و پشتی دەستەی لالیگایان گرت تێدەگەم، کە ریال مەدرید بەهۆی گوشاری هاندەران خۆی بەدەستەوەدا و هەڵوێستی خۆی راگەیاند.

بەرپرسانی پێشووی بەرشلۆنە پێشتر بانگەوازیان بۆ ئەوە کرد، کە نێگرێرا خزمەتگوزاری راوێژکاری پێشکەش بە بەرشلۆنە کردووە، بۆ ئەوەی یارمەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوبژیوانان و ناسینی ناوبژیوانان بدەن.

پیکێ زیاتر گوتی: متمانەم بە بەرشلۆنە هەیە، لە ماوەی یاریکردنم لە بەرشلۆنە هیچم لەبارەی ئەو بابەتە نەدەزانی، زیاتر پەیوەندی بە راهێنەر و ستافی راهێنەرانەوە هەیە.

کاپتنی پێشووی بەرشلۆنە، ئاماژەی بەوەشکرد: یاریزانەکان ناوبژیوانەکان دەناسن، بەڵام لەوانەیە راهێنەرەکان لە دەرەوەی وڵاتەوە بێن و پێویستیان بە یارمەتی هەبێت بۆ ئەوەی ناوبژیوانەکان بناسن، نازانم کاری کۆمپانیای نێگرێرا هاوکاریکردنە یان نا، ئێمە لە دەرەوەی کۆی بابەتەکە بووین، ئێمە هیچ زانیارییەکمان نییە، من نێگرێرام هەر نەبینیوە.



پیکێ، جەختی لەوەش کردەوە: پێموانییە بەرشلۆنە ناوبژیوانەکانی کڕیبێت، ئەوان بەم شێوەیە دەستیان دەخەنە ناو ئاگرەکەوە. بەرگریکارەکەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و بەرشلۆنە، لە کۆتاییدا گوتیشی: ئەگەر بەرشلۆنە هەوڵی کرینی ناوبژیوانەکان بدایە بەشێوەیەکی نایاسایی پارەت پێدەدا، شتەکان سادەترن لەوەی بچیتە لای جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانان و مووچەی پێشکەش بکەیت، ئەم تۆمەتانە بێ مانان، بەڵام ئێمە لەسەر ئەو هەڵمەت و پیلانگێڕیانە راهاتووین، کە دژی ئێمە دەکرێن.

# قەتەر هەوڵی کرینی یانەیەکی ئیسپانی دەدات

دامەزراوەی قەتەر بۆ وەبەرهێنانی وەرزشی بیر لە کڕینی یانەیەکی بەناوبانگی ئیسپانیا دەکاتەوە، کە ئێستا لە خولی پلە دوو یاری دەکات.

بەپێی هەواڵی رادیۆی کۆپێی ئیسپانی، دامەزراوە قەتەرییەکە بە سەرۆکایەتی ناسر خلێفی، سەرۆکی یانەی پاریس سانت جێرمان، کە لە ٢٠٠٤ دامەزراوە، ئەمجارە دەیەوێت یانەی مالاگای ئیسپانی بکڕێتەوە، لەکاتێکدا یانەکە بە بارودۆخێکی وەرزشی خراپدا تێدەپەڕێت.

یانەی مالاگا ئێستا لە خولی پلە دووی ئیسپانیا یاری دەکات، لەو خولەشدا ئەنجامەکانی خراپن و لە کۆی ٢٢ یانەی بەشدار لە خولەکەدا، یانەکە پلەی ٢٠ـەمی ریزبەندی گرتووە و لە ٣١ یارییدا تەنیا ٥ یاریی بردووەتەوە و لەو خولەشدا یانەکە لە ژێر مەترسیی دابەزیندایە.

لەگەڵ ئەوەی، کە قەتەر دەیەوێت زۆرینەی پشکەکانی یانەکە بکڕێتەوە، سەرەتا دەبێت عەلی عەبدوڵلا بن ناسر ئەلسانی، سەرۆکی یانە ٥١٪ـی پشکەکانی یانەکە بگەڕێنێتەوە لای خۆی بۆ ئەوەی قەتەر بتوانێت زۆرینەی پشکەکانی بکڕێتەوە.

بەپێی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان، دەبێت خاوەنی یانەکە ٩ ملیۆن یۆرۆ لە دادگا دابنێت و زۆرینەی پشکەکانی بگەڕێنێتەوە لای خۆی، پاشان رێگەی پێدەدرێت یانەکە بفرۆشێت.

لەگەڵ ئەوەی ناسر خلێفی، سەرۆکی کۆمپانیای قەتەر بۆ وەبەرهێنانی وەرزشی خاوەندارێتی یانەی پاریس سانت جێرمان دەکات، ٢٢٪ـی پشکەکانی یانەی سپۆرتینگ براگای پۆرتوگالیشی کڕیووەتەوە و دەیەوێت بە کڕینەوەی مالاگاش ئیمپڕاتۆریەتییەکەی لە وەرزشدا زیاتر بباتە پێشەوە.

# هەڕەشە
# لە میسی دەکرێت




مێسی ئەستێرەی یانەی پاریس سانت جێرمان، وازی لە خەونێکی کۆنی دەهێنێت، چونکە پەیامێکی هەڕەشەئامێزی لەلایەن گروپێکی چەکداری ئەرژەنتینی پێگەیشت.

سێرجیۆ ئەگوێرۆ هاوڕێی نزیکی لیۆنێل مێسی پێشتر ڕایگەیاندبوو، لیۆ بۆ هاوینی داهاتوو بەجدی بیر لە گەڕانەوەی بۆ یانەی نیوێلز ئۆڵد بۆیزی ئەرژەنتین دەکاتەوە.

بەپێی ڕۆژنامەی (زە ئەتلێتیک)ی بەریتانیا، مێسی پەیامێکی هەڕەشەئامێزی لە لایەن چەکدارانی ئەرژەنتین پێگەیشتووە، وایکردووە پەشیمان بێتەوە لەوەی ئەم هاوینە بگەڕێتەوە یانەی ئۆڵد بۆیزی وڵاتەکەی، تەنانەت لە پێناوی سەلامەتی خۆی زەحمەتە لە داهاتووش ئەم کارە بکات.

مانگی ڕابردوو گروپێکی مافیا هێرشیان کردە سەر فرۆشگایەک لە ئەرژەنتین، کە خاوەنەکەی بنەماڵەی ئەنتۆنێلای هاوژینی مێسییە و پەیامێکیان بەجێهێشت، کە تێیدا هاتووە مێسی چاوەڕێی تۆین، تەنانەت گرووپە بازرگانییەکانی مادەی هۆشبەریش ناتوانێت تۆ بپارێزێت.

چەکدارەکان هەڵیانکوتایە سەر باڵەخانەکەی بنەماڵەی ئەنتۆنێلا لە شاری ڕۆزاریۆ شوێنی لە دایکبوونی مێسی و چەندین جار تەقەیان لە بەربەست و دیوار و پەنجەرەکانی کردووە، ئەمەش لە کاتێکدایە مێسی پێشتر ڕایگەیاندبوو، کە خەونی گەڕانەوەی بۆ یانەی نیو ئۆڵد بۆیز هەیە، کە پێشتر سەرەتای تەمەنی منداڵی لەو یانەیە تێپەڕ کردووە.

# هەولێر لە قۆناغی دووەمدا هەڵدەستێتەوە

تیپی پی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەم وەرزە هەر چەندە ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نەبووە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لەگەڵ ئەوەی یانەکە چوار ڕاهێنەری گۆڕیوە لە خولەکەدا، بەڵام بۆ جاری چوارەمیش کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی متمانەی بەخشییە هەریەك لە ڕاهێنەرانی بە ڕەگەز عەرەب (عەباس عوبێد) وەکو ڕاهێنەر و (حوسام فەوزی) وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر، مامۆستا عەبدول قادریش وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەکە لە شوێنی خۆی مایەوە، لە یەکەم دەستبەرکاربوونیشی وەکو ڕاهێنەر توانیان لە بەرامبەر یانەی کەربەلا سی خاڵی گرینگ بەدەست بهێنن، بەم سەرکەوتنەش کارگێڕیی یانەی هەولێریش نیازی ئاشتکردنەوەی هاندەرانیان هەیە، یانەی هەولێر ئەم وەرزە بە دۆخێکی سەختدا گوزەری کردووە، هەر چەندە هەر یەك لە ڕاهێنەرانی یانەکە (نزار مەحرووس و غازی فەهد) دەستیشان لە کارکێشاوەتەوە و (عەبدول قادر حوسێن) خۆی داوای هێنانی ڕاهێنەرێکی کردبوو بۆ شوێنی خۆی، لە ئێستادا یانەی هەولێر هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتەوە بە نێو ڕکابەرییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، هەر چەندە ئێستا لە ریزبەندی یانەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی لە خانەکانی خوارەوە دێت، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر دەیانەوێ قۆناغی دووەم بکەنە قۆناغی هەستانەوەی تیپەکەیان بۆ ئەوەی بتوانن شان بەشانی هەریەك لە یانەکانی دیکەی کوردستان (نەورۆز و دهۆك و زاخۆ) کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکەن لە خولی نایابی عێراقی، هەر چەندە ئەم تیپە خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە و دەتوانن ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن بەم یاریزانانە، یانەکەش هەموو پاڵپشتییەکی تیپەکە دەکات بۆ سەرکەوتنەوە بۆ ڕیزەکانی پێشەوە.





## نەشوان نەجات:
## بەردەوام دەبم لە وەرزشکردن

یانەی وەرزشیی پیشەسازی کە بەشدارە لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، لە قۆناغی دووەمی خولەکە ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانای گواستەوە ڕیزی یانەکەی، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی دڵی بەرگری (نشوان نەجات)ی یاریزانی یانەی زانکۆی جیهان بووە، لەبارەی ڕۆیشتنی لە ڕیزی یانەکەش بۆ ڕیزی یانەی پیشەسازی نشوان نەجات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکاری سەرەکیی ڕۆیشتنم لە یانەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرەتا پەیوەندیم بە یانەکەوە کرد بە بێ ئەوەی باسی پارەش بکەم، تەنیا بە مووچەیەکی کەم و بە دڵسۆزییەکی زۆرەوە یارییم بۆیان دەکرد، بەڵام یانەیەك نزیکەی ١٣ یاریزانی بڕوات لە یەك قۆناغ، دیارە پشتگوێخستن و بێسەرو بەری زۆری پێوە دیار بوو، منیش وەکو یاریزان بەم بارودۆخە ڕازی نەبووم و پەیوەندیم بە یانەی پیشەسازییەوە کرد، کە ماڵی دووەمی منە»، لەبارەی بارودۆخی ئێستاشی کە تووشی پێکانی قورس بووە، نشوان نەجات گوتیش: «سوپاسی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی پیشەسازی دەکەم کە تێچووی خەرجی نەشتەرگەرییەکەمیان لە ئەستۆ گرتووە و هاوکاریی باشیان کردووم، پەنا بەخودا بەردەوام دەبم لە وەرزشکردن و دوای چاك بوونەوەم دەست بە مەشقەکانیش دەکەمەوە و دەمەوێ خزمەتی زیاتر یانەی وەرزشیی پیشەسازی بکەم، یانەی پیشەسازی بەردەوام دەرگایان بۆ یاریزانان لە سەر پشت بووە، ئێمەش لە خزمەتکردنیان درێغی ناکەین».



# ئارارات بە کۆمەڵێک گرفتەوە چاوی لە نازناوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ئارارات سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێك کێشە و گرفتی هاتونەتە پێش لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام یانەکە بەردەوامە لەسەر سەر کێشی کردن بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، جگە لەوەش یانەکە بەردەوامە لە ڕاماڵینی یانەکان لە خولی کوردستان، لە بارەی بارودۆخی یانەکەش (سۆران جەوهەر) سکرتێری یانەی وەرزشیی ئارارات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەکەمان زۆر باشە لە قۆناغی دووەمی خولەکە، لە ڕووی هونەرییەوە بێ کێشەین، بەڵام دوو یاریزانمان پێکانیان هەیە و لە یەك دوو شوێنی یاری گرفتمان بۆ دروست بووە»، لە بارەی گرفتە داراییەکانیش گوتی: «لە ڕووی داراییەوە گرفتەکانمان بەردەوامە، تاکو ئێستا هیچ چارەسەرێکمان بۆ نەکراوە و بەردەوامیشین لە قەرزکردن، قەرزەکانیشمان لە سەر کەڵەکە بووە، هەر چەندە بەنیاز بووین پاشەکشە بکەین، بەڵام دانمان بە خۆمان گرتووە و بەردەوام بووین لە خولەکە و ئەو هەموو بەرپرسیارێتی و زەحمەتییەمان گرتە ئەستۆ تا ئەوماندووبوونەی ئیدارە و یاریزانان بە فیرۆ نەڕوات، ئێمە چاومان لەوەیە ئەم وەرزە بە هەموو توانایەك پشتگیریی تیپەکە بکەین، بۆ ئەوەی ئامانجی خۆمان لەم وەرزە بپێکین و یاریزانەکانمان بەردەوام بن لە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزە لە خولەکە، ئێستاش ئەنجامەکانمان زۆر باشن و سوپاسی ئەو ڕۆحییەتە بەرزەی یاریزانان دەکەم لە یارییەکان پێشکەشی دەکەن، ئەوەی لە توانامان بێت درێغی ناکەین بۆ خزمەتکردنی یانەکەمان تا بتوانین هەنگاو بە هەنگاو خۆمان لە نازناوەکە نزیك بکەینەوە». جێگای ئاماژە پێکردنە یانەی ئارارات لەم وەرزە لە کۆی ئەنجامدانی بیست یاری، خاوەنی ٣٨خاڵە و لە پێشەنگی یانەکانی کوردستان دێت.

# لەکاتی ڕۆژووشکاندندا هەرگیز پەلە مەکە لە خواردن

خواردنی لەسەرخۆ و جوینی باشی خۆراك لە لایەنی پسپۆرانی تەندروستییەوە ڕێنمایی دەکرێت، بەمەبەستی وەرگرتنی چێژی تەواو لە خۆراك و هاندانی هەرسکردنێکی دروست و خۆپاراستن لە گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس، کە لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ڕەمەزان لە گەلێك کەسدا بەدی دەکرێت، بۆیە پێویستە کە لەکاتی ڕۆژووشکاندندا هەرگیز پەلە لە خواردن نەکرێت. خواردنی بەپەلە هۆکارە بۆ تووشبوون بە بەدهەرسی Dyspepsia و نارەحەتیی گەدە و کۆبوونەوەی گاز لە ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەرسدا، چونکە خواردن بەپەلە هاندەرە بۆ زیاد قووتدانی گاز لەگەڵ خۆراك و خواردنەوەی ئاو یان شلەی دیکەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی قۆرەی سك و سکئێشە، لەبەر کۆبوونەوەی گاز لە گەدە و ڕیخۆڵەدا. لە لایەکی دیکەوە خێرا خواردن هەستی تەوا و دروستی تێربوون پەیداناکات، ئەگەرچی گەدە پڕبێت لە خۆراك کە لەوانەیە تووشی گەوەبوون ببێت و دەرەنجام کێشی لەش زیاد بکات. گرفتەکانی دیکەی پەیوەست بە ڕۆژووشکاندنی بەپەلە، بریتین لە زوو هەستکردن بە برسیبوون، هەستکردن بە بۆرژان، هەستکردن بە بێهێزی و کەمبوونەوەی ئاستی وزەی لەش و بێ وزەیی.



# سەر ئێشەی ڕۆژووگرتن

سەرئێشە ی ڕۆژووگرتن Fasting headache بەوە ناسراوە کە توندییەکەی سووك یان مامناوەندە، کە زیاتر لای پێشەوەی سەر دەگرێتەوە، هەندێك جاریش بە هەموو سەردا بڵاودەبێتەوە. ئەگەرچی هۆکاری تەواوی سەرئێشەی ڕۆژووگرتن تا ئێستا نەزانراوە، بەڵام بە پشتبەستن بە چەند تیۆرییەك، هۆکارە هاندەرەکانی سەرئێشەی ڕۆژوو بریتین لە دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، سترێس، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration، هەروەها دوورکەوتنەوە لە شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە. پسپۆران ئاماژەیان بەمەش کردووە کە ڕۆژووگرتن لەوانەیە هاندەربێت بۆ نۆرەی سەرئێشە لە تووشبووان بە شەقەسەر Migraine.



# هەستەوەریی پێست لە وەرزی بەهار



هەستەوەریی پێست یان ئەکزیما Eczema حاڵەتێکی درێژخایەنە، لەوانەیە کە تووشی هەر بەشێکی لەش ببێت، کە نیشانەکانی بریتین لە: وشکبوون و قڵیشانی پێست، خورشت، پەیدابوونی پەڵەی سووری هەوکردن، لەگەڵ ئەستووربوون و زبربوونی پێست لە شوێنەکەدا. پێویستە تووشبووانی ئەکزیما درك بەم ڕاستییە زانستییە بکەن کە کەشوهەوا و پلەی گەرمی ڕۆڵیان هەیە لە زیاد و کەمیی و توندیی نیشانەکاندا، بەتایبەتی لە وەرزی بەهار و هاویندا، هەروەها دەتوانرێت کە ڕێگە لە وروژانی ئەکزیما و توندبوونی نیشانەکانی بگیرێت. هۆکاری سەرەکیی سەختتربوونی نیشانەکانی ئەکزیما لەگەڵ گۆڕانی وەرزدا بریتییە لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و ڕێژەی شێداریی هەوا، هاوکات لەگەڵ بەرکەوتنی پێست بە چەند وروژێنەرێکی تایبەت. هۆکارە وروژێنەرەکانی هەستەوەریی پێست بریتین لە: گۆڕانی خێرای کەشوهەوا، هەڵاڵەی درەخت و گژوگیا کە لە بەهاردا زیاد دەبێت، وشکبوونی هەوا، ئارەقەکردن، ئاستی شێداریی بەرز، کەشی سارد و گەرم، هەروەها زیاد بەرکەوتن بە تیشکی خۆر یان خۆربردن Sunburn.

# مەشقی وەرزشی پێش ١١ی بەیانی باشترینە بۆ تەندروستیی دڵ



لیکۆڵینەوەیەکی نوێ جەختی کردووەتەوە کە مەشقی وەرزشی لەکاتی بەیانیدا ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتە کەم دەکاتەوە بەراورد بە مەشقکردن لەکاتەکانیدیکەی ڕۆژدا، بە ڕای پسپۆران مەسەلەکە پەیوەندی بە کاتژمێری بایۆلۆژی لەشەوە Biological clock هەیە. لێکۆڵەران ئاماژەیان بەمەش کردووە کە ئەگەرچی ڕۆڵی مەشقی وەرزشی بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان بە تەواوی سەلمێندراوە، بەڵام ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی لە کاتژمێر ٨-١١ بەیانیدا باشترین کاتە بۆ سوودی زیاتر بە کۆئەندامی دڵ و سووڕان بەراورد بە مەشقی وەرزشی لە کاتەکانی دیکەی ڕۆژدا. جەخت لەمەش کراوەتەوە کە ڕێژەی خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك لە پیاودا بە مەشقکردن پێش کاتژمێر ١١ی بەیانی دەگاتە ١١-١٦٪، کەچی لە ئافرەتدا ڕێژەی خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ دەگاتە ٢٢-٢٤٪ و ڕێژەی خۆپاراستن لە جەڵتەی مێشك دەگاتە نزیکەی ٣٥٪.



# وریابە لە زیادخواردنی شیرینی لە مانگی ڕەمەزاندا!

ئەمە سەلمێنراوە کە زیادخواردنی شیرینی و شەکرە زیادەکان، زیانی زۆر بە تەندروستی دەگەیەنن. ئایا دەزانی کە شەکر بە دوژمنی دڵ ناوزەد دەکرێت، چونکە زیادخواردنی دەبێتە ئەگەری ڕەقبوونی خوێنبەرەکان Atherosclerosis لە ئەنجامی نیشتنی چەوری لەبەر بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا. ئەمە ڕوونە کە لەکاتی ڕۆژووگرتندا ئاستی شەکری خوێن دادەبەزێت، بەتایبەتی لە پاش نیوەڕۆدا، خواردنی شیرینی ڕاستەوخۆ لەکاتی ڕۆژووشکاندندا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەیەکی خێرای ئاستی شەکری خوێن، ئەمەش هەستی تێربوون پەیدا دەکات لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوە سەنتەری هەستکردن بە برسیبوون و تێربوون لە مێشکدا، ئینجا پاش ماوەیەك دووبارە ئاستی شەکری خوێن دادەبەزێت و هەستی برسیبوون سەرهەڵدەداتەوە، بۆیە ماوەیەك پاش بەربانگ ئارەزووی خواردن زیاد دەبێت، ئەمەش ڕوونە کە شیرینی هاندەرە بۆ کلۆربوونی ددانەکان، هەروەها زیاد دەردانی هۆرمۆنی ئینسولین لە گلاندی پەنکریاسدا، ئەم هۆرمۆنەش بە هۆرمۆنی قەڵەوبوون ناسراوە، بە مانایەکی دیکە، زیادخواردنی شیرینی هۆکار بۆ زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، کە مرۆڤ ڕووبەڕووی چەندین نەخۆشی دەکاتەوە، بەتایبەتی نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشی دڵ، بەردی زراو، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.




## بەهای خۆراکیی گەنمەشامی

گەنمەشامی Popcorn دانەوێڵەیەکی تەواوە، کالۆریی کەم لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرزی ڕیشاڵ و مادده دژەئۆکسانەکانی پۆلیفینلەکان، هاوکات لەگەڵ ڤیتامینەکانی B6 ،B3 ،B1، ئاسن، فۆسفۆر، پۆتاسیۆم، زینك، کۆپەر، مەنگەنیز، مەگنسیۆم. گەنمەشامی هەرزان و بەردەستە، سوودی تەندروستیی زۆری هەیە وەکو: باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، هاندانی سووڕی خوێن، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، چونکە پاش خواردنی زوو هەستی تێربوون پەیدا دەکات، دابەزاندنی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و نەخۆشیی دڵ، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە.

## سوودە تەندروستییەکانی گیای دەریایی

گیای دەریایی Seaweed کە زۆرجار بە قەوزە Algae نادودەبرێت، بایەخی تەندروستیی زۆری هەیە. گیای دەریایی دەخرێتە خۆراکی تایبەت، بۆنموونە سوشی Sushi، سەلاتە، یان شۆربا ..تاد. گیای دەریایی بە کالۆریی کەم، بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، بەتایبەتی لەبەر ڕێژە بەرزەکەی پرۆتین و یۆد، مادده دژەئۆکسانەکان، لەگەڵ ڤیتامینەکانی B و K ،A ،C ،E، هەروەها کانزاکانی زینك، ئاسن، پۆتاسیۆم، کۆپەر، کالسیۆم، مەگنسیۆم. گیای دەریایی بە ڕەنگی جیاواز لە دەریاکاندا هەیە، بۆنموونە سەوز، قاوەیی، سوور، یان شینێکی سەوزباو کە ناوی جیاوازیان هەیە و نزیکەی ١٠٠ جۆریان بۆ خواردن دەشێن. سوودە تەندروستییەکان: هاندانی فرمانی گلاندی دەرەقی، خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەکو نەخۆشیی دڵ و شەکرە و هەندێك جۆری شێرپەنجە، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، هەروەها کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش.





# چاویلکەی زیرەکی شیائۆمی لە بارشلۆنا

لە کۆنگرەی ساڵانەی MWCی بارشلۆنادا، یەکێك لەو ئامێرانەی شیائۆمی خستیەڕوو چاویلکەیەکی زیرەك بوو کە بە جۆری Xiaomi AR Glasses ناسراوە. چاویلکەیەکی زیرەکی واقیعی - مەجازی. چاویلکەکە لە دوو شاشەی جۆری microLED و بە کوالیتی نیشاندانی FHD پێکهاتووە و هەروەها سێ کامێرای لە پێشەوە.. لە چاویلکەکەدا هیچ داتاگە واتە میمۆرییەك نییە، چونکە بەهۆی وای-فای یا بلوتوس بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت. بۆ ئەوەی کێشەی بۆ بەکارهێنەرەکەی نەیەتە پێش، شیائۆمی ئەوەندەی پێیکراوە کێشی چاویلکەی کەم کردۆتەوە، ۱۲٦ گرام بۆ چاویلکەیەکی سمارت کێشێکی زۆر نییە. کاتێك چاویلکەکە لە چاو دەکەی، شاشەیەکی مەجازی دێتە پێش چاوت و دەکرێت بەهۆیەوە سەیری فیلم بکەی و چاو بە ماڵپەڕەکان دا بخشێنی. هەروەها دەکرێت وەك ریمۆت کۆنترۆڵی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە سوودی لێوەربگری و ئامێرەکان وەك سپیلیت و تیڤی و گڵۆپە سمارتەکان کۆنترۆڵ بکەی. بە داگرتنی دو گمەیەك دەکرێت شاشەی چاویلکەکان لێڵ و مات بکەی بۆ ئەوەی دیمەنی جیهانی دەرەوە کێشە بۆ نیشاندانی جیهانی ژوورەوە دروست نەکات.

# باندی دیجیتاڵی دەیان پرۆگرامی وەرزشی تێدایە


بازووبەند، یا بازن (band) ئەو ئامێرانەن کە لە شێوەی کاتژمێر دەچن و بەڵام کاتژمێر نین و بەڵکو تەنیا (band) کاتژمێرن. ئێستاکە ئەو باندانە سەربەخۆن و هەمان ئەرکی کاتژمێری زیرەك رادەپەڕێنن.

لەم ماوەیەدا honor بازوبەندی جۆری band 7 NFC ی خستە بازاڕ، کە لە ٩٦ حاڵەتی وەرزشی پشتیوانی دەکات و جگە لەوەش لەکاتی کەمبوونی ئۆکسیجین دا ئاگادارت دەکاتەوە.

دیزاینی باندەکە زۆر ناوازەیە، شاشەکەی ١,٤٧ ئینجە. وەك گشت کاتژمێر و باندێکی سمارت تایبەتە بە تەندروستی بەکارهێنەرەکەی. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن، رێژەی ئۆکسجینی ناو خوێن دیاری دەکا، لێکدانەوەی خەوی بەکارهێنەر، سووڕی مانگانەی خانمان. لە هەمووی گرنگتر لە ٩٦ حاڵەتی وەرزشی پشتیوانی دەکا. تەنانەت دەتوانی لەگەڵ مۆبایل ببەسترێت و لە دوورەوە مۆبایل کۆنترۆڵ بکەی و وەك وێنەگرتن، کۆنترۆڵکردنی مۆسیقا و یادداشتی رۆژانە و دۆزینەوەی مۆبایل.



# قەڵەمی دژە سیخوڕی






لە شوێنی کارەکەت بەگومانی یا کاتێك گەشت دەکەی و لە هوتێل دەمێنیەوە گومان دەکەی کامێرای سیخوڕی یا سیستەمی دەنگهەڵگرەوەی بچووك داندرابێ؟ یان خانمان کاتێك دەچنە فرۆشگا تایبەتییەکانی جلکەڕین دڵنیا نین لە شوێنی خۆگۆڕین کامێرای سیخوڕی دانەندرابێ. بچووکترین ئامێری دۆزەرەوەی کامێرا و دەنگهەڵگرە سیخوڕییەکان قەڵەمی دژە سیخوڕی T8 Pro یە، هەموو ئامێرێکی سیخوڕی دەدۆزێتەوە. وەك کامێرای شاراوە، GPS تایبەت، دەنگ هەڵگرەوە و ئامێری دیکەش. هەموو شەپۆل و لەرەلەرێکی جێی گومان ئاشکرا دەکات.

ئامێری ناوبراو لە تەکنەلۆژیای سکانکردنی وایەرلەیسی تیشکی سەرووی سووڕ سوود وەردەگرێ. بە وردی، دەنگهەڵگرەوەکان، مۆبایل کە بۆ دەنگ هەڵگرتن و فیلم هەڵگرتنەوە داندرابێ، ئەو ئامێرانەی شوێن دیاری دەکەن وەك GPS. بەگشتی هەر ئامێرێك جێگومان بێ دیاری دەکا.

لە مەودایەکی چەند مەترییەوە ئامێرەکان دەدۆزێتەوە، تەنانەت ئەگەر شوێنەکەش زۆر تاریك بێت. پێنج هەستەوەری تایبەتی تێدایە کە هەر جۆرە شەپۆلێك دەناسێت و ئامێری تایبەت بەو شەپۆلە دەدۆزێتەوە. کاتێك شەحن دەکرێتەوە هەتا ٢٥ رۆژ شەحنی دانابەزێت. کێشی قەڵەمی دژە سیخوڕی تەنیا ٣٠ گرامە و ئەوەندە گەورەتر نییە لە قەڵەمێکی ئاسایی.



## رۆبۆتی loona

رۆبۆتی لۆنا (loona) وەك گیاندارێکی ماڵەوە دەچێت، هاودەمێکی رەزا سووك و زیرەك لە ماڵەوە. زیرەکی و وریایی رۆبۆتەکە وا دەکات قەت بێتاقەت نەبی. کاتێك دەگەڕێیەوە ماڵەوە بە پێشوازیت دێت و بەخێرهاتنەوەت دەکا. کاتێك لەماڵەوە پیاسە دەکەی ئەویش لەگەڵ تۆ پیاسە دەکا. کاتێك دەیلاوێنیەوە هەست بە خۆشی دەکا. لۆنا جیا لەوەی کە هەستەوەرەکانی بەهێزن. دەپشمێت و جارجارە باوێشکیشی دێت. بە ماڵدا دەگەڕێتەوە و سەر لە هەموو کون و کەلەبەرێك دەدات. لۆنا بەرزی و نزمییەکان دەناسێتەوە و بۆیە هیچ کاتێك ناکەوێت و بەرنابێتەوە. روخسارەکان دەناسێتەوە و لە دەنگ و هەستەکان تێدەگات، لۆنا نە تەنیا کەسەکان بەڵکو کەلوپەل و ئامێرەکانیش دەناسێتەوە.

# پرۆگرامێکی زۆر کارا بۆ سینەما و ئەنیمەیشن

کاتێك جیهانی دیجیتاڵی گەیشتە لوتکە و پرۆگرامەکانی تایبەت بە بەرهەم هێنانی فیلم و ئەنیمەیشن بەرهەم هاتن، جیهانی فیلمی سینەمایی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆوە دی. هەم تێچووی دروستکردنی فیلمەکان کەم بۆوە و هەم فیلمەکان بە شێوەیەکی جوانتر و ڕێکتر بەرهەم هاتن.

یەکێك لەو پرۆگرامە دەستەبژێرانەی بۆ بواری فیلم و سینەما سوودی لێوەردەگیردرێت پرۆگرامی maxon CINEMA 4D واتە سینەما بە شێوەی ٤ ڕەهەندی. پرۆگرامەکە بەهۆی فراوانی و بەربڵاوی تواناکانی دەتوانێت ئاڵۆزترین فیلمەکانیش دیزاین بکات. نەخشەسازانی بواری گرافیك دەتوانن لەو پرۆگرامەوە وەك دەستپێکێکی زۆر باش بۆ چوونە ناو دونیای گرافیکی سێ دەوری سوودی لێوەربگرن.

پرۆگرامەکە بەرهەمی کۆمپانیای مەکسۆنی ئەڵمانییە، لەریزی پرۆگرامە بەهێزەکانی وەك 3D max و Maya دێت. زۆر لە فیلمەکانی هالیوّد سوودیان لەو پرۆگرامە وەرگرتووە. بۆ نموونە فیلمی (پیاوی جاڵجاڵۆکەیی، ئینسپشن، هالك..).



بەشی دیزاینی کاراکتەرەکان تواناگەلێکی زۆری هەیە. بۆ نموونە دەکرێت موو، جلوبەرگی شێوەی ڕۆیشتن و دانیشتنی کاراکتەرەکان بگۆڕی. زۆر بە ئاسانیش ڕێندەر دەکرێ.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی لە تێلگرامەوە بۆم دێن لە گەلەری موبایلدا خەزنیان بکەم؟**

خوێنەری ئازیز، تایبەتمەندییەکی باشی تێلگرام ئەوەیە کە سێرڤێری داکردنی فایل و داتاکانی لەناو خودی خۆیدایە و میمۆری ناو مۆبایل داگیر ناکا، بەڵام ئەگەر بەنیاز بوو ئەو فایلانەی بۆت دێن چ وێنە بێ یا ڤیدیۆ یا.. دەتوانیت بچی بۆ بەشی Settings و لەوێدا Data and storage هەڵبژێرە، دواتر لەو بەشەدا Save to Gallery دیاری بکە. لەوێدا سێ فەرمانت دەداتێ، وەك فایل و داتاکانی دۆستانت لە تێلگرام خەزن بن، یا هی ئەو گروپانەی کە ئەندامی لەو گروپانەدا، یا کەناڵە تایبەتییەکان. دەکرێ هەمووشیان دیاری بکەی و دەکرێ تەنیا یەکێکیان دیاری بکەی.

## کامێرای چاودێری و ئـ

کامێرای چاودێری ئەرکی ئەوەیە کە هەموو دیمەنەکان لەو شوێنەی لێیدانراوە تۆمار بکات و لەکاتی جوڵەی نامۆ و جێگومانەدا بەکارهێنەرەکەی ئاگادار بکاتەوە. ئامێری ئاگادارکردنەوە ئەو ئامێرانەن کە لە بوونی ڕووداوەکانی وەك ئاگرکەوتنەوە و ڕووداوی سروشتیدا بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە، کاتێك بۆنی دووکەڵ دێ، یا بۆنی غاز دێ یا ئاگرکەوتنەوە و هاتنی لافاودا جەرەسی ئاگادارکرنەوە یا پەیامی هۆشیارکردنەوە بۆ بەکارهێنەرکەی دەنێرێت. ئامێری جۆری Novi Security NK ڕێك ئەو ئامێرەیە کە کامێرا و ئامێری ئاگادارکردنەوە لە یەك ئامێردان.



# GPSی تایبەت بۆ هەموو ئامێرێک

ئامێری GPS چ خزمەتێکی گەورە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکا، راستە بۆ بواری شەڕ و سوپایش سوودی لێوەدەگیرێ، بەڵام بۆ پاراستنی ئەمنییەت و دۆزینەوەی رێگاوبانەکان و مەترسی لە ون بوون و ئاگادارکردنەوە بۆ فریاکەوتن لە ریزی ئامێرە خزمەتگوزارییە گرنگەکان دێت.

ئامێری جۆری Spytec GPS GL300 GPS Track-er، ئامێرێکی GPSی زۆر بچووکە، تەنیا تایبەت نییە بە ئۆتۆمبیل بەڵکو بۆ گشت ئامێرێکی جووڵەدار، وەك ئۆتۆمبیلی بچووك و گەورە، مۆتۆرسکلێت، پایسکل و تەنانەت بۆ مرۆڤیش دەبێت. لەگەڵ هەردوو سیستەمی مۆبایل دەگونجێت. دوگمەیەکی تایبەتی لەسەرە کە بە دوگمەی SOSناسراوە و بۆ ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەرەکەیەتی لە نزیك بوونەوە لە سنوور و هەروەها بۆ ئاگادارکردنەوەیە لە خێرایی ئامێرەکە. ئەو داتایانەی وەریاندەگرێ بە خێراییەکی زۆر بۆ مۆبایل دەیگوازێتەوە.

ئامێری ناوبراو نە تەنیا بۆ مرۆڤ بەڵکو دەکرێت بۆ کەلوپەلە گرانبەهاکانیش دابندرێت، بۆ نموونە دەکرێت لەو جانتایە دابنردرێت کە خشڵ و زێڕ یا پارەی تێدایە، ئەگەر دزێکیش دەستی دایە خاوەنەکەی ئاگادار بکاتەوە، شوێنی جانتاکەی پێدەڵێت. ئامێرەکە سوود لە تەکنەلۆژای مانگی دەستکرد لە جۆری G4 وەردەگرێت. لە هەر شەحنکردنەوەیەکدا هەتا هەفتەیەك باترییەکەی دانابەزێت. ئامێرەکە نە تەنیا لەگەڵ مۆبایل بەڵکو لەگەڵ کۆمپیوتەریش پەیوەند دەدرێت.






## ماڵپەڕێک بۆ وەڵامە چەند پرسیارییەکان

یەکێك لەو يارییە بیرلێکردنەوانەی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زیرەکی یا بۆ کات بەسەر بردن بوو، وەڵامە بیست پرسیارییەکان بوو. بۆ نموونە کەسایەتیەکت لە زەین دابوو، بەرامبەرەکەت بە بیست پرسیار کە دەبێ هەر بە بەڵێ و نەخێر وەڵام درابایەوە، کەسایەتییەکەی ناو زەینی تۆی دەدۆزیەوە. ئێستا ئەم یارییە فکرییە ماڵپەڕی https://en.akinator.com بۆ داندراوە، جگە لەوەی دەکرێت بەشێوەی ئەپلکەیشنێکی تایبەت بە مۆبایل بۆ هەردوو سیستەمەکە دایبەزێنی.


کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە، دەستبەجێ دەتوانی دەست بە یارییەکە بکەی و کەسایەتی ناو زەینی خۆت لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا بۆ دەدۆزێتەوە، لە هەر شوێنێکی جیهان بێ و تەنانەت کەسایەتییە ئەفسانەییەکانیش.

## کامێری ئاگادارکردنەوە

کامێراکە ۱۷۰ پلە بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوە، کوالیتی فیلم هەڵگرتنەوەی HDیە. زەنگی ئاگادارکردنەوەی ۹۰ دیسبلە. هەستیارە بە بۆنی دوکەڵ و غاز. لەهەمووی گرنگتر هەتا یەك ساڵ باترییەکەی ناگۆڕدرێت.

هەستەوەری تایبەتی هەیە بۆ جووڵەی گیاندارەکانی ماڵەوە وەك سەگ و پشیلە. فلاشی جۆری LED هەیە بۆ شەوانی تاریك. هەرکاتێکیش تۆڕی ئینتەرنێتی ماڵەوە کێشەی تێکەوت، راستەوخۆ لەگەڵ تۆڕی مۆبایل پەیوەند دەدرێ.







# تەکنیک و تریکەکانی ماکیاژ

ئەوانەی پێستی دەم و چاو یان دەوروبەری لووتیان چەورە و هەمیشە چەور دەردەکەوێت، دەتوانن تەنێکی سادەی کرێمی ئەساس دابنێن، دواتر سێبەری چاو (ئای شادۆ)ی پرایمەر لە دەوروبەری لووت بدرێت، کاتێک سووراو و بۆیە لە لێوەکانت دەدەیت، دەکرێت کاغەزێك و پۆدرە بەکار بهێنیت، چونکە کاردەکات لە زیاتر مانەوەی بۆیەکە، سەرەتا سووراوەکە لێبدە و پاشان کلینکسێك یان پارچە کاغەزێك بخەرە سەر لێوت، پاشان پۆدرە بەسەر کاغەزەکە دابکە، هەوڵ بدە کۆنسیلەر لە شێوەی (سێگۆشە) بۆ چاوەکانت بەکار بهێنیت. بۆ دانانی ڕەنگی برۆنزەر کرێمی قاوەیی یان تاریك بۆ ڕەنگی ئەساس، دەکرێت لە شێوەی ژمارە (٣) ئینگلیزی لێ بدەیت، نەوەك هەموو بەشی دەم و چاوت پڕ بکەیتەوە، واتە دەکرێت لە نێوچەوان و ئێسکەکانی ڕوومەت و هێڵی گەردەن بدەیت. دوا فێڵی ماکیاژ بریتییە لە: دانانی کرێمی ئەساس لە ناوەڕاستی دەم وچاو، واتە ناوەڕاستی نێوچەوان و لووت و گەنەگەرچەکت و هەروەها ناوەڕاستی ڕوومەتەکانت بدە، پاشان بەسەر دەوروبەریدا دابەش بکە.

# لە ڕەمەزاندا ئەتەکێت و شێوازی ڕەفتارت بەرزتر بکە

لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا،ماڵێکی جوان و خنجیلانە و کابانیی خۆت نیشان داوە، وێڕای ئەوەش پێویستە شێوازی ڕەفتار و ئەتکێکتت بەرز و لە لووتکەدا بێت، چونکە ئەو مانگە بە هەموو لایەنەکانەوە جوانە و پێویستە مرۆڤیش سەراپای خۆی و ڕەفتار و کارەکانی پاك و بێگەرد بن، هەندێ ئەتەکێت لەو مانگەدا هەن وەك پسپۆران ئاماژەی پێ دەکەن بریتیین لە: لە کاتی دەرچوون سەرپۆش و ڕەفتە لەسەر بکە، بۆ ئەوانەی کە سەرپۆش نین، با هەوڵ بدەن وەك ڕێزێك لە مانگی ڕەمەزان و ئافرەتان، سەرپۆشێکیان لەسەر بێت، هەروەها وەك خانمێك هەوڵ بدە لەو مانگەدا زۆرترین هاوکاریی هەژاران و ئەوانە بکەیت کە دەستی دەرامەتیان کورتە و لە کەشێکی دارایی خراپدا دەژین، بە تایبەت کەسانی نزیکی خۆت، کە دەتوانی بە شێوەی داوەتکردن و ناردنی هاوکاری بۆیان و کڕینی شتومەك بۆیان هاوکارییان بکەیت، هەروەها سەر لە ئێوارە کاتێك خواردن دروست دەکەیت، هەوڵ بدە خواردنی زیاتر لە بەشی خۆتان ئامادە بکە، قاپێك یان کەمێکیان بۆ ئەو جیرانەی تەنیشت خۆت بنێرە، کە ئەوەش مانای هاوکاری و ڕێزگرتن و خۆشەویستی دەبەخشێت، لە کاتی بەربانگدا، وێنەی خواردن و خواردنەوەکانتان بڵاو مەکەرەوە، چونکە ڕەنگە کەسانێك هەبن کە ژیانیان هێندە باش نەبێت، بە بیبینی وێنەکانت لە سۆشیاڵ میدیادا هەستێکی ناخۆشیان پێ بگات، هەروەها دوور بکەوە لە قسە و قسەلۆك و باسکردنی کەسانی دیکە، ئەگەر کاری فەرمیت هەبوو، دەوامی خۆت ئاسایی بکە و ئەگەریش ئافرەتی ماڵی، خەریکی ئامادەکاری و گرنگیدان بە بە کەسوکارت، ئەگەر بە ڕۆژوو نەبوویت، لە شوێنی گشتیدا خواردن و خواردنەوە مەخۆرەوە، بەڵکو بە نهێنی بێت، کاتێك لەو مانگەدا نەخۆش دەکەویت، بە بەرچاوی کەسانی دیکەوە هیچ شتێك مەکە کە گومان بکەن بە ڕۆژوو نیت، هەوڵ بدە دوای بەربانگ پشوویەك بدەیت و پاشان سەردانی کەسانی دەوروبەر بکەیت.



# کابانی و کاری ماڵی خانمان لە ڕەمەزاندا

لە مانگی ڕەمەزاندا، هەوڵ بدە گۆڕانکاری لە کەشی ماڵەکەتکدا بکەیت، چ بە دیکۆر یان جۆری خواردن و ڕازاندنەوە گرنگی زیاتر بە هەموو شتێك بدە، ڕاستە ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، بەڵام وا بکە کە خانمی و کارامەییت دەربخەیت، هەستێکی خۆشیش بۆ هەمووان دابین بکەیت کە ئەو مانگە پیرۆزە و جیاوازە لەگەڵ مانگەکانی دیکەدا، هەوڵ بدا ڕۆژانە بە تاعەت و نوێژەکانەوە خەریك بیت لەو کاتەی کاری ماڵت نابێت، ئەگەر لە ڕۆژدا ماندووبونت پێوە دیار بوو، نەتتوانی کار بکەیت، هەوڵ بدە کارەکانی ماڵ بخەرە دوای بەربانگ، کە ئەویش پاککردنەوە و دانانی کەرەستە و بۆن خۆشکردنە، زۆربەی خەڵك حەز و خولیای بە خواردنە، کاتێك دەگەنە سەر سفرەی ناندێن، هەر بە خێرایی و لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین خواردن نۆش دەکەن، پسپۆڕانی خواردن و خواردنەوە دەڵێن: پێویستە چێژ لە سفرە و خوانت لە کاتی خواردنەکاندا وەربگرێت، چونکە لە کاتی نانخواردن ئەگەر هەست و دەروونت ئارام و خۆش نەبێت، تام و چێژ لە خواردنەکەت ناکەیت، لە مانگی ڕەمەزانیشدا، لە کاتی بانگی ئێوارەوە، هەوڵ بدە ئارامیت پێوە دیار بێت و خۆت تووڕە نەکەیت، هەروەها ئامۆژگاریی منداڵەکانت بکە کە فێری هونەری سەر سفرە و شێوازی خواردن بن، تا ئەوانیش بە ئەتەکێتێکی ناوازە و هونەرێکی ناندێنی تەندرووست خواردنەکانیان نۆش بکەن، پسپۆڕێکی خواردن بە ناوی (قەتیبە موحیەسن) دەڵێ: پێویستە لە کاتی نانخواردن هەر پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤ کار بکات، واتە کاتێك بۆنی خواردنەکە دەکەیت و تام و چێژیش لە دەم و بە چاویش سەیر بکەی و دەستیشت پێی بکەویت، دوا هەمین هەستەوەری مرۆڤ کە گوێچەکەیە، با خواردنەکان لە نێو کەرەستەی شووشەوە بن، کە هەم بۆ تەندرووستی بەسوودە و هەمیش دەنگی قاپ و قاچاغەکان لە گوێچکەی کەسەکان بزرینگێتەوە، تا تام و چێژ لە خواردنەکان ببینن.



# کراسی بووکێنیی نێو دەریا



شانۆگەریی (DYBBUK) باس لە ئافرەتێك دەكات هەست بە ڕۆحی خۆشەویستە مردووەكەی دەكات، كە لە شانۆگەرییەكەدا كراسێكی بووكێنیی لەبەرە، كچە هونەرمەند و شانۆكاری ئیسرائیلی (ساگاڵت لانداو - Sigalit Landau) لەدایكبووی (١٩٦٩)یە، بیرۆكەكەی ئەو بوو كە ئەگەر ئەو كراسە بخاتە ناو دەریای مردوو، چی بەسەر دێت، دوای ئەوەی بیرۆكەكەی جێبەجێ كرد و كراسە بووكێنییەكەی نێو شانۆگەرییەكەی بۆ ماوەی سێ مانگ خستە نێو دەریای مردوو و چاودێریشی بۆ دانا، لە ئەنجامدا كراسەكە وەك كریستاڵ دەركەوت، كە ڕەنگی كراسەكە لە ڕەشەوە بۆ سپی گۆڕا، تەواوی ڕەنگە ڕەشەكەی كراسەكە نەما، ئێستا ئەو كراسە لە پیشانگای (مارلبۆرۆ) لە شاری لەندەن دانراوە، هەروەها لە سەریشی نووسراوە (ڕۆحی مردووەكان ناخی كەسەكان سپی و پاك دەكەنەوە).

# ماڵی ڕۆشنبیری لـ



خانمان لە كوردستان، لە گشت بوارەكانی ژیاندا توانیویانە خۆیان پێش بخەن و شانبەشانی پیاوان لە نێو كار و ئەرك و پێگە گەورە و بەرزەكاندا خۆیان بدۆزنەوە و، بتوانن كاری ڕۆژانە یان ئەركەكانیان بە جوانترین شێوە بەڕێ بكەن، هەروەها ئێستا ئافرەتان خاوەن شوێن و شۆپ و پڕۆژەی خۆیانن، ئەگەر سەردانی قەڵای هەولێر بكەیت ماڵێكی خنجیلانەی لە شێوەی كەلتووری و شێوازی كۆنی كوردەواریی دیوەخان و دانیشتنەكان بەدی دەكەیت، ئەو ماڵە بە ناوی ماڵی ڕۆشنبیریی زانكۆی جیهانە، لەلایەن كۆمەڵە خاتوونێك بەڕێوە دەچێت، مەروا لەتیف عوسمان بەڕێوەبەری ماڵەكە و پێنج كچە هاوەڵەكەی ئەو ماڵە بەڕێوە دەبەن، شوێنەكە گرنگی دەدات بە كەلەپوور و كەلتووری كوردی، گرنگی بە پێشوازی لە میوانان

# کیوئاڕ و بارکۆدی سەر گۆڕەکان


بارکۆد یان QR ئەپێکی تازەی پێشکەوتووی بواری تەکنەلۆژیایە، کە ئێستا لەسەر زۆربەی کەرەستە و کەلوپەل و تەنانەت چێشتخانە و خواردنیش هەیە، ئەو کیوئاڕ، یان باڕکۆدە، گوزارشت لە زانیاریی سەر شتومەکەکە دەکات، کە دەکرێ لە ڕێگەی مۆبایل یان ئامێری پشکنینی کۆدەکانەوە بخوێندرێتەوە، بەڵام لە چین سوودیان لە کیوئاڕەکان لەسەر گۆڕەکانیش وەرگرتووە، کە مردووەکانیشی لە بیر نەکردووە، گۆڕی چینییەکان هەریەکە و کۆدو بارکۆدی خۆی لە سەر کێلی گۆڕەکانیانە QR، کاتێك بە مۆبایلەکەت دەیخەیتە سەر بارکۆدی ئەو گۆڕە، وێنەو ژیاننامەو هەموو مەعلوماتێکی ئەو مردووە سەردەمی زیندوێتیی دەیهێنێتە سەر شاشەی مۆبایلەکەت بە ئەرشیفێکی تەواوە.




# ـــــــــە قەڵای هەولێر

دەدات چ گەشتیار یان خەڵکی خۆیی بن، گرنگی بە کاری دەستی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و بوارەکانی فێرکاری و موزۆئەنتیك و شانۆ و شێوەکانی سینەما دەدات، ماڵەکە لە ١١ ژوور و ستافێکە لە پێنج نەفەریی ئافرەت پێکهاتووە هەر یەکێك کارێك دەکات، سیرامیك و پەینتینگ و نانکردن و هەروەها چایخانەشیان هەیە، کە خانمان بەڕێوەی دەبەن، خەڵك کاتێك دێن شتێکی نوێ دەبینن، ڕاستە لە سەردەمی نوێدا دەژین، بەڵام حەز بە سەردەمی کۆن و کەلتووری خۆمان دەکەن، خەڵکیش کەرەستە و شتە ئاسەوارییەکان دەهێنن، زیاتریش کەسانی بەتەمەن سەردانی شوێنەکە دەکەن، ماڵی ڕۆشنبیری لە قەڵای هەولێر لە کاتژمێر ٩ تا ٥ی ئێوارە کراوەیە، هەروەها خەڵك و گەشتیارانیش دێن بە وێنە و سێلفی لە شوێنەکەدا یادگاری تۆمار دەکەن.





## کاریکاتێر


ئەم کاریکاتێرە باس لە برینەوەی داروبارەکان دەکات، کەسێك دەیەوێت دارێك بچێنێت و لەولاوە بارهەڵگرێك دەیان داری بڕیوەتەوە و دەیگوازێتەوە.



# جووڵەی جۆراوجۆر بە چاوەکانی دەکات



ئەو گەنجە لە شاری ڕانهێلی سەر بە پاریزگای لیڤەرپوولی بەریتانی دەژی، ڕۆژانە بۆ نمایش و سەرنجڕاکێشانی خەڵك، نیوەی زیاتری چاوەکانی دەهێنێتە دەرەوە، ئەو پیاوە ناوی (جۆن دۆلی)یە، تەمەنی (٣٠) ساڵە، سەیرترین چاوی هەیە کە دەتوانێت بۆ (١٤) ملیمەتر گۆی چاوانی بهێنێتە دەرەوە، جۆن دەیەوێت ناوی لە کتێبی گینیس تۆمار بکرێت و خەلاتێك وەربگرێت، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە، لە ساڵی (٢٠٠٧) هەمان حاڵەت بۆ ئافرەتێك بەناوی (کیم گۆدمان) هەبوو، کە ئەویش دەیتوانی چاوەکانی تا (١٢) ملیمەتر بهێنێتە دەرەوە.





## یاسا

# ماددەی ٣٠٧ بەرتیل (الرشوة)

بریتییە لە پێدانی بڕێك پارە یان دیارییەك بەو کەسەی کە لە فەرمانگەیەکی حکومیدا کارێك بە نا یاسایی ڕایی دەکات یان جێبەجێی دەکات، هەرفەرمانبەرێك یان ڕاسپێردراوێك بە خزمەتی گشتی بۆخۆی یان بۆ هەر یەکێکیتر ڕەزامەندی نیشاندەدات بۆ وەرگرتنی دیارییەك یان سوودێك یان دیاریکردنی شتێك یان بەڵێنێك بۆ هەر شتێك لەو بابەتانە، بەرامبەر کارێك لە کارەکانی پیشەکەی یان نەکردنی یان لادانی لە ئەرکەکانی سەرشانی، بەپێی مادەی ٣٠٧ لە یاسای سزادانی عێراقی کەسی بەرتیل وەرگر سزادەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە نابێت لەدە ساڵ زیاتربێت یان بە زیندانی و پێبژاردن بەو مەرجەی نابێت کەمتربێت لەوەی داوای کردووە یان پێی دراوە یان بەڵێنی پێ دراوە بە هەر حاڵەتێك لەو حاڵەتانە، نابێت زیاتر بێت لەپێنج سەد دینار، سزاکەی بەندکردن دەبێت بۆ ماوەیەك نابێت لە حەوت ساڵ زیاتربێت یان بەحەپس کردن ئەگەر هاتوو ئەوە ڕوو بدات داواکاری یان ڕەزامەندبوونەکە یان وەرگرتن لە دوای بەجێگەیاندنی کارەکە بێت، یان گرتن بێت یان لە دوای وازهێنانی لە ئەرکەکانی فەرمانبەرێتییەکەی بەمەبەستی پاداشتکردن لەسەر ئەوەی کە ڕوی داوە، تایبەت بە بەرتیلخۆر ماددەی(٣٠٧)،بڕگەی(١) دەڵێت: هەر فەرمانبەرێك یان ڕاسپێردراوێك بە ڕاژەی گشتیی داوای (بەخشیشێك)یان(سوودێك) یان(ئێمتیازێك)یان (بەڵێندانێك بۆ شتێکی لەو جۆرە)بکات،یانیش قبوڵی بکات بۆ خۆی یان غەیری خۆی، بۆ ئەوەی کارێك لە کارەکانی وەزیفەکەی ئەنجام بدات، یان ڕێگریی لێ بکات، یان کەموکورتی بکات لە ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفییەکاندا، ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کە لە دە ساڵ زیاتر نەبێت یان بە حەبس و غەرامە بە مەرجێك کەمتر نەبێت لەوەی کە داوای کردووە، یان پێی دراوە یان بەڵێنی پێ دراوە، لەهەر حاڵەتێك لە حاڵەتەکاندا زیاتر نەبێت لە پێنج سەد دیناری (سویسری)، تایبەت بە بەرتیل دەر و نێوەندگیر، بەپێی ماددەی(٣١٠) کەسی بەرتیل دەر ئەو کەسەی کە بەخشش یان ئیمتیازەکە دەخاتە ڕوو بۆ فەرمانبەرەکە، وە نێوەندگیر ئەو کەسەی کە نێوەندگیری دەکات لە نێوان بەرتیل وەرگر و بەرتیە دەر بۆ ئەنجامدانی تاوانی ڕشوە، هەردوو کەسی بەرتیل دەر و نێوەندگیر هەمان سزای بەرتیل وەرگر دەدرێن، خستنەڕووی ڕشوە بەپێی ماددەی(٣١٣) هەرکەسێك پێشنیازی بەرتیل بکات بۆ فەرمانبەرێك و لێی قبوڵ نەکرێت، ئەوا سزا دەدرێت بە حەبس یان غەرامە.



## نوکتە

کەسێك زۆر ڕەزیل بوو، جارێکیان خانووەکەی نیوەی ڕەنگ کرد و لەسەر نیوەکەی دیکەی نووسی(ئەم بەشەش هەمان ڕەنگی نیوەکەی دیکەیە).

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

پاش ماوەیەکی زۆر ماندووبوون دواجار چارەسەری کێشەکان دەکەیت و هەنگاوی گەورە دەنێیت لە کارەکەت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانت، چانسی باش دێتە بەردەمتان و وا دەکات پەیوەندیشتان چالاکتر بێت، هەنگاوی گەورە مەنێ و بەوردی کارەکانت ئەنجام بدە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

سەرقاڵ دەبیت بە گەڕان بە دوای کاری نوێدا، بۆ ئەوەی داهاتویەکی باش تەرخان بکەیت، بایەخدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سۆزداری وا دەکات پەیوەندییەکانت زیاتر جێگیر بێت، ڕەنگە ئەمڕۆ شتەکان بە باشی نەیەن بە دەستتەوە، بەڵام نیگەران مەبە داهاتوویەکی زۆر باش چاوەڕێت دەکات.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

دووركەوتنەوە لە بیرکردنەوەی نەرێنی وا دەکات زیاتر سەرنج بدەیت لە کارەکانت، ڕەنگە کەسێکی نوێ بناسیت و هەست بە ئاسوودەیی بکەیت، وا بیردەکەیتەوە کەسێکی باش نیت، بەڵام شتەکان زۆر جیاوازترن لەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

پەیوەندییەکانت لەگەڵ هاوپیشە و هاوکارەکانت چالاك بکە، چونکە کاریگەریی لەسەر کارەکانت هەیە، هەندیك کات دووركەتنەوە لە خۆشەویستەکەت وا دەکات پەیوەندیتان باشتر بێت، ئەمڕۆ چانسێك بدە بەو کەسانەی لێیان بێهیوا بویت، ڕەنگە شتەکان بەو شێوەیە نەبن کە تۆ بیرت لێ کردووەتەوە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەندێك کات گۆڕانکاریی نەرێنی ڕوو دەدات لە کارەکەتدا، بەڵام دەبێت بزانیت چۆن ڕەفتار دەکەیت، لایەنی سۆزداریت جێگیرە سەرەڕای بونی چەند ناکۆکییەکیش، ئەو پلانەی ماوەیەکی زۆرە کاری لەسەر دەکەیت ئەمڕۆ ڕەنگە بە باشی جێبەجێ ببێت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی پلان دابنێیت و هەنگاوەکانت جێبەجێ بکەیت، باشترە تێگەیشتن هەبێت لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانت، بۆ ئەوەی پەیوەندیتان باشتر بێت، لە ماوەی ئەم مانگەدا ئەمڕۆ پڕبەختترین ڕۆژتە، بۆیە بە وردی و بە جدی هەوڵی خۆت بدە بۆ سەرکەوتن.



بۆ زانیاریت

# بەهێزترین ژنە فەرمانڕەواکان

بۆدیکا، ئەو ژنەی عەرشی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی هەژاند و وەك بکوژترین ژن لە مێژوودا دەناسرێت، هاوکات بە یەکێك لە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین و بەهێزترین ژنانی مێژوو هەژمار دەکرێت، وەك سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن، لە سەرەتاکانی ساڵانی زاینی لە باشووری بەریتانیای ئەمڕۆ لەدایکبووە، هاوسەری شا (پارسوتاگوس) بووە، کەشای دەوڵەتێکی بچوك بووە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەریتانیای ئێستا، بەناوی دەوڵەتی (ئیسێنی ئەنگلیا)، سەردەمی فەمانڕەواییان هاوکات بووە لەگەڵ داگیرکاریی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی لەسەرخاکی بەریتانیا، بە دیاریکراوی ساڵانی ( ٥٨ - ٦١ )ی زاینی، پاراسوتاگوس زۆر هەوڵی دا بە ئاشتی لەگەڵ ڕۆمەکان ڕەفتار بکات و کێشە بۆ دەسەڵات و شانشینەکەی دروست نەکات، بەڵام حاکمی ڕۆمەکان لە باشووری بەریتانیا کە ناوی (سویتونیۆس پاولینۆس) بوو، بە کەسێکی شەڕانگێز و تەڵەکەباز و چاوچنۆك ناوی دەرکردوە لە مێژوودا، دڕندانە پەلاماری هۆزەکانی دەدا، ئەکات تاڵانییەکی زۆریان لە باشووری بەریتانیا نایەوە، تەنانەت کچەکانی (بۆدیکا)ش دڕاندانە لەلایەن سەربازانی ڕۆماوە دەستدرێژییان کرایەسەر و کوژران و، مێردەکەی بۆدیکا ش لەم هێرشەدا لەلایەن سەربازانی ڕۆماوە سەربڕدرا، ئەمە سەرەتایەك بوو بۆدەرکەوتنی بۆدیکا و سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی هۆزەکانی بەریتانیا و کوشتنی هەزاران سەربازی ڕۆما بەشێوازێکی زۆر دڕندانە و بێبەزەییانە لە تۆڵەی تاڵانی و بڕۆییەکانیان، هۆزە بەریتانییەکان بە سەرکردایەتی بۆدیکا تەواوی شارەکانی باشووری بەریتانیایان کۆنترۆڵ کرد، لەوانە ( کۆڵچێستەر، لۆندینیۆم - لەندەن، ڤێرۆلاینۆم) بۆدیکا زۆر بێبەزەییانە دوایین سەربازی ڕۆمەکانی دەکوشت، زۆرێکیانی بە زیندووی دەسوتاند، تەنانەت ئێسکوپروسکی سەربازە ڕۆمانییە کوژراوەکانشی دەسوتاند، هاوکات حاکمی ڕۆما بە ناچاری هەڵات بۆ وڵاتی گال (فەرەنسا)ی ئێستا و تەنیا کەمێك لە سووپا بەزیوەکەی ڕزگایان بوو.




## فیلم


### دێوێکمان هەیە
### We Have a Ghost

فیلمێکی کۆمێدی و خێزانییە، باس لە خێزانێك دەکات کە سەرۆکی خێزانەکە ناوی کێڤنە، دوای ئەوەی دێوێك لە ماڵەکەیاندا دەدۆزێتەوە بەناوی (ئێرنێست) ئەوانە بەیەکەوە دەبنە هاوڕێ و لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە بەناوبانگ دەبن، دواتر دەبنە کارمەندی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (cia) و چەندین کەیس چارەسەر دەکەن، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و حەوت خولەکە، لە دەرهێنانی کریستۆڤەر (لەندەن)ـە و لە مانگی دووی ئەمساڵ بەرهەمهێنانی تەواوبووە و نمایش دەکرێت، بودجەی فیلمەکە ٧٥ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (جاهی دالۆ وینستۆن، دەڤید هابەر و ئەنتۆنی ماکی و ئیسابێلا ڕۆسۆ و جینیڤەر کۆلیدجی و تیگ نۆتارۆی)ـە.



## پەند و وتە

کاترین مانسفیڵد مۆری، نووسەری نیوزیلەندی لە ساڵی ١٨٨٨ لە شاری ویلینتگتۆن لە نیوزیلەندا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٢٣ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕابردوو و پەشیمانی دەڵێت: «ئەوە بکە بە بنچینەیەك لە ژیانتدا کە هەرگیز سەیری ڕابردوو نەکەیت و پەشیمانیش مەبە لەوەی ڕۆیشتووە، پەشیمانی هۆکارێکە کات و هێزت دەبات، ئەگەر دوای ڕابردووش بکەویت، هەرگیز ناگەیتە هیچ هەنگاوێکی داهاتوو».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سەگێکی کێوی هەیە، هەروەها پشیلەیەکی گەورەش لە وێنەکەدا بە نهێنی دیارە، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەکدا نهێنیی وێنەکە بدۆزیتەوە، بۆ ئاسانکاری سەیری سەر دارەکان بکە.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەردەوام هەوڵدەدەیت لەپێناو جێبەجێکردنی کارەکانت لە کاتی خۆیدا، ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی تووشی دڵەڕاوکێ نەبیت، ڕەنگە بەهۆی کێشەیەکی سادەوە لەگەڵ هاوڕێکانت تووشی ناکۆکی ببیت، باشترە لۆژیکییانە بیر بکەیتەوە، توانا ئەرێنییەکانت لە چالاکیی جۆراوجۆردا بەکار بهێنە.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ لە کارەکەتدا ئەزموونێکی نوێ تاقی دەکەیتەوە، ئەگەر بزانیت لە بەرژەوەندیی خۆت بەکاری بهێنیت، ئەمە وا دەکات زیاتر بەرەوپێش بچیت، ڕەنگە هاوڕێیەکت زۆر لۆمەت بکات، بەڵام بێگومان لە قازانجی تۆ قسەدەکات و خۆشی دەوێیت، چونکە دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە هەڵەکان ڕاست بکاتەوە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەوڵ بدە بەپێی توانا بەسەر خۆتدا زاڵبە، چونکە تووڕەیی زۆر کێشەت لە کارەکەت بۆ دروست دەکات، بایەخی زیاتر بە لایەنی کۆمەڵایەتی بدە، ئەمڕۆ کارەکانت بە پلان ڕێك بخە بۆ ئەوەی لە کۆتایی هەفتەکەتدا هیچ کاریکت بەسەردا کەڵەکە نەبێت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بەهۆی سەرکەوتنت لە کارەکەت و بەرهەمی باش، پاداشت و ستایش دەکرێیت، ئەمڕۆ کاتێکی خۆش لەگەڵ ئازیزانت بەسەر دەبەیت و ئاسوودە دەبیت، گرنگە پلانی چوونە دورەوە لەگەڵ هاوڕێکانت دابنێیت، کۆتایی هەفتەیە و پێویستت بەوە هەیە پشویەك وەربگریت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

تاقیکردنەوەیەکی هەڕەمەکی وا دەکات لە ڕۆتینی ڕۆژانەی کارەکەت دوور بکەویتەوە و گۆڕانکاری ڕوو بدات، کاتێك هەست بە هەڵەیەك دەکەیت، باشترە خۆت ددان بە هەڵەکەتدا بنێیت و ڕاستی بکەیتەوە، هەمووان دەزانن کە لەسەر ئامانجەکەت سووریت، بۆیە وازدەهێن لەوەی دژایەتیت بکەن.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بەکاربردنی هەموو تواناکانی خۆت، سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، دوورکەوتنەوەت لە خۆشەویستەکەت بەهۆی فەرامۆشکردنی خۆتەوەیە، هەرگیز بە خیرایی بڕیارەکانت مەدە، چونکە پەشیمانیی لە دوا دێت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
March 27, 2023 Issue,No.1358


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626